روود
RÛDAW
ژمارە (500) دووشەممە 2018/4/9 - 20ی نەورۆزی 2718 (750) دینار

## لە دهۆک 30 مامۆستا مووچەبڕ دەکرێن

**رووداو- دهۆک**

بەهۆی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکانی شاری دهۆک، 30 مامۆستا هەر یەکەیان یەک تا سێ رۆژ مووچەبڕ کراون.

جیهان عەبدولڕەحمان، مامۆستا لە قوتابخانەی کەڤۆکی بنەڕەتی لە سەنتەری شاری دهۆک کە یەکێکە لەو مامۆستایانەی یەک رۆژ مووچەبڕ کراوە، بە (رووداو)ی گوت: "بەشداری خۆپیشاندانەکانم نەکردووە، ئەو سێ رۆژە لە قوتابخانەکەمان دەوام نەبوو، منیش 26ی مانگ نەچوومە دەوام، دوای ئەوەی مووچەمان وەرگرت، دەرکەوت بەڕێوەبەرەکەمان من و 12 مامۆستای دیکەی بە یەک رۆژ مووچەبڕین سزاداوە".

بەپێی دوو نووسراو کە دەست (رووداو) کەوتوون، لە نووسراوی یەکەمدا ناوی 13 مامۆستا هاتووە کە بە پاساوی ئەوەی رۆژی 27ی ئادار دەوامیان نەکردووە مووچەبڕ کراون، هەروەها لە نووسراوێکی دیکەدا کە لەلایەن پەروەردەی رۆژهەڵات دەرچووە، نۆ مامۆستای دیکە کە لە 26ی ئادار دەوامیان نەکردووە، مووچەبڕ کراون.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی کەڤۆکی بنەڕەتی کە نووسراوی سزادانی 13 مامۆستای قوتابخانەکەی بۆ سەرووی خۆی بەرز کردووەتەوە، لەبارەی سزادانی ئەو مامۆستایانە گوتی: "ئەو سێ رۆژە لە قوتابخانەی ئێمە دەوام هەبووە، هەر مامۆستایەک نەهاتبێ، ئێمە غائیبمان داوە، ناوەکەشمان بۆ پەروەردە بەرزکردووەتەوە بۆ ئەوەی سزا بدرێن".

4«



**بێرنار- هنری لیڤی:**
### دەکرا لە عەفرین بە تورکیا بڵێین ستۆپ
14

### تەرمی 14 پێشمەرگەی نەناسراو لە دادپزیشکیی هەولێرن
4

**پەیمانگەی وزەی عێراق:**
### عێراق دەتوانێ لە جیاتی ئێران غاز لە سلێمانی بکڕێ
8

## دەترسێن فەوزایەکی دیکە بنێتەوە

# بانگەشەی هەڵبژاردن رێگرە لە پەسەندکردنی یاسای چاکسازی

3




**کۆمەڵایەتی** 13

### ژن و پیاوێک لەشفرۆشی بە کچێکی نەخۆش دەکەن



**راپۆرت** 5

### (رووداو) دەچێتە شەقامی تریاککێشانی تاران

**ئابووری** 7

### لە کوردستان یەک ملیۆن لایک بە 10 هەزار دۆلارە



**راپۆرتەهەواڵ** 2

### لە سلێمانی پیکاب دەدزن





## ساڵڤەگەڕی ڕووداو

ڕۆژی 2008/4/7 ژمارە (1)ی هەفتەنامەی (ڕووداو) بڵاوبووەوە. هەفتەنامە و ماڵپەڕی ڕووداو بوونە بناخەی گەورەترین و کاریگەرترین دەزگای میدیایی هاوچەرخی کوردستان. بەبۆنەی ساڵڤەگەڕی دەرچوونی (ڕووداو)ەوە پیرۆزبایی لە هەموو هاوکارانی دەکەین و، هەموو ئەوانەی لەوکاتدا بەشداربوون لە دەرکردن و پێشخستنیدا، کار و ماندووبوونی ئەوان جێگەی ڕێزە. هەر لەو بۆنەیدا یادی کار و خەمخۆریی مامۆستای بەهەشتی عەبدوڵڵا قرگەیی دەکەینەوە کە یەکێک بوو لە ئەندامانی ستافی دامەزرێنەر و کارێکی زۆری کرد بۆ هەفتەنامەی ڕووداو.

# گەشتیارانی مووسڵ ڕوودەکەنەوە دهۆک



لە هەفتەیەکدا 8000 گەشتیار لە مووسڵەوە هاتوونەتە دهۆک

(فۆتۆ: ڕووداو)

> **ئەو 53 هوتێل و موتێلەی بەهۆی شەڕی داعشەوە داخرابوون، کرانەوە**
>
> سەرۆکی کۆمەڵەی هوتێل و موتێلەکانی دهۆک

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

دوای نەمانی خەلافەتەکەی داعش لە مووسڵ و کردنەوەی ڕێگای دهۆک – مووسڵ، جارێکی دیکە گەشتیارانی پارێزگای نەینەوا ڕوویان کردەوە هاوینەهەوار و ناوچە شوێنەواری و گەشتیارییەکانی پارێزگای دهۆک. تەنیا لە هەفتەی ڕابردوودا هەشت هەزار گەشتیار لە مووسڵەوە ڕوویان لە دهۆک کردووە.

پێش کەوتنی مووسڵ، بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرمادا ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی مووسڵ ڕوویان لە ناوچەکانی پارێزگای دهۆک دەکرد، بەڵام کاتێک داعش لە 2014 دەستی بەسەر شاری مووسڵدا گرت، ئیدی دهۆک گەشتیاری مووسڵی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵام وا خەریکە هێدی هێدی گەشتیارانی مووسڵ ڕوو لە دهۆک دەکەنەوە.

زیاد محەممەد کە کۆمپانیایەکی گەشتیاریی هەیە و گەشتیار لە مووسڵەوە دەهێنێ بۆ دهۆک، بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی مانگێکە گەشتیار لە مووسڵەوە دێنم بۆ هەرێمی کوردستان. ڕۆژانە گەشتیارانی مووسڵ تەلەفۆنم بۆ دەکەن و داوام لێدەکەن نۆرەی گەشتیان بۆ بنووسم".

زیاد باسی هەفتەی ڕابردوو دەکات و دەڵێت: "تەنیا هەفتەی ڕابردوو پێنج هەزار گەشتیارمان لە مووسڵەوە هێناوەتە دهۆک، کۆمپانیاکانی دیکەش سێ هەزار گەشتیاریان هێناوە". گوتیشی "دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەی قوتابیان، ژمارەی گەشتیاران زیاتریش دەبێ".

محەممەد سالم گەشتیارێکی خەڵکی مووسڵە دەڵێت: "چوار ساڵ لە تەمەنمان لە سایەی داعش بەفیڕۆ ڕۆیشت، ئێستا وا هەست دەکەین تازە هاتووینەتە سەر دونیا".

شێخ ئیحسان بریفکانی سەرۆکی کۆمەڵەی هوتێل و موتێلەکانی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "کردنەوەی ڕێگای دهۆک- مووسڵ پاش نەمانی شەڕی داعش، ئومێدێکی گەورەی داوەتەوە بە خاوەن هوتێل و گوندە گەشتیارییەکان. بەهۆی شەڕی داعش و نەهاتنی گەشتیارانی مووسڵ دەرگای 53 هوتێل و موتێلی دهۆک داخرابوون، بەڵام تەنیا لەم دوو مانگەدا بەهۆی دووبارە هاتنەوەی گەشتیارانی مووسڵ سەرجەمیان کرانەوە".

24 کۆمپانیای گەشتیاری لە شاری دهۆک کاردەکەن. بە گوتەی بریفکانی جگە لەو 24 کۆمپانیایە، ئەمساڵ 105 کۆمپانیای عێراقی ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ ئەوەی گەشتیار بهێننە شاری دهۆک، بۆیە پێشبینی دەکات ئەمساڵ نیو ملیۆن گەشتیار سەردانی دهۆک بکەن.

# ویستی خۆی بکوژێ، دراوسێکەی بەرکەوت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

حوسێن خەلیل هەوڵی ڕزگارکردنی دراوسێکەی دا کە دەیویست خۆی بکوژێ، ئەو توانی دراوسێکەی لە مردن ڕزگار بکات، بەڵام خۆی بووە قوربانی و بە گوللەیەک گیانی سپارد.

شەوی 2018/4/7 گەنجێکی دانیشتووی قەزای خانەقین بەناوی (خالید ج.س) ویستی خۆی بکوژێ، بەڵام دراوسێیەکیان بەناوی حوسێن جەلیل فریای کەوت و لە مەرگ ڕزگاری کرد، کەچی هەر لەوێدا حوسێن خۆی بووە قوربانی.

حوسێن جەلیل، تەمەن 24 ساڵ، ماوەی هەشت ساڵ پێشمەرگە بوو، وەک باسی دەکەن نزیکەی کاژێر 10ی شەو لە حەوشەی ماڵەکەیاندا خەریکی چاککردنی ماتۆڕەکەی بووە، لەناکاو گوێی لە هاوار و دەنگەدەنگی ماڵی خالیدی دراوسێیان بووە کە بەگوتەی دراوسێکانیان لەگەڵ هاوژینەکەی شەڕیان بووە و بەیەکەوە نەدەگونجان. لەو کاتەدا خالید بە تاپڕێکەوە هاتووەتە کۆڵان و هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام حوسێن بە پەلە فریای کەوتووە بۆ ئەوەی تاپڕەکەی لێ بستێنێ و ڕێگری لە هەوڵەکەی بکات، لەو کاتەدا گوللەیەک لە تاپڕەکە دەرچووە و بەر سکی حوسێن کەوتووە، هەر لەوێدا گیانی دەرچووبوو.

محەممەد جەلیل کە برای حوسێنە، بە (ڕووداو)ی گوت: "من هەموو هاوڕێکانی حوسێن دەناسم، ئەو تەنیا دراوسێمان بوو، هاوڕێی نەبوو، پێش ئەوەی خالید براکەم بکوژێت، شەڕی لەگەڵ خێزانەکەی کردبوو، دوای ئەو گوللەیەی بە براکەمییەوە ناوە، بەدرۆ هەوڵی داوە خۆی بکوژێ، تەنیا کەمێک لای شانی تیغی کردبوو". محەممەد جەلیل دەشڵێت "ئێمە سکاڵامان تۆمار کردووە و لێی خۆش نابین".

خالید تەمەنی 38 ساڵانە و خێزاندارە، بەگوتەی یەکێک لە دراوسێکانیان، ئەم پیاوە کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبووە "خالید کێشەی لەگەڵ ژنەکەی خۆی هەبوو، بۆیە وامان هەست دەکرد شەڕەکانی بەهۆی کێشەیەکی تایبەتی خۆی بێت کە ببووە هۆکاری نەگونجانی لەگەڵ هاوژینەکەی خۆشی".

ئەو دراوسێیەیان باسی حوسێن جەلیلیش دەکات و دەڵێت "گەنجێکی زۆر بێ کێشە بوو، هیچ کەسێک گلەیی لێی نەبوو، پێشمەرگە بوو، کەسوکارەکەی چاوەڕێیان دەکرد هاوسەرگیری بکات، نەک بەدەستی خالید بکوژرێت".

عەقید دیار شەوکەوت، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر 10ـی شەو لە گەڕەکی بەختیاریی قەزای خانەقین گەنجێک بەناوی (خ. ج. س) هەوڵ دەدات بە تاپڕ خۆی بکوژێت، بەڵام هاوڕێیەکی بەناوی (حوسێن جەلیل ئەکبەر) هەوڵ دەدات ڕێگری لێبکات، بۆیە لێی نزیک دەبێتەوە و باوەشی پێدا دەکات، بەڵام لەوکاتەدا گوللەیەک دەردەچێت و بەر حوسێن دەکەوێ".



حوسێن خەلیل

# 25 پیکابی دەبڵ ئەکسل لە سلێمانی دەدزرێن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

عادل عوسمان، لە گەڕەکی کانی سپیکەی شاری سلێمانی، سێ ڕۆژ پێش جەژنی نەورۆز بۆ کڕینی هەندێ پێداویستی ڕوو لە بازاڕێکی نزیک ماڵی خۆیان دەکات، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە تووشی شۆک دەبێ کە دەبینێ ئۆتۆمبێلەکەی لەبەر دەرگا نەماوە. ئەوەی عادلی ترساندووە، ئەو دەنگوباسانە بووە کە پێشتر لەبارەی دزینی ئۆتۆمبێلی پیکابی دەبڵ ئەکسل بیستبووی: "خێرا پۆلیسم ئاگادار کردەوە، ئەوان گوتیان ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەت تویۆتا پیکابی دەبڵ ئەکسل بێت دزراوە".

پۆلیس بەو هاووڵاتییەی گوتبوو کە جگە لە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو، لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا 25 پیکابی دەبڵ ئەکسل دزراون. عادل هەوڵی زۆری دا بۆ دۆزینەوەی ئۆتۆمبیلەکەی، بەڵام لە کۆتاییدا نائومێد بوو "هیچ سەرەداوێکم دەستنەکەوت".

عادل عوسمان، تەنیا کەس نییە لەم ماوەیەدا ئۆتۆمبێلی دزرابێ. ئاسۆ تەها، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی پشتڕاستی کردەوە کە چەندین حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبێلی جۆری تویۆتا پیکابی دەبڵ ئەکسل هەبووە و چەند کەسێکیشیان بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمبێل دەستگیر کردووە، بەڵام هیچ ئامارێک ئاشکرا ناکات.

بە گوتەی بەڕێوەبەری پۆلیس، بەشێک لەو ئۆتۆمبێلانە هەڵدەوەشێندرێنەوە و پارچەکانیان دەفرۆشرێنەوە. بەشێکیان لە شارەکانی عێراق ساخ دەکرێنەوە. هەندێکیشیان لە ناوچە سنوورییەکان دەفرۆشرێن.

زۆربەی ئەو پیکابانەی دەدزرێن، مۆدیلەکانیان لە نێوان 2006 بۆ 2015 دایە، نرخەکانیشیان بەگوێرەی مۆدیل و تایبەتمەنییان لە نێوان 14 هەزار بۆ 26 هەزار دۆلار دەبێت.

زۆربەی ئەوانەی خاوەنی تۆیۆتای دەبڵ ئەکسلن، زۆر ڕێگا دەگرنە بەر بۆ شاردنەوە یاخود قوفڵکردنی ئۆتۆمبێلەکانیان، بەشێکیان بە ڕۆژ و شەو ئۆتۆمبێلەکانیان لەنێو گەراج دەوەستێنن، بەشێکی دیکەیان لە ڕێگەی دانانی پلاکی بڕینی کارەبای ئۆتۆمبێلەکەوە، ڕێگە لە دزینی ئۆتۆمبێلەکانیان دەگرن.

دلۆڤان حوسێن، خاوەنی فرۆشگای پارچەی کارەبایی ئۆتۆمبێلی ژاپۆنیە لە سلێمانی، باس لەوە دەکات کە ئامێرێکیان لایە لە بازاڕدا پێیدەڵێن جی پی ئێس، لەڕابردوودا بەنرخی 30 بۆ 40 دۆلار دەیانفرۆشت و کڕیاریشی نەبوو "بەڵام ئێستا بەهۆی دزینی ئۆتۆمبێلەوە 300 دۆلاری تێپەڕاندووە". وەک ئەو کاسبکارە باسیدەکات، ئەو ئامێرە لە جێگەیەکی نهێنی ئۆتۆمبێلەکەدا دەشاردرێتەوە و سیمکارتی مۆبایلیشی تێدا دادەنرێ "لەکاتی دزینی ئۆتۆمبێلەکەدا و بەهۆی ئەو سیمکارتەوە شوێنی دزەکان دەدۆزرێتەوە و دەتوانرێ ئەو شوێنە ئاشکرا بکرێ کە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ براوە".

دزینی ئۆتۆمبێل بووەتە سەرئێشە و دڵەڕاوکێی زۆر بۆ بازرگانانی ئۆتۆمبێل. کارزان عەلی کە لە پێشانگای ئۆتۆمبێل کار دەکات، دەڵێت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دزراون، سەرجەمیان لەڕێگەی ئیشپێکردنەوە بووە "ژمارەی شاسیی ئۆتۆمبێلەکە دەگرن، دواتر لە ڕێگەی ئەو ژمارەیەوە سویچی بۆ دروست دەکەن و ئۆتۆمبێلەکەی پێ دەدزن".

ئێستا خەڵک دەسڵەمێنەوە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە تەنانەت یەکێک لە سویچەکانیشی ون بووبێ. بەپێی قسەکانی کارزان، ئۆتۆمبێلی جۆری تۆیۆتا پیکابی دەبڵ ئەکسل، سێ سویچی هەیە، لەکاتی کڕین و فرۆشتندا هەر ئۆتۆمبیلێک سویچێکی کەم بێت، کڕیار نایکڕێت لە ترسی ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئۆتۆمبێلەکەی بدزرێ.

**ئاکۆ محەممەد**
ako@rudaw.net

# دلۆڤان



هەندێ لە مرۆڤەکان، هەڵسوکەوتیان هاوواتای مانا جوانەکانی ناوەکانیانە. دلۆڤان دەربڕی ناوەکەی بوو لە دلۆڤانیدا. باوەڕ دروستکردن بۆ کوڕە پێشمەرگەیەکی شەهید کە ئەو بێکەس نییە، پشتیوانیکردن لە ڕۆژنامەڤانێکی ئازا کە پێویستە بە ئازایی بمێنێتەوە، بایەخدان بە منداڵە شەهید و ئەنفالکراوەکان کە ئەوەندەی دەکرێت بێ ناز نەبن، لەبیرنەکردنی دۆستان و ڕێزگرتن لە تێکۆشەرە دێرینەکان، ئەوانە ئەو شایەتیانەن کە لە کەسانی ئاشنا و نزیکییەوە لەبارەی خوالێخۆشبوو دلۆڤان بارزانی وەک شایەتی لەسەر زمانن.

دلۆڤان بەگەنجێتییەکی زوو کەوتووەتە نێو گەورەبوونێکی پڕ بەرپرسیارێتییەوە، هێشتا تازەلاو بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، کۆچکردنێک لەنێو خەباتی شاخ و ئاوارەیی و لەنێو ئاوارەدا وای لێکردووە ئەو بە دۆست و هەڤاڵەکانی بڵێت لە یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان: ئێوە دەبێ خۆڕاگربن و کۆستی گیانسپاردنی کاک ئیدریس بارزانی لەنێو پێشمەرگەدا بە ورەبەرزییەوە تێپەڕێنن و دەبێ ئەوە هانتان بدات بۆ کار و خەباتی زیاتر و بەهێزتر نەک کۆستکەوتنێکی درێژ. لەهەمان ئەو کاتەدا بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی سەرپەرشتی خوشک و برا بچووکەکانیشی یەکێک بووە لەو ئەرکانەی کە دوای شەهیدبوونی باوکی کەوتە ئەستۆی ئەو، ئەوەش یەکێک بووە لە یارمەتیدەرە گەورەکان بۆ کرانەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ کار و خەباتی سیاسی نێچیرڤان بارزانی برای، بەتایبەتیش لە قۆناخی سەختی ئەوکاتی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەدا. دواتریش ئەوە لە چاودێریکردنی زۆر خێزان و منداڵە شەهیددا لەلایەن خۆیەوە ڕەنگیدایەوە.

کاک دلۆڤان لە قسەکانیدا دلۆڤان بوو، لەکاتی خەمەکانیشدا دەنگ و ئامادەبوونی زووتر دەگەیشت. یەکەمین کەس بوو دوای شەهیدبوونی شیفا گەردیی هاوکارمان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم، ئەوکاتەی لە دەوروبەری شاری موسڵ تەرمی شەهید شیفا گەیشتەوە لای ئێمە، دروست لەوکاتدا تەلەفۆنی بۆ کردم، زۆر هەوڵی لەگەڵدام، بەڵام زۆر باشیش لە هەستی من تێدەگەیشت، چونکە ئەو لە ئەزموونێکی گەورەی شایەتی شەهیدبوون و شەهیدپەروەرییەوە قسەی دەکرد، دەیزانی لەدەستدانی خۆشەویستان واتای چی. هەروەها لەکاتی بەشداریکردنی لە پرسەکەشیدا زۆر بەدلۆڤانییەوە دەیزانی باسی ئەو هەستە بکات.

کاک دلۆڤان لەسەرەتای دەستپێکردنی پەخشی تەلەڤزیۆنی ڕووداودا هاوکاریی کردین بە پێشکەشکردنی هەندێ ڤیدیۆی ئەرشیفی سەردەمی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگەکانەی پێش ڕاپەڕینی 1991. لەکاتێکدا ئەوکات هیچ دەزگایەک هیچ ئەرشیفێکی پێنەدابین، جگە لە کاک دلۆڤان و تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان. سەرەڕای ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ڕووداو، بەڵام هیچ ڕۆژێک بەتەلەفۆنێکیش قسەی لەسەر کاروباری ئەدیتۆریالی ڕووداو نەکرد، سەرەڕای ئەوەی بەپێی پێگەکەی هەمیشە ئاگادار و تێکەڵی کاروباری سیاسی بووە.

زۆر بایەخی بە ئەرشیفکردن دەدا، بایەخی بە وردەکارییەکانی ئەرشیفکردنیش دەدا. جارێک بە درێژی بۆی باسکردم کە چۆن دەبێ سەرۆک و سەرکردەکان بایەخ بە گوتارەکانیان بدەن، چونکە ئەوانە شایەتی گەورەن لەسەر ڕۆژگارێک کە دوای ماوەیەک بۆ لێکۆڵینڤانەکان دەبن بە مێژوویێک کە دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و ئەو گوتارانەش دەبنە بەشێک لە کەرەستەی ئەو لێکۆڵینەوانە، لەبەرئەوەش زۆر گرنگە ڕۆژ و شوێنی ئەو گوتارانە لە کۆتایی گوتارەکانیاندا هەبێت.

پرسە و هاوخەمی گەورە و بەرفراوانی کۆچی دوایی دلۆڤان بارزانی، شایەنی خۆی و بنەماڵەکەی و ئەو پارتەش بوو کە خۆی بەبێ پۆستی حیزبی لەدوای لەدایکبوونییەوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد لەنێو کاروبارەکانیدابوو.

رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 500 ) - دووشەممە 2018/4/9

## شالاو کۆسرەت پۆستێکی نوێی وەرگرت



**رووداو - هەولێر**

شالاو کۆسرەت رەسول کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر. بەپێی بڕیارێکی کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی کە رۆژی یەکشەممە 8-4-2018 دەرچووە، شالاو کۆسرەت رەسول کراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی سێی ئەو حیزبە لە شاری هەولێر. بەپێی بڕیارەکەی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی، شالاو کۆسرەت رەسول، ئەندامی سەرکردایەتی "لەسەر داوای مەکتەبی رێکخستن پۆستەکەی پێدراوە". پێشتر رزگار عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لێپرسراوی مەڵبەندی حیزبەکەی بوو لە هەولێر.

### دەترسێن فەوزایەکی دیکە بنێتەوە

# بانگەشەی هەڵبژاردن رێگرە لە پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی خانەنشینی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی زیاتر لە 3 مانگە چاوەڕێی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەکات، پەرلەمانتاران ئەگەرچی بەڵێنیان دابوو بە زووترین کات هەمواری بکەنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە رێککەوتنی کۆتایی لەسەر وادەی هەموارکردنەوەی. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: "ئێستا کێشە گەورەکە ئەوەیە، هەموو فراکسیۆنەکان خۆیان ئامادە کردووە بیکەنە کەرەستەی گەرمی بانگەشەی هەڵبژاردن و فەوزایەکی دیکەی پێ دروست دەکرێ".

رۆژی 2017/12/30 ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە پەسەند کرد و رەوانەی پەرلەمانی کوردستانی کرد. هەرچەندە پەرلەمان دوای چەند دانیشتنێک یاساکەی پەسەند کرد، بەڵام کاردانەوەکان لەدژی هێندە توند بوون کە هەموو فراکسیۆنەکان خوازیار بوون هەرچی زووە یاساکە بگەڕێندرێتەوە و هەموار بکرێتەوە.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ زیاتر لە 10 رۆژە 29 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان داوامان کردووە هەرچی زووە کۆبوونەوەی پەرلەمان رێکبخرێ بۆ ئەوەی یاساکە هەموار بکرێتەوە و دەستکاریی ئەو ماددە یاساییانە بکرێ کە کێشەیان لەسەرە "بەڵام تاوەکو ئێستا دیار نییە کەی ئەو کۆبوونەوەیە دەکرێ".

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی یەکگرتوو، دەڵێ هێشتا هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان سوورن لەسەر ئەوەی وەک جاری پێشوو بێت کە پەسەندکراوە و مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان، مەرجەکانی تەمەن و ساڵانی خزمەتی تێدا نەبێ.

ئەوەی کە یاسا پەسەندکراوەکەی پەرلەمانی لە نێو خەڵک و رای گشتیدا رووبەڕووی رەخنەی توندی خەڵک کردەوە، ماددە سێی یاساکە بوو کە تایبەتە بە چۆنێتی رێکخستنی مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان. ئەو پرۆژە یاسایەی کە حکومەت ناردبووی بۆ پەرلەمان، داوای کردبوو کە یاسای عێراق بکرێتە بنەما بۆ ئەو پرسە و هەر پەرلەمانتارێک و پلە باڵایەک تەمەنی لە 50 ساڵ کەمتر بێ و 15 ساڵ خزمەتی نەبێ، خانەنشینی نەیگرێتەوە، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەستکاریی ئەوەیان کردووە و ئەو مەرجانەیان لە بەردەم مووچەی خانەشینی پلە باڵاکان لادابوو.

رۆژی 2018/2/28 پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان کە هەریەک لە رێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری، کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت و سەرۆکی دەستەی دەسپاکی و سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، دوای گفتوگۆیەکی زۆر، لە کۆتاییدا بە زۆرینەی دەنگ ئەو یاسایەیان پەسەند کرد کە خەڵک رەتیکردەوە. هەرچەندە دواتر هەندێک لە فراکسیۆنەکان خۆیان لەو ماددە یاساییە بەری کرد و رەتیانکردەوە کە دەنگیان پێدابێ، بەڵام دواتر هەریەکە لە جەعفەر ئیمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بێگەرد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمان، بڕیاریان دا تۆماری ڤیدیۆیی ساتی دەنگدانەکە بڵاوبکەنەوە.

بێستوون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ هێشتا خانەنشینی پلە باڵاکان کێشەی لەسەر ماوە و رای جیاوازی لەسەرە بۆ دەستکاریکردنی "ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان بۆچوونمان وایە یاسای یەکگرتووی عێراقی بکرێتە بنەما بۆ هەموارکردنەوەکە و وەک ئەوی لێبکرێ، بەڵام بۆچوونی جیاواز لە نێو فراکسیۆنەکان هەیە"، گوتیشی "ئێستاش هەندێک بۆچوون هەیە کە پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی یاسایەک دابنێ".

بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان بۆ چاکسازی مووچەی خانەنشینی و دەرماڵەکان، گۆڕانکاریی زۆر لە مووچەدا رووەدات. چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکەکانی ژمێریاری لە گشت یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە یەکەی ژمێریاریی هێزەکانی 70 و 80 و خستنەسەر یەکەی ژمێریاریی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر، راوێژکار یان بەڕێوەبەری گشتی یان هەر پلەیەکی دیکەی تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان پێش راپەڕینی 1991.

بەشێکی دیکەی یاساکە تایبەتە بە دەرماڵەکان، کە مادەی دەیەمی پرۆژە یاساکە بوو بۆ رێکخستنەوەی سەرجەم دەرماڵەکان و راگرتنی رێنمایی و پەیڕەوەکانی بەدەر لە مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو و کاراکردنی سندوقی خانەنشینی هەرێم و ئەژمارکردنی مووچەی بنەڕەتیی سەرجەم مووچەخۆران و هەڵوەشانەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدە کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان دراوە بە مووچەخۆران.

پەرلەمانتاران دەڵێن بە پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە مانگانەی نزیکەی 120 ملیار دینار دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و دەتوانێ بەبێ پاشەوکەوت مووچەی فەرمانبەران بدات.

ئێستا هەموو فراکسیۆنەکان داوای ئەوە دەکەن پەلە بکرێ لە هەموارکردنەوەی یاساکە، بەڵام وەک ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەڵێن، هەموو فراکسیۆنەکان خۆشیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بیکەنە کەرەستەی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەو پێیەی دانیشتنەکەی پەرلەمان دەکەوێتە ئەوکاتەی کە بانگەشە دەستپێدەکات.

د.فرسەت سۆفی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی داوامان کردووە کە وەک یاسای خانەنشینی عێراقی هەموار بکرێتەوە و حکومەتیش بۆ خۆی هەروای داوا کردووە "بەڵام ترسێک دروستبووە لەوەی ئەو هەموارکردنەوەیە فەوزایەکی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێتەوە و بکرێتە بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆیە هەموو فراکسیۆنەکان پێشتر کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری دەکەن بۆ ئەوەی رێکبکەون لەسەر ئەوەی لە کەشێکی ئارامدا هەموار بکرێتەوە و لە ململانێی حیزبی و سیاسی دەربکرێ".

بڕیارە رۆژی سێشەممەی داهاتوو کۆبوونەوە راوێژکارییەکە لە نێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێ و رۆژی پێنج شەممەی داهاتووش دانیشتنی پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە بکرێ.

د.فرسەت سۆفی، پێیوایە ئەوە هەڵەیە کە دەگوترێ بە پەسەندکردنی یاساکە حکومەت ئۆتۆماتیکی دەتوانێ پاشەکەوتی مووچە هەڵبگرێ "چونکە پێداچوونەوە بە مووچەی پاسەوانی بەرپرسان دوو مانگی پێویستە. هەروەها مووچەی زیندانیانی سیاسی و شەهیدان سێ مانگی دەوێ".





پەسەندکردنی یاسای چاکسازی خانەنشینی 120 ملیار دینار دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت (فۆتۆ: رووداو)

### دوو سەرۆک لیستی کوردی پێش بانگەشە گۆڕدران

# کورد لە کەرکووک بەبێ پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بانگەشە دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**

کەمتر لە هەفتەیەک ماوە بۆ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئەوە یەکەمین جارە کورد لە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک بترسێ. چونکە ئەو حیزبە کوردستانییانەی بەشداریی هەڵبژاردنیان لەو پارێزگایە کردووە، دڵنیان لەوەی دەستکراوە نین لەو کێبڕکێیەدا. ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ: تاوەکو ئێستا شیعە لە کەرکووک یەک کورسییان لە هیچ هەڵبژاردنێکدا نەهێناوە، ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە کورسی بهێنن، ئەوە مانای وایە ساختەکاری کراوە.

تاوەکو هەفتەی رابردووش محەممەد عوسمان، سەرۆکی لیستی یەکێتی بوو لە کەرکووک، بەڵام دەستی لەکار کێشایەوە و لە جێگای ئەو رێبوار تەها دانرا. محەممەد عوسمان هیچ لە بارەی هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی ئاشکرا ناکات و دەڵێت بە ویستی خۆی دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام نایشارێتەوە مانگی بانگەشەی هەڵبژاردن لە کەرکووک بۆ کورد ئێجگار قورس دەبێت، بەو پێیەی پارتی بایکۆتی کردووە و هەماهەنگیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان لەو شارە وەک جاران نییە و کوردیش بە پەرتەوازەیی دەچێتە نێو هەڵبژاردنەکەوە. بەڵام لە هەمووی قورستر بەلای ئەو بەرپرسەی یەکێتییەوە نەبوونی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانە لەو پارێزگایە "کورد لە کەرکووک، واتە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، ئەم دوو شتەت نییە و دەبێ وا لە خەڵکیش بکەی دەنگت پێبدەن."

حیزبەکان هەریەکە و لای خۆیەوە هۆشداریی دەدەن لەو رەوشە ناهەموارەی کەرکووک پێیدا تێدەپەڕێ، کەچی هێشتا ئەم هۆشداریدانە نەبووەتە هۆی ئەوەی هەڵوێستێکی هاوبەشی کوردستانی بێنێتە ئاراوە. بە جۆرێک کورد لەو شارە کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، ناتوانێ و رێگای پێنادرێ ئاڵا و دروشمە نەتەوەییەکانی پێشانی دەنگدەرانی بدات و بیانجوڵێنێ بۆ نێو ململانێی دەنگدان کە هاوکات پرۆسەکە و ئەنجامەکەی جارێکی دیکە وەک جۆرێک لە دیاریکردنەوەی رێژەی نەتەوەکان و پێکهاتەکەی دەخوێنرێتەوە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەڵێ کورد لەو مانگەدا کە بانگەشە دەکات، ئەوەی لەبەرچاوە کە عەرەبی سوننە و شیعە و تورکمانەکان کێشەی بۆ دروست دەکەن و بواری بانگەشەی لیستە کوردستانییەکان بەرتەسک دەکەنەوە "ئەگەر پێشمەرگە نەگەڕێتەوە، نەک تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردن، بگرە لیستە کوردییەکان لە رۆژی دەنگداندا هەر رێگەیان پێنادرێ لە هەندێک شوێن چاودێر لە بنکەکانی دەنگدان دابنێن، لە ناوچە عەرەبنشینەکان و داقوق و دوبز و حەویجە زۆر ئەستەمە کورد بتوانێ چاودێر دابنێ".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ هەر لە ئێستاوە هەڕەشە و فشارەکان دەستیان پێکردووە و لیستە کوردستانییەکان ئازادییان نییە و ئەوەش کاریگەریی دەبێ لەسەر دەنگدەری کورد "شوێنێکی وەکو حەویجە کە بایۆمەتریی نەکراوە و ژمارەیەکی زۆر دەنگدەری لێیە و کورد ناتوانێ لەوێ بانگەشە بکات و چاودێر دابنێ، یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم ئەم هەڵبژاردنە لە کەرکووک".

هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، لیستێکی هاوبەشیان بۆ ئەو پارێزگایە دروستکرد، یوسف محەممەد، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کرایە سەرۆکی لیستەکە. بەڵام لە چەند رۆژی رابردووشدا د.یوسف دەستی لە سەرۆکایەتی لیستەکە کێشایەوە و د.بەرهەم ساڵح لە جێگای کرایە سەرۆکی لیست.

وریا محەممەد، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی گۆڕان لە کەرکووک، رەتیدەکاتەوە کێشەیەکی نێوخۆیی هەبووبێ لەو ئاڵوگۆڕەدا و دەڵێ، سەرەتا د.یوسف لەسەر داوای هاوپەیمانی و کۆمەڵی ئیسلامی ئەو بەرپرسیارێتییەی وەرگرت "بەڵام ئەو ئەرکی سەرۆکایەتی لیستی گۆڕانی پێدرا لە پارێزگای سلێمانی، بۆیە داوا لە د.بەرهەم ساڵح کرا ببێتە سەرۆکی لیستەکە".

بەڵام بەرپرسێکی ئاگادار لە پارێزگای کەرکووک لەبارەی هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە بە (رووداو)ی گوت کە پەیوەندی بەوەوە هەبووە "زۆربەی دەنگدەرانی کورد لە کەرکووک یەکێتین و بەرهەم ساڵحیش بەو پێیەی ساڵانێک جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بووە، بۆ کەرکووک و نێو دەنگدەری یەکێتی، ئەو بە گونجاوتر دەزانرا تاوەکو لیستەکە دەنگ بهێنێ"، سەرچاوەکە گوتیشی "گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیش لە دۆخەکە تێگەیشتوون، بۆیە ئەو گۆڕانکارییەیان بە ئاسایی وەرگرت".

وریا محەممەد، رەتیدەکاتەوە لە کەرکوک رێگری هەبێ لە بانگەشەی کورد و دەڵێ ئەوان رۆژی شەممەی رابردوو کۆڕێکیان هەبووە و کەس رێگری لێ نەکردوون "بەپێی یاساکانی کۆمیسیۆن و بەپێی دەستوور بانگەشەی خۆمان دەکەین و مۆڵەتیش لە کەس وەرناگرین". محەممەد عوسمان لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێ، کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار کە لە هۆڵێکدایە، رێگریی لێناکرێ "بەڵام تۆ ئازادیی 2014ت نییە لەم شارە".

پارێزگای کەرکووک 12 کورسی هەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، لە هەڵبژاردنی 2014دا کورد 8 کورسیی پارێزگاکەی بەدەستهێنا، بەڵام ئەوە کاتێک بوو کە کورد خۆی بڕیاردەری شارەکە بوو. ئێستا کەس ناتوانێ پێشبینییەکی دروست بۆ دەنگەکانی کورد بکات.

هەرچەندە بەگوێرەی هەندێ پێشبینی کورد لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان 10 کورسی لەدەستدەدات، بەڵام محەممەد عوسمان پێیوایە ئەگەر کورد 8 کورسییەکەی خۆی بهێنێتەوە، مانای وایە هیچ کێشەیەک نییە "ئەگەر شەش کورسیش بهێنین، هێشتا مانای وایە کورد نەشکاوە".

دەبێ زۆربەی پرسیارەکان هەڵبگیرێن بۆ 12ی ئایاری داهاتوو، ئەوکاتەی دەنگەکان دەژمێردرێن،

بەڵام ئەندامێکی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، وای دەبینێ کە خەڵکی کەرکووک هەستی نەتەوایەتییان بەهێزە و دەبێ لیستەکان باسی نەتەوە و حکومەتی کوردستان و ئاڵای کوردستان و داهاتووی کوردیان بۆ بکەن "بەڵام ئایا کەس دەتوانێ باسی ئەو شتانەیان بۆ بکات؟ کەسایەتیی کورد لە کەرکووک شکاوە و دەبێ جارێکی دیکە هەستێتەوە، بۆچی شیعە ئاڵای مەزهەبی هەڵدەدات، بەڵام کورد ناتوانێ ئاڵای خۆی هەڵبدات".

کامەران محەممەد گوتیشی: "لە هیچ هەڵبژاردنێکی کەرکووکدا شیعە دەنگیان نەهێناوە، ئەگەر ئەمجارە کورسییەکیان هێنا یان دەنگی زۆریان هێنا، مانای وایە هەڵبژاردنەکە پڕ بووە لە ساختەکاری".

> **ئەگەر شیعە لە کەرکووک کورسی بهێنن، واتە ساختەکاریی زۆر کراوە**
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا

> **ئەگەر لە کەرکووک شەش کورسی بهێنین مانای وایە نەشکاوین**
> پەرلەمانتارێکی کورد





کورد لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکووک ناتوانێت چاودێری هەڵبژاردن لە بنکەکانی دەنگدان دابنێت (فۆتۆ: رووداو)



## شاندێکی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

شاندێکی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات، تاوتوێی چۆنیەتی دۆزینەوەی میکانیزمی وەرگرتنی بەشێک لە پارەی گەنمی جووتیاران دەکەن. نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"شاندەکە بڕی 41 ملیار دینار پارەی گەنمی ساڵی 2017 بە نەختی لە بەغدا وەردەگرێت". حکومەتی عێراق هێشتا 650 ملیار دینار، پارەی گەنمی ساڵی 2014، 2015 و 2016 ی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی لاماوە و بڕیاری داوە دوای کەمکردنەوەی نیوەی پارەکە، ئەو بڕە پارەیە بداتە جووتیارانی هەرێمی کوردستان، بۆیە حکومەتی هەرێمی داوای لە سایلۆکان کردووە تاوەکو چارەسەری کێشەکان بۆ وەرگرتنی بودجەی 2015،2014 و 2016 نەکرێ، سەردانی بەغدا نەکەن.

### بەعس لە سەروەختی ئەنفالدا دەستگیری کردبوون

# تەرمی 14 پێشمەرگەی نەناسراو لە دادپزیشکیی هەولێرن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – دهۆک، هەولێر**

بەڕێوەبەری پەیمانگای دادپزیشکی لە هەولێر دەرگای ساردخانەکە دەکاتەوە کە چەند تەرمێکی تێدا هەڵگیراوە و هێشتا نەدراونەتەوە خاوەنەکانیان، بەڵام چیرۆکی هەرە سەرنجڕاکێش ئەو 14 کارتۆن ئێسک و پروسکەیە کە هی 14 پێشمەرگەیە و نۆ ساڵە لەوێن، هێشتا نازانرێ کێ خاوەنیانە، تا ئەو ڕۆژەی پشکنینی (دی ئێن ئەی)یان بۆ دەکرێ.

بۆ ئەوەی تێبگەی بۆچی ئەو ئێسک و پرووسکانە گەیشتوونەتە هەولێر، دەبێ بۆ چەند ڕۆژێک بچیتە قەڵای نزارکێ و گۆڕستانی شاخکێ لە دهۆک.

د. یاسین کەریم، بەڕێوەبەری پەیمانگای دادپزیشکی لە هەولێر، دەڵێت ئەو لە کەسوکاری ئەو پێشمەرگانە بەپەلەترە بۆ ئەوەی ڕادەستیان بکاتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هێشتا ئەویش نازانێ ناسنامەی تەرمەکان دیار نییە.

### چیرۆکی ڕوفاتەکان

ساڵی 2009 د. یاسین کەریم، سەرپەرشتی تیمێکی پسپۆڕی کرد بۆ هەڵدانەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە گۆڕستانی شاخکێ لە دهۆک. چەند شایەتحاڵێک پێیانوابوو ژمارەیەک لەو پێشمەرگانەی پارتی کە لەکاتی ئەنفالی بادیناندا کەوتبوونە دەستی حکومەتی ئەوکاتی عێراق، دوای بەندکردنیان لە قەڵای نزارکێ، گوللەباران کراون و لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا شاردراونەتەوە.

عەبدولڕەزاق عەبدوڵڵا، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوله و هاوڕێی چەند پێشمەرگەیەک لەوانەیە کە گومان دەکرێ لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا بووبن، زۆر باسی یەکێک لەو پێشمەرگانە دەکات بە ناوی حەیدەر عەبدوڵڵا حەمۆ و دەڵێ: "ئەگەر ئەو شاخەی لە پشتمەوەیە بۆ چەند خولەکێک بە زمان بهاتبایە، باسی حەیدەری دەکرد و دەیگوت کە چەندجار دوژمنی شکاندووە و بارەگای لەدەست دوژمن وەرگرتووەتەوە".

ڕۆژی 1988/8/25 کاتێک سوپا و جاش پێکەوە هێرش دەکەنە سەر ناوچەی بادینان، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان لەناوچەکە دەمێننەوە، محەممەد عەبدوڵڵا حەمۆ، برای حەیدەرە و ئەویش پێشمەرگە بووە، دەڵێ زانیارییان هەبوو کە هێرش دەکرێتە سەریان و بە پێشمەرگەکانی گوتووە پێویستە فریا بکەوین و ماڵ و منداڵ دەرباز بکەین "چەند پێشمەرگەیەک قسەکەی منیان بە هەند وەرگرت و هەوڵی خۆدەربازکردنیان دا بەرەو سنووری تورکیا، بەڵام حەیدەری برام گوتی مەحاڵە سوپای عێراق بتوانێ بێتە ئەم ناوچەیە".

لە هەندێک شوێن، پێشمەرگە دەستیان لە سوپا وەشاند، بەڵام هێزەکە لەوە گەورەتر و بەهێزتر و پڕچەکتر بوو کە بتوانن ڕایبگرن. هەر بۆیە وەک ئاشتی سەعید دەیگێڕێتەوە، باوکی لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە لە کەژ و کێوەکان دەمێننەوە و دەرفەتیان نابێ دەرباز ببن "جاشەکانیش ڕۆڵی باشیان بینی لە ڕووخاندنی ورەی خەڵک و دەستنیشانکردنی شوێنی پێشمەرگەکان بۆ سوپا، ئێمە بەهەر حاڵێک بوو گەیشتینە نێو خاکی تورکیا، بەڵام لەوێ هەواڵی دەستگیرکردنی باوکم و شەهید حەیدەرمان پێگەیشتەوە کە برابوونە قەڵای نزارکێ".

### بەبلۆک کوژراون

هێشتا ئاسەوارەکانی قەڵای نزارکێ ماون. سەربازگەیەکە لە پارێزگای دهۆک کە بەهەمان شێوەی نوگرەسەلمان دروستکراوە. دەگوترێ کاتێک پێشمەرگەکان دەستگیرکراون، براونەتە ئەوێ کە ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی دیکەی دەستگیرکراویشی لێبووە.

حەمرا سلێمان، یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی لە قەڵای نزارکێ پێشمەرگەکانی بینیوە، بەڵام نەیناسیونەتەوە "گوێم لە دەنگی لێدان و ئەشکەنجەدانیان بوو، بەشێکیان بە بلۆک دەکوشتن، بەڵێ دەمبینی چۆن بەبلۆک دەیان کێشا بەسەریاندا".

ئەو ژوور و هۆبە گەورە و درێژانەی لە قەڵای نزارکێ دەرگا و پەنجەرەیان پێوەنەماوە، یادەوەریی ئێجگار ناخۆش و دڵهەژێن وەبیر حەمرا سلێمان دێننەوە. چونکە بۆخۆی ماوەیەکی درێژ ئازار و مەینەتیی تێدا چەشتووە "هیچ پێشمەرگەیەکیان نەهێشتەوە، هەر پێشمەرگەیەکیان هێنابێتە نزارکێ بە زیندوێتی نەچووەتە دەرەوە و هەموویان کوشتن".

محەممەد عەلی ئەحمەد، یەکێکی دیکەیە لە شایەتحاڵەکان و سەرباری ئەوەی کە خۆی بە برینداری لەوێ بووە، بەڵام هەرگیز ئەوە لەبیر ناکات کە چۆن پێش شەهیدکردنی پێشمەرگەکان، بە کێبڵ لێیانداون "هەندێکیان هەر بە لێدان مردن، کاژێر چواری بەرەبەیان تەرمەکانیان بە ڕاکێشان بردە بەردەرگای قەڵاکە و دواتر برابوونە گۆڕستانی شاخکێ".

"من کاژێرەکەی دەستی باوکم و جلوبەرگەکانیم ناسییەوە، دڵنیام یەکێک لەوانە ئێسک و پروسکی باوکمە".

ئەیوب عەبدولخالق، بە نیگەرانییەوە دەڵێ، چەند ساڵ لەوەوبەر سامپڵی خوێنیان لە ئێمە وەرگرت تاوەکو پشکنینی دی ئێن ئەی بکەن، بەڵام هێشتا هیچ هەواڵێک نییە "تێناگەین بۆچی تاوەکو ئێستا ڕوون نەبووەوە و ئەو ڕوفاتانەمان وەرنەگرتەوە".

ئەیوب عەبدولخالق دەڵێ ئەو جلانەی لەکاتی ئەنفالدا باوکی لەبەری کردوون و ئەو کاژێرەی لە دەستیدا بووە، ماوەیەکی کەم پێش ئەنفال خۆی لەگەڵی بووە کە کڕیویەتی "تەنانەت دایکیشم جلوبەرگەکانی ناسییەوە".

لە گۆڕستانی شاخکێ، سەتان گۆڕی شەهید هەن، خەڵکانێکی زۆر لەوێن و نزا لەسەر گۆڕەکان دەکەن و گوڵیان لەسەر دادەنێن، بەڵام هێشتا ئەیوب و بریندار حەیدەر عەبدوڵڵا، نازانن باوکی ئەوان ئەو ئێسک و پروسکانەن کە لە هەولێر هەڵگیراون، یان هێشتا لە نێو یەکێک لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا ماون "ئێش و ئازاری ئەنفال لەسەر دڵی ئێمە کۆتایی نایەت، ئەو چاوەڕوانییە ئازارمان دەدات تاوەکو ئەو ڕۆژەی ڕوفاتەکانمان دەدەنەوە و فاتیحەیەک لەسەر گۆڕیان دەخوێنین"، بریندار وایگوت.

### 9 ساڵ چاوەڕوانی دی ئێن ئەی

پشکنینی (دی ئێن ئەی)، تاکە ڕێگایە کۆتایی بە چاوەڕوانییەکان بهێنێ و ئێسک و پرووسکی پێشمەرگەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و لە بۆنەیەکی شایستەدا ئەسپەردەی خاک بکرێنەوە. د.یاسین کەریم، بەڕێوەبەری پەیمانگای دادپزیشکیی هەولێر، دەڵێ قسەی شاهێدحاڵەکان بۆ ئەوان گرنگە "بەڵام ئێمە دەبێ کار بە لایەنە زانستییەکە بکەین و لەڕێگای پشکنینی خوێنەوە یەکلایی بکەینەوە ئەوانە کێن". گوتیشی "ئەوە کاری حکومەت و وەزارەتی شەهیدانە خوێن لە کەسوکاری هەموو پێشمەرگەکان وەربگرێ و بینێرێ بۆ ئێمە، نەک ئێمە بانگەواز بکەین، چەند جارێکیش داوامان کردووە لە حکومەت و وەزارەت ئەوە بکەن".

بەرەڤان حەمدی، بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان ڕەتیدەکاتەوە کەمتەرخەم بووبن لەوەی خوێن وەربگرن و پرۆسەی پشکنینەکە بکەن "سامپڵی خوێنیشمان وەرگرتووە، هەنگاوی باش نراون و لەماوەیەکی کەمدا هەوڵدەدەین ئەوە یەکلایی بکەینەوە".

هەر کارتۆنێک لەوانەی لە پەیمانگای پزیشکی دادی هەڵگیراون، بۆ خۆی سەرگوزشتەی پێشمەرگەیەکی ئەنفالکراوە. د.یاسین کەریم، دەڵێ ئەوان کۆد و ژمارە و ناونیشانیان لە هەر کارتۆنێک داوە "تەنیا ماوەتەوە پشکنینی خوێن بکرێ بۆ ئەوەی دڵنیاببینەوە کێ کەسوکاری ئەوانەیە".

هەروەها دەڵێت: "لە ئەنفالی بادیناندا، تەنیا کەسانی سڤیل لە نێو گۆڕی بە کۆمەڵدا نین و هەندێکیان گۆڕی ئەو پێشمەرگانەن کە دەستگیرکراون و شەهید کراون، ئێمە دەمانەوێ دوای ئەوەی پشکنینی خوێن تەواو بوو، مەراسیمێکی شایستە بۆ ناشتنی تەرمی ئەو پێشمەرگانە ڕێکبخەین".



ڕووفاتی یەکێک لە پێشمەرگەکان کە لە نێو کارتۆندا هەڵگیراوە

### بەهۆی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندان

# لە دهۆک 30 مامۆستا مووچەبڕ دەکرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

بەهۆی بەشداریکرنیان لە خۆپیشاندانەکانی شاری دهۆک، 30 مامۆستا هەر یەکەیان یەک تا سێ ڕۆژ مووچەبڕ کراون، یەکێک لەو مامۆستایانەی کە مووچەیان بڕیوە، دەڵێت "نازانم بۆچی مووچەیان بڕیوم، من بەشداریی خۆپیشاندانم نەکردووە". بەڕێوەبەری پەروەردەش دەڵێت بڕینی مووچەی ئەو مامۆستایانە بەهۆی دەوامنەکردنیان بووە.

ڕۆژانی 25-2018/3/27 ژمارەیەک مامۆستای شاری دهۆک دژی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە، لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی دهۆک گردبوونەوە. لە ڕۆژی سێیەمی خۆپیشاندانەکاندا گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ڕوویدا و بە هۆیەوە چوار خۆپیشاندەر و دوو پۆلیس بریندار بوون، پاشان سکاڵا لەسەر سێ مامۆستا تۆمار کرا و مامۆستایەکیش سکاڵای لەسەر سێ پۆلیس تۆمار کرد.

دوای ئەوەی حکومەت بڕیاری دا پێداچوونەوە بە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەدا بکات، نارەزاییەتی فەرمانبەران و مامۆستایان کۆتایی هات، پێنجشەممەی ڕابردووش مامۆستایان بەپێی سیستمی تازە، مووچەکانیان وەرگرت. بەڵام لە هەولێر و دهۆک ژمارەیەک لەو فەرمانبەر و مامۆستایانەی کە بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کردبوو، بە بیانووی دەوام نەکردنەوە سزادران و مووچەبڕ کران.

جیهان عەبدولڕەحمان، مامۆستا لە قوتابخانەی کەڤۆکی بنەڕەتی لە سەنتەری شاری دهۆک کە یەکێکە لەو مامۆستایانەی یەک ڕۆژ مووچەبڕ کراوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەشداری خۆپیشاندانەکانم نەکردووە، ئەو سێ ڕۆژە لە قوتابخانەکەمان دەوام نەبوو، منیش 26ی مانگ نەچوومە دەوام، دوای ئەوەی مووچەمان وەرگرت، دەرکەوت بەڕێوەبەرەکەمان من و 12 مامۆستای دیکەی بە یەک ڕۆژ مووچەبڕین سزاداوە، بەڕاستی ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە ئێمە کراوە".

بەپێی دوو نووسراو کە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە نووسراوی یەکەمدا ناوی 13 مامۆستا هاتووە کە بە پاساوی ئەوەی ڕۆژی 27ی ئادار دەوامیان نەکردووە مووچەبڕ کراون، هەروەها لە نووسراوێکی دیکەدا کە لەلایەن پەروەردەی ڕۆژهەڵات دەرچووە، نۆ مامۆستای دیکە کە لە 26ی ئادار دەوامیان نەکردووە، مووچەبڕ کراون.

جیهان دەڵێت: "نەک تەنیا ئێمە، بەڵکو زۆربەی مامۆستایانی دهۆک ئەو سێ ڕۆژە نەچووبوونە دەوام، بەڵام تەنیا چەند مامۆستایەک سزادراون، ئەوەش بۆ ئێمە شتێکی ناخۆشە، چونکە دەچێتە نێو دۆسیەی کەسییمان، لە کاتێکدا ئێمە بەشداری خۆپیشاندانمان نەکردووە".

مامۆستا ئەحمەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری قوتابخانەی کەڤۆکی بنەڕەتی لە دهۆک کە نووسراوی سزادانی 13 مامۆستای قوتابخانەکەی بۆ سەرووی خۆی بەرز کردووەتەوە، سەبارەت بە سزادانی ئەو مامۆستایانە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو سێ ڕۆژە لە قوتابخانەی ئێمە دەوام هەبووە، بۆیە هەر مامۆستایەک نەهاتبێ، ئێمە غائیبمان داوە، ناوەکەشمان بۆ پەروەردە بەرزکردووەتەوە بۆ ئەوەی سزا بدرێن. نەک تەنیا لەو سێ ڕۆژە، هەر ڕۆژێک مامۆستایەک بەبێ ئەوەی مۆڵەتی وەرگرتبێ نەیەت بۆ دەوام، ئێمە غائیبی دەدەین و مووچەی ئەو ڕۆژەی لێ دەبڕین". مامۆستا ئەحمەد ڕەتیکردەوە سزادانی ئەو مامۆستایانە بەهۆی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاداندەکان بێ و گوتی "ئەوان نەهاتوونەتە دەوام بۆیە سزادراون".

ناوی ئەو مامۆستایانە لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەکان بەرز دەکرێنەوە، ئەوانیش ئیجرائاتیان بەرامبەر دەکەن. سەمیر عەبدولعەزیز، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ڕێنمایی تایبەت بە خۆمان هەیە، بەڕێوەبەری هەر قوتابخانەیەک ناوی مامۆستامان بۆ ڕەوانە بکات کە دەوامی نەکردووە، ئەو ڕۆژە مووچەبڕی دەکەین".

بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵات گوتی چەندین لیستی سزادانی مامۆستایانیان لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەدەست گەیشتووە کە لە ماوەی خۆپیشاندانەکاندا دەوامیان نەکردووە. سەمیر عەبدولعەزیز گوتی: "لەو ماوەیەدا ناوی 30 مامۆستامان بۆ هاتووە، سزامان داون، بەڵام هیچیان پەیوەندیان بە خۆپیشاندانەوە نەبووە، بەڵکو لەسەر دەوامنەکردن سزادراون".

مامۆستا بەدەل عەبدولباقی نوێنەری مامۆستایانی نارازی لە دهۆک کە لەلایەن پۆلیسەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، گوتی: "تەنیا یەک لیستمان بەدەست گەیشتووە کە ناوی مامۆستای تێدایە و هەر یەکەیان یەک ڕۆژ مووچەبڕ کراوین". مامۆستا بەدەل داوای کرد ئەو مامۆستایانەی سزادراون، مووچەکەیان بۆ بگەڕێندرێتەوە و سزاکەیان ڕەش بکرێتەوە "ئێمە چوار ساڵە بە چارەکە مووچە دەوام دەکەین، کەسمان سزا نەداوە، بەڵام ئەو مامۆستایانە لەسەر یەک ڕۆژ دەوامنەکردن سزادراون".

> بەشداری خۆپیشاندانم نەکردووە و مووچەبڕ کراوم
>
> مامۆستایەکی مووچەبڕکراو

> ئەو مامۆستایانە بەهۆی دەوامنەکردنەوە سزادراون
>
> بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵات


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## کۆنە ئەنسارێک سەرکردەیانە

# تۆڕاوەکانی داعش ئاڵای سپی بەرز دەکەنەوە

**رووداو – هەولێر**

ئـاڵای رەشـی خەلافەتەکـەی داعـش چیدی بەسەر شـارەکانی عێراقەوە ناشـەکێتەوە، بەڵام چەنـد گروپێکی پەرتـەوازەی چەکدار خەریکی خۆڕێکخسـتنەوەن و خەریکـە دەبنەوە بە مایەی هەڕەشـە لەسـەر ناوچەکە. یەکێک لەو گروپانە "ئاڵا سپییەکان"ە کە لە چیای حەمرین جێگیرن و لەوێشەوە هێرشەکانیان دەکەن.

بەگوێـرەی راپۆرتێکـی ماڵپـەڕی (بازفید) ی ئەمریکـی، کەسـێک بەنـاوی هیـوا کوێر کە تەنیا چاوێکـی دەبینێ و تەمەنی لە چلەکاندایە، سەرکردایەتی گروپی ئاڵا سپییەکان دەکات. ئەم گروپـە لە ناوەڕاسـتی مانگی تشـرینی دووەمی پارسـاڵەوە روویان لە ناوچـەی حەمرین کردووە. دەشـگوترێ ژمارەی چەکدارانی لە نێوان 500 بۆ 1100 کەسدایە.

رائید رەسـوڵ عومەر لەتیـف، فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە سلێمانی، بە ماڵپەڕەکەی گوتـووە: "کاتێـک داعـش لـەو ناوچەیـە تەواو بوون، ئەوان لەو شـاخانە خۆیان کۆکردەوە. ئاڵا سپییەکان هەر داعشـن، بەڵام ناوێکی نوێیان لە خۆیان ناوە".

راپۆرتەکـە ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەکات کـە ئـەو چەکدارانە بە پیکاپ لە داوێنی شـاخەکانی حەمرین هاتوچۆ دەکەن، ناوچە شـاخاوییەکەش یارمەتیـدەرە بۆ ئـەوەی لە تۆپباران و هێرشـە ئاسمانییەکانی عێراق پارێزراو بن.

ئـەو چەکدارانـە تونێلیان لێـداوە و لە نێوان ناوچەکانـی کورد و عەرەبدا هاتوچۆ دەکەن. بەو پێیەش کە دووربینی شەوانیان پێیە، دەتوانن بە ئاسانی لە قووڵایی ناوچە شاخاوییەکاندا جموجۆڵ بکەن. ناوچەی چالاکییەکانی ئەو گروپە تەنیا 11 کیلۆمەتر لە دووزخورماتووەوە دوورە.

ئەحمـەد شـەریفی، بەرپرسـێکی پێشـووی هەواڵگریی عێراق و راوێژکاری ئایەتوڵڵا سیستانی، لـە لێدوانێکـدا بـۆ (بازفید) دەڵێت: "ئـەوان لە چیای حەمرین هاتوچۆ دەکەن. هیچ کەسـێک لە یەکەکانی ئێمەوە ناتوانێ ئەو رێگایانە بزانێت کە ئەوان پێیدا دەڕۆن، ئەوان جوگرافیای شوێنەکە و ئەشکەوتەکانی شارەزان".

لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا چەکدارانی داعش ژمارەیەکـی زۆر چەکداری حەشـدی شـەعبیان خسـتە بۆسـەوە. پلانەکە بەو شـێوەیە بوو کە داعش بە فێڵ میلیشیاکانی حەشدیان راکێشابووە گوندێک لە باکـووری حەویجە. چەکدارانی داعش جلی پۆلیسـی فیدراڵیی عێراقیـان لەبەر بووە و خاڵێکی پشکنینیان لە شوێنەکە دانابوو، هاوکات لەگەڵ گەیشـتنی چەکدارانی حەشد بۆ ناوچەکە، شـەڕێکی دوو کاژێری لە نێوان هـەردوو گروپەدا دەسـتی پێکردبوو، سـەرئەنجام 27 میلیشـیای حەشد کوژران.

عەلـی حەمدانـی، فەرماندەیەکـی حەشـدی شـەعبی، بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکـە دەڵێ "ئەوە بۆسـە بوو، ئەوان ئەزموونێکی زۆریان هەیە و لە ئاستێکی نوێدا مەشق و راهێنان دەکەن. چیاکانی حەمرین ناوچەیەکی زۆرباشە بۆ خۆڕێکخستنەوە، ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی هیچ لایەنێکدا نییە، ئەوان وەکو چەتە رەفتار دەکەن، رێگاکان دەگرن، هێرش دەکەنە سەر گوندە دوورەدەستەکان و ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە نزیک ناوچەکەدا تێدەپەڕن".

چەکدارانی ئاڵا سـپییەکان تاوەکو ئێستا هیچ هێرشـێکی خۆکوژی یان دەستڕێژی بەرفراوانیان نەکـردووە، بـەڵام بـە گوتـەی جەمـال وارانی، فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەو گروپە لە دیوی باشـووری رۆژهەڵاتی شاخەکە هەڕەشەیان لەسـەر میلیشیا شـیعەکان دروسـتکردووە و لە دیوی باکـووری رۆژهەڵاتیش لەگەڵ پێشـمەرگە پێکدادانیان هەبووە.

بەرپرسـانی ئەمنی و خەڵکی ناوچەکە دەڵێن ئاڵا سـپییەکان خەریکی کۆکردنـەوەی ئەندام و چەکن، هەوڵیش دەدەن لە نێوان خەڵکی جووتیار و شـوانەکانی ناوچەکـە متمانە دروسـت بکەن. وارانـی گوتی: "ئەوان بـە خەڵک دەڵێن ئێمە بۆ بەرگری لە ئێوە و رزگارکردنتان لێرەین".

### پیاوە یەک چاوەکە کێیە؟

بە گوێـرەی راپۆرتەکەی (بازفید)، هیوا کوێر خەڵکی کفرییە و لە کۆتایی 2002ەوە بووەتە جێی سەرنجی دەزگا ئەمنییەکان، کاتێک پەیوەندی بە ریزەکانی ئەنسارولئیسلامەوە کرد، دواتریش خۆی لەنـاو قاعیدە بە سـەرکردایەتی ئەبو موسـعەب زەرقـاوی بینییـەوە. زەرقاوی لـە 2006 کوژرا و حەوت ساڵ دواتر ئەبوبەکر بەغدادی لە پاشماوەی رێکخراوەکەی زەرقاوی داعشی دروستکرد کە هیوا کێشەی گەورەی لەگەڵی هەبوو.

هیـوا بەدەگمـەن لـە چیـای حەمریـن دوورکەوتووەتەوە، هەر لەسەرەتاشـەوە کێشەی لەگەڵ هەندێـک لایەنی خەلافەتەکـەی بەغدادی هەبوو، بەتایبەتیش تموحە جیهانییەکانی داعش. هەر ئەوە وای کردبوو سـوور بێ لەسـەر ئەوەی گروپێکی تایبەت بە خۆی دروستبکات.

دوای ماوەیەک هیوا بۆی دەرکەوتبوو کە خالید ئەلمـوراد، چەکدارێکـی تورکمانی خەڵکی دیالە، هەمـان بۆچوونـی ئەوی هەیە. هیـوا و خالید لە سەروبەندی شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ساڵی رابردووی داعشدا بڕیاریان دا گروپێکی تایبەت بە خۆیان دروسـت بکەن کە ئاڵاکەی کەڵـلەسەری شێرێکی تێدایە و ناوی گروپەکەش ئاڵا سپییەکانە. زۆربـەی گروپە جیهادییەکان بەکارهێنانی وێنەی گیانلەبەر لەسـەر ئاڵا و دروشمەکانیان بە حەرام دەزانن.

رائید رەسـوڵ لەبـارەی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چەکـدارە لەگـەڵ داعش بـە بازفیدی گوت: "هیوا و خالید هەمیشـە کێشەیان لەگەڵ داعشدا هەبووە، کێشەکانیش بۆ بیرۆکە و روئیای گروپەکە دەگەڕانەوە".

### بۆشایی ئەمنی لە چیای حەمرین

ئـەو گروپـە لـە دوای تێکشـکانی داعش لە مووسـڵ دروسـت بووە، بەڵام رووداوەکانی دوای کەوتنـی خەلافـەت، بەتایبەتیش هێرشـی هێزە عێراقییەکان بۆ سـەر ناوچە کێشـە لەسەرەکان، رێگەیـان خۆشـکرد بۆ ئەوەی شـوێنی خۆی لە ناوچەکـەدا قایم بکات. پێش هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، پێشـمەرگە لە ناوچە شـاخاوییەکانی حەمریـن بەردەوام جەولەیـان دەکرد، بەڵام دوای ئـەو هێرشـانە بۆشـاییەکی ئەمنـی لەناوچەکە دروست بووە.

بە گوێرەی راپۆرتەکەی (بازفید)، هێزە کوردی و عێراقییەکانی دەوروبەری شـاخەکە دەیانتوانی پێکـەوە هێـرش بکەنە سـەر ئەو گروپـە، بەڵام هیچ لایەنێکیان ئامـادە نەبوون هاوکاریی یەکدی بکـەن و هەر لایەنێکیش ئـەوەی دیکە تۆمەتبار دەکات بـەوەی چەکی بە گروپەکە داوە و رێگەی دەرچوونی بۆ کردوونەتەوە. بەرپرسانی پێشمەرگە و هێـزە عێراقییەکان بە جیـا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دەکرێ زووری ئۆپەراسـیۆنی هاوبەش لە دوزخورماتوو بکەنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێک بەدەم ئەو پێشـنیازەوە نەچووە. رائیدە کوردەکە لەمبارەیەوە دەڵێت: "هیچ پەیوەندییەکی فەرمی لە نێوان ئێمە و ئەوان (هێزە عێراقییەکان) دا نییە".

ئـەوە یەکەمجـار نییـە گروپێکـی چەکداری جیهادی درزە سیاسی و تایفییەکانی عێراق وەکو زەمینەی لەبار بۆ خۆڕێکخسـتنەوە بەکاربهێنێ، پێشـتر قاعیدە و داعش لە دۆخێکی سیاسـی و تایفی لەو جۆرەدا سەریان هەڵدابوو.



ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە عێراقییەکان بۆ سەر گرووپی ئاڵا سپییەکان لە دەوروبەری چیای حەمرین

> **داعش مووچە دەدات**
>
> دوور لە شاخەکانی حەمرین و لە ئۆتۆبانی رۆژئاوای رومادی، سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵی و هۆزە عەرەبە سوننەکان سەنگەریان گرتووە بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشە لەناکاوەکانی پاشماوەی چەکدارانی داعش بدەنەوە. ئەو چەکدارانە لە نزیک سنوورە بیابانییەکانی عێراق لەگەڵ سووریا و سعودیە خۆیان حەشار داوە و لە دەرفەتی جیاجیادا هێرش دەکەنە سەر ناوچە رزگارکراوەکان. محەممەد شەبعان، سەرکردەی میلیشیایەکی عەرەبە سوننەکان و کاندیدی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەمجارەی عێراق، بە ماڵپەڕی (بازفید)ی گوت: "تاوەکو ئێستاش ئەوان مووچە دەدەن، هاوکاریان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە ماوە و تۆڕەکانی خۆیان پاراستووە. داعش مانگانە 500 دۆلار مووچە دەدا، ئەگەر کەسێک نەخۆشی لە خێزانەکەیدا هەبێ یارمەتی دارایی دەدەن. ئەوان دەیانەوێ وجوودی خۆیان لە ناوچەکە پیشانی خەڵک بدەن".

---

## ئێران.. وڵاتێکی بێهۆش

# کڕیار و فرۆشیارانی ماددەی هۆشبەر لە مەولەویی تاران یەکدەگرنەوە

> **لە شەقامەکەدا کوڕان و کچان، پیر و پەککەوتە، هەندێجار دوو هاوژین پێکەوە دەبینرێن کە مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن**

**هونەر ئەحمەد**
**رووداو – تاران**

رەزا حەمیدیان بژێوی ژیانی لەسەر شۆفێرییە، لەگەڵ ئەوەی زیاد لەپێویسـت کار دەکات، بەڵام بەوتەی خۆی هێشتا ناتوانێت ژیانێکی شایستە بۆ داهاتووی خێزانەکەی دابین بکات. وەک حەمیدیان دەڵێت، جگە لە کێشـەی دارایی، ئێران بەدەست چەندین کێشەی دیکەوە دەناڵێنێ.

رەزا بەدەم لێخوڕینی تاکسییەکەی لە شەقامە جەنجاڵەکانـی تـاران، شـەکوای حاڵـی خۆی و ئێرانییەکان دەکات و دەڵێت: "بەرپرسـەکان هیچ لە خەمی خەڵکدا نین، گەنجەکانمان هێندە بێزارن ئەگەر ئێسـتا سـنوورەکان بەڕوویاندا بکرێتەوە، یەک گەنج لێرە نامێنێت. ئێستا تۆ ئەگەر بتەوێت خانوویـەک دروسـت بکەیت، شـارەوانی مۆڵەتت دەداتێ، بەڵام دوو هێندەی بەهای خانووەکە باجت لێوەردەگرێ. ئێستا لەم وڵاتە کەسێک چوار وشە قسە بکات نابووتی دەکەن".

رێـژەی بێکاری لـە ئێـران بـەردەوام لـە هەڵکشـاندایە، هەڵاوسـانی بـازاڕ چەنـد قـات بووەتەوە، بەڵام ئێمە لە تاران بەدوای کێشەیەکی گەورەتر لە قەیرانی دارایی و ئابووریدا دەگەڕێین، ئەویش بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرە.

سـەربارى مەترسـی و ئەگەری دەستگیرکردن یان هێرشـکردنە سەرمان، بەڵام دەمانەوێت بەنێو شـەقامی مەولەویـدا گوزەرێک بکەیـن تاوەکو لە نزیکەوە بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان ببینین. شـەقامەکە کـە هەمـان نـاوی شـاعیری گەورە "مەولەوی" هەڵگرتووە، شـوێنی بەیەک گەیشتنی کڕیـار و فرۆشـیارانی ماددەی هۆشـبەرە. ئەگەر کڕیار یان فرۆشـیاری مادده هۆشبەرەکان نەبیت، تێپەڕبوونت بەو شـەقامەدا ئەستەمە، شەقامەکە لەژێر چاودێریی توندی پۆلیسدایە.

لە شەقامەکەدا کوڕان و کچان، پیر و پەککەوتە، هەندێجار دوو هاوژین پێکەوە دەبینرێن کە مادەی هۆشـبەر بەکاردەهێنـن. بازرگانەکانیـش بەدوای ساخکردنەوەی مادەکانیانەوەن، دەرهێنانی مۆبایل بەسە بۆ ئەوەی بەرەورووی هێرش ببیتەوە، چونکە وێنەگرتن لە شەقامەکە بە ئاشکرا، قەدەغەیە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، نزیکـەی 2 ملیـۆن و 800 هەزار کـەس لە ئێران ئاڵوودەی مادەی هۆشبەرن کە 9%ی ئاڵوودەبووان لە رەگەزی مێن.

بەپێـی ئامـارەکان ئـەو ماددانـەی لـە ئێران بەکاردەهێنرێـن 66%یـان حەشیشـن، 11% ماریجوانا، 10% هیرۆیین و کۆکاینە، 8%ی ماددەی دەسـتکردی وەکـو میسـامیفاتین و 2.4%یـش ماددەکانی دیکەن.

ئێـران بـە قەیرانێکی سـەختی داراییدا گوزەر دەکات، رۆژ بـەڕۆژ بەهای دراوەکـەی دادەبەزێ، مادەی هۆشـبەر هێندەی دیکە بـاری دارایی ئەو وڵاتـەی لەق کـردووە. سـاڵانە بەهۆی مـاددەی هۆشـبەرەوە سـێ ملیار دۆلار زیانـی بەردەکەوێ کە 47%ی ئەو زیانانە لەسەر شانی بەکارهێنەرە، 24%ی بـەر حکومـەت دەکـەوێ، 29%یـش بەر خێزانەکان دەکەوێ.

هەمـوو ئەو ئامارانەی لەسـەرەوە بڵاوکرانەوە، ئامـاری فەرمـی حکومەتی ئێرانن، بـەڵام ئامارە نافەرمیـەکان ئامـاژەی مەترسـیداریان تێدایە و رێژەکـە زۆر لەوە زیاتـر دەردەخەن کە حکومەت باسی دەکات.

حکومـەت و گروپ و رێکخـراو و ناوەندەکانی تایبـەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشـبەر، هەموو هەوڵێک دەدەن، باری قورسـی سەرشانی بەکارهێنەرانـی ماددەی هۆشـبەر و خێزانەکانیان سووک بکەن.

پردی سـی و سـێ پلە لە ئیسفەهان هەفتانە دوو بۆ سێ رۆژی هونەریی لەژێردا دەکرێ، خەڵک کۆدەبنـەوە و چەنـد کەسـێک شـیعر و گۆرانی دەڵێن، لەو رێگەیەوە گەنجان لە مەترسـییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، ئاگادار دەکەنەوە.

گەنجێکی ئیسفەهانی بەدیار گروپێکی گۆرانی و میوزیکەوە وەسـتاوە و دەڵێت: "بۆ ئەوی تووشی لادانـی کۆمەڵایەتی نەبین، وەکو کێشـانی تلیاک و شیشـە و جۆرەکانی دیکەی مادەی هۆشـبەر، باشترین رێگا ئەوەیە بێینە لای ئازیزانی خۆمان و چەند ساتێک دانیشین و چێژ ببینین لە دەنگی ئەو گۆرانیبێژانە، دواتریش بچینە سەر کاری خۆمان".

لەگـەڵ ئەوەی کە مادەی هۆشـبەر یەکێکە لە کێشـە گەورەکانی ئێران، بـەڵام رۆژنامەکانی ئەم وڵاتە پڕن لە بابەتی تایبەت بە دۆزی فەلەستین و دژایەتی ئەمریکا و سعودیە.

رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەدەر نییە لەو پەتایەی زۆربەی ئێرانی گرتووەتەوە، بەپێی ئامارەکان، لەو چەند ساڵەی دواییدا بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە شـارەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتان 20% زیادی کـردووە. بـەڵام لـەوێ بەکارهێنەران بە ئاشـکرا لەسـەر شـەقامەکان نیـن، بەڵکـو زۆرتـر لەژێر چاودێریی خێزانەکانیاندان.

کـوروش رووەندی کە لەگەڵ چەند هاورێیەکی کلینیکێکـی تایبەتی راوێژکاریـی کۆمەڵایەتی لە پیرانشـار کردووەتەوە، راهێنان بە ئاڵوودەبووان دەکـەن بۆ ئـەوەی دووریان بخەنـەوە لە ماددەی هۆشـبەر. کوروش بە (رووداو)ی گوت: "گرفتەکە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە بەکارهێنەران منداڵ و گەنجن". ئەو گوتـی: "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە زۆربـەی حاڵەتەکانی جیابوونـەوەی هاوژینەکان بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرە".

هەوڵەکانی حکومـەت و ئامۆژگاریی مەلایان و ناوەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، بەرهەمێکـی ئەوتۆی نەبـووە، چونکـە رۆژبەرۆژ ژمـارەی بەکارهێنەران لە هەڵکشـاندایە. ئەمەش چەندیـن لێکەوتەی خراپـی کۆمەڵایەتی هەبووە، وەکو زیادبوونی ئاماری جیابوونـەوە، زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی و دزی...

بەپێـی ئامارەکانی پۆلیسـی ئێـران، نزیکەی 700 هـەزار کـەس کـە تەمەنیـان لە خـوار 21 ساڵانە، مادەی هۆشبەر بەکاردێنن. 300 هەزاریان تەمەنیان لە 10 – 15 ساڵاندایە.

شۆفێرێکی تاکسی کە دانیشـتووی تارانە، بە (رووداو) دەڵێـت: "خۆفرۆشـی زیـادی کردووە، هەژاری و داوێنپیسی زیادیان کردووە، گەنجەکانمان مادەی هۆشبەری دروستکراو دەکێشن، حکومەتیش دەڵێـت رێگری دەکەین لە هاتنی ئەو مادانە، ئەی ئەگەر رێگری دەکەن چۆن دێتە نێو وڵاتەوە؟".



ئەگەر کڕیار یان فرۆشیاری مادده هۆشبەرەکان نەبیت، تێپەڕبوونت بە شەقامی مەولەویدا ئەستەمە

کوردستانی رووداو
ژمارە (500) - دووشەممە 2018/4/9




## لە باکووری کوردستان 30 "ناوچەی ئەمنیی تایبەت" ڕاگەیێندران

**رووداو – هەولێر**

لە پارێزگای جۆلەمێرگی باکووری کوردستان چەند ناوچەیەکی شارۆچکەکانی گەڤەر، شەمزینان، چەلێ و ناوەندی شاری جۆلەمێرگ "وەکو ناوچەی ئەمنیی تایبەت" ڕاگەیێندران و قەدەخەی هاتوچۆ لەو ناوچانە 15 رۆژ بەردەوامدەبێت.

پارێزگاری جۆلەمێرگ (هەکاری) لە راگەیێندراوێکدا رایگەیاندووە، چالاکییەکانی ئەمدواییەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکە کاریگەریی نەرێنییان کردووەتە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە. بەپێی یاسای ناوچە قەدەخەکراوەکان 30ی ناوچەی سەر بە شارۆچکەکانی گەڤەر، شەمزینان و چەلێ و ناوەندی شاری جۆلەمێرگ لە 9 تاوەکو 23ی نیسان وەکو "ناوچەی ئەمنیی تایبەت" راگەیێندراون.

# نرخی دەرچوونی هەر نەفەرێک لە عەفرین 1000 دۆلارە

**رووداو – هەولێر**

رێکخـراوی چاودێریـی مافەکانـی مـرۆڤ لە راپۆرتێکدا کـە رۆژی 2018/4/8 بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت هێزەکانی رژێمی سـووریا رێگە نادەن ئەو خەڵکەی لە عەفرینەوە لە دەست سوپای تورکیا و هێزە لایەنگرەکانی هەڵدێن، بێنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان، ئاوارەکانی شارەکە بە خۆراکێکی کەم، بەبێ ئاوی خواردنەوە و پێداویستیی دەرمان لە هەندێک ناوچەدا گیریان خواردووە.

هیومان رایتس ووچ (HRW) هۆشداری دەدا کە هێزەکانی سەر بە حکومەتی تورکیا لە شاری عەفریـن و گوندەکانـی دەوروبەری دەسـتیان بە تاڵانی و وێرانکردنی ماڵ و حاڵی خەڵک کردووە.

لەمـا فەقیـە، جێگـری بەڕێوەبـەری بەشـی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی (HRW)دەڵێت: "لەکاتێکدا دۆخی مرۆیی هەموو ئەو هاووڵاتییانەی لە شەڕی عەفرین رایانکردووە زۆر هەستیارە، بەڵام ئەوانەی رێگەیان پێنادرێ بچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و ئەوانەی ماڵ و موڵکیان تاڵان دەکرێت، بەشـێوەیەکی تایبەتـی لەبەردەم مەترسـیدان".

فەقیە داوا دەکات "هێزەکانی تورکیا و هێزەکانی دژی حکومەت (سـوپای ئازاد) کۆتایی بە تاڵانی و وێرانکردنـی مـاڵ و موڵکی خەڵکی مەدەنی لە عەفرین بهێنن و سەربازانی سووریاش چیدی رێگە لـە راکردنی خەڵکی مەدەنی بـۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت نەگرن".

هێرشـی تورکیا و لایەنگرەکانی لە رۆژی 20ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ دەستیپێکرد و دوای دوو مانگ توانییان دەست بەسەر عەفرین و ناوچەکانی دەوروبەریدا بگرن. بە گوێرەی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان شـەڕی عەفرین 137 هەزار کەسی ئـاوارە کردووە و لە نێوان 50 بۆ 70 هەزار کەس لە شارەکەدا ماون.

ژمارەیەک لە ئاوارەکانی عەفرین کە قسـەیان بـۆ هیومان رایتس ووچ کردووە، باسـی نەبوونی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان دەکەن. لەیلا کە نەیویستووە ناوی راستەقینەی ئاشکرا بکرێ، بە (HRW)ی گوت "نانە رەقەش دەسـتناکەوێ، تەنیـا سـاوار هەیە بیخۆین، مـن دووگیانم و لەم شـوێنەدا هیچ دەرمان یان نەخۆشـخانەیەکی لێ نییە".

پزیشـکێک بـە (HRW)ی راگەیاند کە خۆی و هاوکارەکانی لە عەفرین بەرەو ناوچەی شـەهبا رایانکـردووە و ناچـار بوون دەرمان و کەرەسـتە پزیشکییەکان لە پاش خۆیان جێبهێڵن، بۆیەش پێداویسـتییە دەرمانییەکانـی بەردەسـتیان زۆر کەمـە. بـە گوێـرەی راپۆرتەکە، ئەو پزیشـکانە بنکەیەکی چاودێریی پزیشـکییان بۆ ئـاوارەکان کردووەتـەوە، بـەڵام دەرمان و کەرەسـتەکانیان لەقەرەی پێویستییەکان نایەت. پزیشکەکە دەڵێ "لـەم دەشـتەدا نـە ئاو، نـە خـۆراک و نە هیچ کەرەستەیەک شک نابەین".

رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ زانیویەتی ئاوارەکان رێگەیان پێنادرێ روو لەو ناوچانەی ژێر دەسـەڵاتی حکومەت بکەن کە هاوکاریی باشتری تێـدا دەسـتکەوێت. سـێ کەس کە قسـەیان بۆ ئامادەکارانی راپۆرتەکە کردووە، دەڵێن سـەرەتا هەزاران کـەس لە ئاوارەکان هەوڵیـان دابوو روو لە شاری حەلەب و هەردوو شارۆچکەی نوببول و زەهرا بکەن کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان، بەڵام ئـەو هێزانەی لە خاڵەکانی پشـکنینی حکومەت دانرابـوون، داوای 500 هـەزار لیرەی سـوورییان لێکردبوون کە دەکاتە 1000 دۆلار.

> **رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ**
>
> رێ بە ئاوارەکان نادرێ روو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت بکەن کە هاوکاریی باشتریان تێدا دەستکەوێت

پیاوێـک کە دوو رۆژ پێش کەوتنی عەفرین لە شارەکە رایکردبوو، بۆ هیومان رایتس ووچی ئاشکرا کردووە کە " لە خاڵەکانی پشکنین، سەربازەکان بۆ هەر کەسـێک داوای 150 هەزار لیرەی سووری (واتە 291 دۆلاری ئەمریکی)یان دەکرد". ئەوانەی کە نەیاندەتوانی پارەکە بدەن، دەبووایە بگەڕێنەوە گوندەکانـی ناوچـەی عەفریـن یـان لـە ناوچە گوندییەکانی ژێر دەسـەڵاتی حکومەتدا بمێننەوە کە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تێدا نییە.

ئاوارەکانی عەفرین باسـی ئەوەشیان کردووە کـە ئەو چەکدارانـەی لەگـەڵ هێزەکانی تورکیا هاتوونەتـە نێو عەفرینەوە، دەسـتیان بەسـەر مـاڵ و موڵکـی خەڵکـدا گرتووە و لـە هەندێک حاڵەتدا هەڕەشـەی بەکارهێنانـی توندوتیژی و کوشتنیشیان لە خەڵکی شارەکە کردووە.

لەیـلا لەمبارەیەوە بە هیومـان رایتس ووچی گوت "بە چاوەکانی خۆم بینیم دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێـل و تراکتۆرێکدا گرت. ئەوان دەیانگوت ئۆتۆمبێل و تراکتۆرەکەیان بۆ کارێک پێویستە، بەڵام ئێمە هیچکات نەمانبینینەوە. خانووەکەی منیش بـە تەواوەتی تاڵان کراوە، کەلوپەلی ماڵ و قاپ و قاچاخیان شکاند و پارەکەیان بردین و ئێستاش هیچمان بەدەستەوە نەماوە".

لەیلا چەکدارانی جەیش ئەلشـەرقیە و لیوای ئەلفەتحـی ناسـیوەتەوە کـە خەریکـی تاڵان و وێرانکاریی ماڵ و موڵکی خەڵک بوونە، دەشڵێت چەکدارانی ئەو گروپە ناوی خۆیان لەو شـوێنانە دەنووسن کە تێیدا جموجۆڵ دەکەن. تویتەکانی جەیش ئەلشـەرقییە پشتڕاسـتی دەکەنەوە کە چەکدارەکانیـان لەو کاتەدا لـە ناوچەی عەفرین بوونـە. ئەو گرتـە ڤیدیۆییانەش کە لای هیومان رایتس ووچن، پشتڕاستی دەکەنەوە کە چەکداران مەڕومـاڵات، خـواردن و ئۆتۆمبێلـی خەڵـک لە عەفرین دەدزن و جلوبەرگەکانیشیان بەو جۆرەیە کە شایەتحاڵەکان وەسفیان کردوون.

پێشتر میدیاکارێکی نزیک لە حکومەتی تورکیا بـڵاوی کردبووەوە کە رەجـەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئاکپارتی، ئیدانەی تاڵانکارییەکانی سوپای ئازادی سووریای کردبوو، داواشی کردبوو ئەو جۆرە رەفتارانە دەمودەسـت بوەستێنرێن و رێوشوێنی پێویست لەدژی بکەرانی بگیرێتەبەر.

بـەڵام فەقیـە دەڵێـت نیشـانەیەکی ئەوتـۆ بەدی ناکرێ کە سـوپای تورکیا و هاوبەشەکانی هەنگاویـان بـۆ پاراسـتنی هاووڵاتـی مەدەنـی هاویشـتبێ. فەقیـە دەڵێ: "پێویسـتە تورکیا، ئەوەنـدەی بـۆی دەکرێـت، کاریگـەری نەرێنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکەی کـەم بکاتـەوە، ئەمـەش بە پاراسـتنی ماڵ و موڵکـی تایبەتی خەڵکی مەدەنی دەکرێ".

رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت بە گوێرەی یاسـای جەنگ، هەموو لایەنە بەشدارەکانی شەڕ و پێکدادانەکان لەسـەریانە رێگە بە هاووڵاتیانی مەدەنـی بدەن ناوچەکانی شـەڕ چـۆڵ بکەن و دەسـتیان بەهاوکاریی مرۆیی رابگات. هەر ئەو یاسایانەش دەستگرتنی زۆرەملێ بەسەر موڵک و ماڵی خەڵک لە کاتی شەڕدا قەدەغە دەکات و بە تاوانی جەنگ لەقەڵەمی دەدا.

وێرانـکاری و تاڵانـی دوو لـەو هـۆکارە سـەرەکییانەن کە رێ لە گەڕانـەوەی ئاوارەکان بـۆ زێدی خۆیان دەگرن. لـە دۆخی عەفریندا وا دەردەکەوێ کە ئەمە کارێکی بە ئەنقەسـت و بە بەرنامە بێت و، ئامانج لێی گۆڕینی دێمۆگرافیای شارەکە بێت.



به گوێرەی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان شەڕی عەفرین 137 هەزار کەسی ئاوارە کردووە

(فۆتۆ: AFP)

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا چی بەدواوەیە؟

**پۆڵ ئیدن**
**رووداو– هەولێر**

لـە یەک هەفتـەی رابـردوودا بڕیاری سـەرۆکی ئەمریـکا بۆ کشـاندنەوەی هێزەکانـی وڵاتەکەی لە سووریا لە داهاتوویەکی نزیکدا، بابەتێکی گەرم بوو، ئەم بڕیارەی واشـنتن هێزە کوردییەکانی سووریا کە هاوپەیمانـی سـەرەکییان بـوون، دەخاتە دۆخێکی نادیار و مەترسیدارەوە.

دۆناڵـد ترەمـپ، سـەرۆکی ئەمریکا، لـە یەکەم هەنگاویـدا داوای سـڕکردنی ئـەو 200 ملیـۆن دۆلارەی کـرد کـە وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەکـەی بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی رۆژهەڵاتی سـووریا تەرخانی کردبـوو. ترەمپ داوای کـردووە وەزارەتـی دەرەوە زانیاری وردی بداتێ لەسەر ئەوەی ئەو پارەیە بۆچی خەرج دەکرێ، هاوکاتیـش لە چەندین کۆبوونەوەی سەربازی و ئەمنیدا داوای کردووە هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بکشێنرێنەوە.

رۆژی سـێی نیسـان، ترەمـپ لـە کۆنگرەیەکی میدیاییدا لە کۆشـکی سپی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سـووریا گوتی "کاتی هاتووە. ئێمە لە شـەڕی دژی داعشـدا سـەرکەوتوو بووین و لەڕووی سەربازییەوە دەرەقەتی هەموو لایەنێک دێین، بـەڵام هەندێکجار کاتی گەڕانـەوە بۆ ئەمریکا دێت. ئێستاش زۆر بە جیدی بیر لەوە دەکەینەوە".

برێـت مەککگۆرک، نێـردەی تایبەتی سـەرۆکی ئەمریـکا بـۆ هاوپەیمانێتیـی دژی داعش، دوای لێدوانەکەی ترەمپ رایگەیاند هێزەکانی ئەمریکا لە سـووریا "بۆ شـەڕی دژی داعـش لەوێن". جەختی لەسـەر ئـەوەش کردەوە کـە "ئەو هێزانە هێشـتا کاری خۆیان تەواو نەکردووە، بەنیازیشین ئەو کارە تەواو بکەین". بەرپرسـێکی باڵای کۆشکی سپیش لە رۆژی چواری نیسـان بـە (رۆیتەرز)ی راگەیاند، ترەمـپ رازی بـووە بۆ ماوەیەکی کاتـی و تاوەکو تێکشکاندنی تەواوەتی داعش لە سووریا بمێنێتەوە.

> کشانەوەی هێزی پیادە بەمانای راگرتنی هاوکارییەکانی ئەمریکا نییە بۆ هەسەدە
>
> **شارەزایەکی ئەمریکی**

بەرپرسـەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کـردووە کە "بەنیاز نین کتوپڕ لە سـووریا بکشێینەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە سـەرۆک بیەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە سووریا بمێنینەوە".

لینـدسـی گراهام، سـیناتۆری کۆماری، پێیوایە بڕیـاری کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سـووریا هاوشـێوەی بڕیاری ئیدارەی پێشـوو بۆ کشانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێراقـە کە سـاڵی 2011 جێبەجێ کرا. بۆیە گراهام لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا بە (فۆکس نیوز)ی ئەمریکی گوت: "ئەمە خراپترین بڕیارە سەرۆک دابێتی"، چونکە دوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە "داعش دەگەڕێتەوە، شەڕی نێوان تورکیا و کورد لەدەسـت دەردەچێ و دیمەشـق رادەسـتی ئێرانییەکان دەکرێ و رووسیا و ئێران، دەست بەسەر سووریادا دەگرن".

ئیـدارەی ئەمریکا هەر بڕیارێـک بدات کاریگەری بەرچـاو لەسـەر رەوشـی سـووریا و بەتایبەتیـش رۆژئاڤـای کوردسـتان و هێـزە کوردییەکانـی ئەو ناوچەیە دادەنێ کە لە سێ ساڵی رابردوودا هاوبەشی سـەرەکیی ئەمریـکا بوون بۆ شـەڕی دژی داعش و زۆربـەی جـاران بەهێـزی پیـادەی هاوپەیمانان لە سووریا نێودەبردرێن. واشنتن نزیکەی 2000 سەرباز و راوێژکاری لە سووریا هەیە کە لە نزیکەوە یارمەتی هێـزە کوردییەکانیـان داوە بۆ ئـەوەی ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆژهەڵاتی سووریا لە داعش پاک بکەنەوە. لە کۆتایی 2017، ئەمریکا 400 مارینزی لە سووریا کشـاندەوە، ئەمـەش دوای ئـەوەی ئۆپەراسـیۆنی گرتنەوەی رەققە کۆتایی هات.

کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە سـووریا هێزە کوردییەکان و ناوچەی رۆژئاڤای کوردسـتان دەخاتـە بەردەم هەڕەشـەی تورکیا یان سـوپای سـووریا. ئارۆن سـتاین، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، بە (رووداو)ی گوت: "کورد پێویسـتی بـە پاڵپشـتی دەرەکییە بۆ ئەوەی لە هەڕەشـەی دەرەکی پارێزراو بێ".

بەبۆچوونـی سـتاین "کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریکا، بەبێ رێککەوتنی ئاشـتیانەی کورد لەگەڵ حکومەتی سووریا، کورد دەکاتە ئامانجی هێرش کە رەنگە تورکیـا یان هێزەکانی لایەنگری رژێم بیکەنە سەریان".

هاوکارییەکانـی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سـووریای دیموکـرات (هەسـەدە) یەکێـک لـە هـۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان ئەنقەرە و واشـنتن بووە. بۆیەش لێکۆڵەرەکەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک رای وایە "تورکیـا، بەپێچەوانەی گوتارە رواڵەتییەکانـی، نایـەوێ کێشـە بـۆ کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دروسـت بـکات. تورکیا دەیەوێ هاوپەیمانیی نێوان ئەمریکا و هەسەدە تێکبدات و لە رێگای میکانیزمێکەوە کۆنترۆڵی سیاسیی هەسەدە بەسەر شارە جیاجیاکانی سووریا نەهێڵێ".

لە دوای دەستگرتن بەسەر عەفرین، بەرپرسانی بـاڵای تورکیا چەنـد جارێـک رایانگەیاندووە کە ئامانجـی داهاتوویان هێرشـکردنە سـەر مەنبجە. لەلایەکـی دیکەوە دیمەشـق و تارانیش نارەزایەتی خۆیـان بەرامبەر هێزەکانی هەسـەدە و یەپەگە لە رەققـە و دێرەزوور دەربڕیوە، ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە کە رەنگە بە زەبری هێز دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن.

رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆکی تورکیا، لەمەش زیاتر رۆیشـتووە و هەڕەشـەی ئەوەی کرد کـە بەنیازە هەمـوو رۆژئاڤای کوردسـتان کۆنترۆڵ بکات. بەمدواییە ئەردۆغان لە چەندین بۆنەدا باسی ئەوەی کردووە کە بەنیازن هەڵمەتە سەربازییەکەی خۆیان لە عەفرینەوە بەرەو مەنبج، کۆبانێ، قامیشلۆ و دواتر شنگال درێژ بکەنەوە. هەر ئەو هەڕەشەیەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکـە) لەگەڵ حکومەتی عێـراق رێکبکەوێت و هێزەکانی لە شنگال بکشێنێتەوە.

لە ماوەی حەوت سـاڵی رابـردوودا رووداوەکانی سـووریا و رۆژئاڤای کوردستان کاریگەرییان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردسـتان داناوە. سـتاین پێیوایە هێرشێکی دیکەی تورکیا بۆ سەر هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤـا لەدوای کشـانەوەی هێـزە ئەمریکییەکان، بـێ کاریگەری نابێت لەسـەر حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان و جەخـت لەوە دەکاتەوە کە پشـێوی کاریگـەری لەسـەر هەمـوو لایەک دادەنێ، راسـتە هەرێمی کوردسـتان کێشـەی تایبەتی خۆی هەیە، بـەڵام پێکدادانەکانی رۆژئاڤا رەنگدانەوەی لەسـەر ئەویش دەبێ، هەرچەندە سەرکردەی بزووتنەوەکان (لـە کوردسـتانی عێراق و کوردسـتانی سـووریا) نێوانیان خۆش نییە.

جۆشوا لەندیس، پرۆفیسۆر و شارەزای کاروباری سـووریا لـە زانکـۆی ئۆکلاهۆمـا، هاوڕایـە لەگەڵ ستاین و پێیوایە کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە سووریا کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر کوردی سووریا دادەنـێ، بەڵام لەندیس بەدووری دەزانێ ئەمریکا بە کشاندنەوەی هێزە پیادەکانی هەموو هاوکارییەکانی دیکەی بۆ کوردی رۆژئاڤا بوەستێنێ.

لەندیـس لەمبارەیـەوە بـە (رووداو)ی گـوت: "دیمەشـق و ئەنقەرە ململانـێ و کێبڕکێیان دەبێت لەسەر ئەو ناوچانەی ئەمریکا چۆڵیان دەکات، بەڵام نابێ وابزانین پاشەکشەی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لـە سـووریا بەو مانایـە دێت کە هێزی ئاسـمانیی ئەمریکا چیدی هاوکاریی هەسەدە ناکات". لەندیس گومانـی هەیـە "ئەمریـکا بەنیاز بێ هەمـوو جۆرە هاوکارییەکی خۆی بۆ هەسەدە بوەستێنێ".



(فۆتۆ: AFP)

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (500) - دووشەممە 2018/4/9



## ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان کوردستان و تورکیا کەمیکردووە

**ڕووداو – ئیبراهیم خەلیل**

داخرانی ڕێگە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق، بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل. شۆفێرێکی باکووری کوردستان دەڵێ، بەهۆی کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەو کرێیەی وەریدەگرن کەمترە لەو خەرجییەی دەیکەن. ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەڕێژەی 20% لە مانگی ڕابردوو کەمی کردووە. زیاتر لە سێ هەزار بازرگان کەلوپەل لە تورکیاوە هاوردەی باشووری کوردستان و عێراق دەکەن، زیادبوونی باج و دانانی بازگە، بەگوتەی ئەوان گورزێکە و بووەتە هۆی لاوازبوونی ساخکردنەوەی کەلوپەلی تورکیا لە بازاڕەکانی عێراقدا.



# کۆمپانیا و کاندیدای هەڵبژاردن بازاڕی "لایک"یان گەرم کردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەک لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی دروستکردنی پەیج و کۆکردنەوەی لایک بۆ پەیجەکانیان و پاشان فرۆشتنەوەیان، بوونەتە خاوەنی سەرمایە. گەنجێک لە شاری هەولێر دەڵێت، مانگانە نزیکەی 2000 دۆلاری لەو ڕێگەیەوە دەستدەکەوێت.

کڕیارانی پەیجی فەیسبووک زۆرتر کۆمپانیاکان و بەرپرسانی حیزبین، ئێستاش کاندیدەکانی هەڵبژاردن کڕیارێکی باشی ئەو پەیجانەن. ئەم خزمەتگوزارییە (پەیج) لە پێگەی فەیسبووک بێبەرامبەرە و هەر کەسێک ئەکاونتی هەبێ دەتوانێ بە ئاسانی پەیج دابنێ، بەڵام هەندێک کەس بە حازری پەیج دەکڕن، بە تایبەتی ئەو پەیجانەی زۆرترین لایکیان هەیە.

عەبدوڵڵا شاد، خاوەنی پەیجی شاد بۆ کڕین و فرۆشتنی پەیج و سپۆنسەرکردن، دەڵێت: "بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان و کێبڕکێی حیزبەکان و کۆمپانیاکان، ئێستا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پەیج گەرمە و پارەی باش دەکات، بە مەرجێک پەیجەکە چالاک بێت و ژمارەی لایکەکانی زۆر بێت و پەیجێکی سیاسی نەبێت".

عەبدوڵڵا شاد سەبارەت بە نرخی کڕین و فرۆشتنی پەیج بە (ڕووداو)ی گوت: "نرخی پەیج بە گوێرەی ژمارەی لایک و چالاکییەکەی دەگۆڕێ، پەیجێکی 10 هەزار لایکی 10 بۆ 25 هەزار دینار دەکات، 50 تاوەکو 100 هەزار لایک، ئەگەر ئەکتیڤی کەمبێ بە 100 دۆلارە، ئەگەریش ئەکتیڤی مامناوەند بێت بە 300 دۆلارە. ئەگەر زۆر ئەکتیف بێ 500 دۆلار دەکات. ئەو پەیجانەشی یەک ملیۆن لایکیان هەیە و ئەکتیڤن، نزیکەی 10 هەزار دۆلار دەکەن".

عەبدوڵڵا شاد دەڵێت: "ژمارەی لایک مەرج نییە بۆ پەیج، بەڵکو ئەکتیڤی گرنگترە. بۆ نموونە ماوەیەک بەر لەئێستا پەیجێک کە یەک ملیۆن لایکی هەبوو، بەڵام ئەکتیف نەبوو بە 600 دۆلار فرۆشتمان، پەیجێکی دیکەمان کە ژمارەی لایکەکانی 270 هەزار بوو بەس ئەکتیف بوو، بە 700 دۆلارمان فرۆشت، ئێستا هاوڕێیەکم پەیجێکی هەیە کەسایەتییەکی سیاسی 8 هەزار دۆلاری داوەتێ پێی نافرۆشێت".

عەبدوڵڵا کە دوو ساڵە ئەو کارە دەکات، بەگوتەی خۆی تا ئێستا کڕین و فرۆشتنی بە نزیکەی 1000 پەیج کردووە، بەشێک لە پەیجەکان، خۆی دروستی کردوون، بەشێکی دیکەشی دوای کڕینەوە و ئەکتیڤکردنیان فرۆشتوونی. لە پەیجەکەی خۆشی ڕێکلامی بۆ فرۆشتنی سەتان پەیج کردووە.

سەبارەت بە کڕیارانی پەیج، عەبدوڵڵا شاد دەڵێت: "پەیجە زۆر لایککراوەکان و ئەکتیڤەکان، زیاتر لەلایەن منداڵی بەرپرسان و کۆمپانیا گەورەکان و بەرپرسە حیزبییەکانەوە دەکڕدرێن و بەردەوامیش سپۆنسەریان دەکەن بۆ ئەوەی ئەکتیڤیان دانەبەزێ. بچووک و مام ناوەندەکانیش لەلایەن گەنجانی دەستبەتاڵ دەکڕدرێن بۆ هەندێ مەبەستی تایبەتی خۆیان و هەندێکی دیکەشیان بۆ قازانج دەیکڕن".

عەبدوڵڵا کە کاری سپۆنسەریش بۆ پەیجەکان دەکات، دەڵێت مانگانە نزیکەی 2000 دۆلاری لەو کارە دەستدەکەوێ و بەو هۆیەوە بووەتە خاوەنی سەرمایەیەکی باش، بەردەوامیش کاری هەیە.

بەشێک لە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بەزووترین کات کۆمپانیا و کاڵاکانیان بناسێنن، بەدوای کڕینی پەیجێکی چالاکدا دەگەڕێن.

هادی ئەمین، بەڕێوەبەری بەشی دەرفەتی کار لە ماڵپەری ئاوێزە دەڵێت: "جگە لەو ڕێکلامانەی بۆ دەرفەتی کار لە ماڵپەر و پەیجەکانمان بڵاوی دەکەینەوە، زۆرجار هەندێ لە کۆمپانیاکان داوامان لێدەکەن بۆ کڕینی پەیجێکی چالاک ڕێکلامیان بۆ بڵاوبکەینەوە".

هادی گوتی: "مەرجەکانی کۆمپانیاکان بۆ کڕینی پەیج ئەوەیە کە ئەکتیف بێت و ژمارەی لایکەکانی لە 100 هەزار کەمتر نەبێ و ڕاستەقینەش بن. هەروەها پەیجەکە بتوانرێت ناوەکەی بگۆڕدرێت. هەر پەیجێک ئەم مەرجانەی تێدابێت 300 تاوەکو 600 دۆلار دەکات".

## کاندیدەکان پەیج دەکڕن

ئەوەی ئێستا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پەیجەکانی فەیسبووکی گەرموگوڕتر کردووە، بەشێک لە کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقن کە 12ی ئایاری داهاتوو بەڕێوەدەچێ.

محەممەد جاف، گەنجێکی شاری هەولێرە و سەرتاشە. ئێستا لەپاڵ پیشەکەی کڕین و فرۆشتنی پەیجی فەیسبووک دەکات، بەگوتەی خۆی مانگانە داهاتێکی باشی دەستدەکەوێت، محەممەد دەڵێت: "تا ئێستا زیاتر لە 30 پەیجم کڕیوە و فرۆشتوومەتەوە، قازانجێکی باشم کردووە".

سەبارەت بە نرخی پەیجەکانیش دەڵێت: "لە 10 دۆلارەوە دەستپێدەکات تا 10 هەزار دۆلار، بەڵام پەیجیش هەیە کە زیاتر لە دوو ملیۆن لایکی هەیە، 20 هەزار دۆلاری پێدراوە، خاوەنەکەی نایفرۆشێ".

محەممەد جگە لە پەیجی کوردی، دوو پەیجی میسریشی کڕیوە. ئەو دەڵێت: "لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی کڕین و فرۆشتنی پەیج هەیە، بەڵام پەیجە ملیۆنییەکان زیاتر میسرین، هەندێ خەڵک ئەو پەیجە ملیۆنیانە دەکڕن و ناوەکەی دەکەنە کوردی، لەگەڵ پەیجێکی ئەکتیڤی کوردی تێکەڵی دەکەن و بە 25 دۆلار سپۆنسەری دەکەن، کاتێک بەکارهێنەرانی فەیسبووک دەبینن پەیجەکە ملیۆنییە، لایکی دەکەن، بە ماوەیەک ئەکتیڤی بەرز دەبێتەوە، سێ بەرامبەری بەهاکەی قازانج دەکات".

محەممەد دەڵێت پەیجی بۆ کەسایەتیی سیاسی بە شەش هەزار دۆلار کڕیوە. لە کڕین و فرۆشتنی هەر پەیجێکیش 50 تاوەکو 200 دۆلاری دەستدەکەوێ.

سەبارەت بە کڕیاری پەیجەکان، محەممەد جاف گوتی: "بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسان، کۆمپانیاکان و هەندێ کەس کە دروستکردنی پەیج و فرۆشتنیان کردووە بە پیشە، ئەم پەیجانە دەکڕن، بەڵام ئەوەی ئێستا بازاڕی پەیجی گەرم کردووە قەوارە و کاندیدی حیزبەکانن".

محەممەد گوتی: "پەیجێکی 40 هەزار لایکی ناچالاکم بە 150 دۆلار بە کاندیدێکی پەرلەمان فرۆشت کە پەیجەکە خۆی تەنیا 50 دۆلاری دەکرد".

گوتیشی: "بەشێوەیەکی گشتی پەیجی ڕۆشنبیری گشتی، وتە و شیعری عاشقانە، یان کۆمیدی کڕیاریان زۆرە، چونکە ئەکتیڤن و بە ئاسانیش دەتوانرێ ژمارەی لایکەکانیان بەرز بکرێتەوە، بەڵام پەیجی سیاسی پارە ناکات".




لە کوردستان نرخی پەیجی فەیسبووک گەیشتووەتە 20 هەزار دۆلار

### "پەیجی سیاسی پارە ناکات"

### مانگانە 2000 دۆلارم لە کڕین و فرۆشتنی پەیج دەستدەکەوێ

گەنجێک

### ئینستاگرام گرانە

هاوشێوەی پەیجی فەیسبووک و پەیجی ئینستاگرامیش بازاڕی گەرمە و پارەی باش دەکات. عەبدوڵڵا شاد، دەڵێت :"پەیجی ئینستاگرام بەهۆی ئەوەی وەک فەیسبووک بەئاسانی لەڕێگەی سپۆنسەر و پەیجی گەورە فۆلۆ بۆ زیادناکرێت، بۆیە ئەگەر چالاک بێت و ژمارەی فۆلۆوەرەکانی زۆر بێت پارەی باش دەکات، بۆ نموونە پەیجێکی ئینستاگرام 700 هەزار فۆلۆی هەبوو زۆر چالاک نەبووە بە 2.500 دۆلار فرۆشرا، پەیجی چالاک بە 8 هەزار دۆلار فرۆشراوە. ئەگەر پەیجێکی ئینستاگرام ملیۆنێک فۆلۆی هەبێت و چالاک بێت زیاتر لە 10 هەزار دۆلار دەکات". عەبدوڵڵا شاد گوتیشی"لە هەولێر و سلێمانی پەیج پارەی باش دەکات، بەڵام لەدهۆک زیاتر ئینستاگرام پارە دەکات".

## لە چوار ساڵی ڕابردوودا بایی 4 تریلیۆن دینار کاڵای کارەبایی هێنراوەتە کوردستان

# هێنانی کەلوپەلی کارەبایی بۆ کوردستان پاشەکشە دەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

خاوبوونەوەی دروستکردنی خانووبەرە و ڕاوەستانی کار لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بەهۆی قەیرانی دارایی، کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بازرگانیی هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی داناوە، بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی، هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی بە ڕێژەی 70% دابەزیوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بازرگانان لە ڕێگەی 1.106 مۆڵەتەوە بایی 4 تریلیۆن و 545 ملیار و 175 ملیۆن دینار کەلوپەلی کارەباییان هاوردە کردووە.

زۆرترین کەلوپەلی کارەباییش لە ساڵی 2013 هاوردە کراوە کە بایی یەک تریلیۆن و 735 ملیار و 600 ملیۆن دینار بووە، لە ساڵی 2014 بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، قەبارەی هاوردەکردنی ئەم کاڵایانە 21% کەمی کردووە. لە سێ ساڵی ڕابردوودا هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بە جۆرێک بەهای هاوردەکراو لە ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە ساڵی 2013 بەڕێژەی 70% دابەزیوە.

نەوزاد ئەدهەم ، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بە (ڕووداو)ی گوت: "لە سێ ساڵی ڕابردوودا هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام لەدابەزیندایە، بەجۆرێک بەهای هاوردەکردنی ئەم کاڵایانە لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا نەگەیشتووەتە بەهای هاوردەکراو لە ساڵی 2013".

نەوزاد ئەدهەم بە پشتبەستن بە داتا تۆمارکراوەکانی وەزارەتەکەی دەڵێت: "لە سێ ساڵی ڕابردوودا بازرگانان بایی ترلیۆنێک و 447 ملیار دینار مۆڵەتی هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەباییان وەرگرتووە، ئەمە لەکاتێکدایە بە تەنیا لەساڵی 2013 بایی تریلیۆنێک و 735 ملیار دینار کەلوپەلی کارەباییان هاوردەکردبوو".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی بازرگانی هۆکاری کەمبوونەوەی هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی، بۆ بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغدا، سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، وەستانی پێشینەکانی خانووبەرە و کار لە پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و گرفتی هەناردەکردنی کاڵای لە کوردستانەوە بۆ شارەکانی عێراق گەڕاندەوە.

ئەو گوتی: "نزیکەی 70%ی ئەو کاڵا کارەباییانەی بازرگانان هاوردەی کوردستانی دەکەن، جارێکی دیکە بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرێت، حکومەتی عێراق بۆ لاوازکردنی گەشەی بازرگانی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لە بازگەکان دووبارە گومرگ لە بازرگانانی کوردستان وەردەگرێ، ئەمەش وایکردووە بازرگانان کەمتر لە جاران کەلوپەلی کارەبایی هاوردە بکەن".

ئەو گرفتانە بازرگانانی ناچار کردووە زۆرتر کاڵای کواڵیتی نزم و هەرزان هاوردە بکەن، بۆ ئەوەی بۆیان ساخ ببێتەوە.

سەنگەر محەممەد، بەڕێوەبەری جێبەجێکردن لە گرووپی کۆمپانیاکانی ساکار کە کەلوپەلی کارەبایی لە چین، ئیمارات، تورکیا، ئێران و هیندستان و بەریتانیاوە هاوردە دەکات، دەڵێت: "بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن، خواست لەسەر کەلوپەلی کارەبایی زۆر لاواز بووە، بۆیە بەراورد بە پێشتر فرۆشمان بەڕێژەی 80% کەمی کردووە".

بە گوتەی سەنگەر، بەهۆی بێ بازاڕییەوە بەشێک لە بازرگانان وازیان لە هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی هێناوە و ئێستا کاڵای دیکە هاوردە دەکەن، هەندێک کۆمپانیاش بە تایبەتی ئەوانەی کاڵایان بە قەرز فرۆشتووە و قەرزەکەیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، مایەپووچ بوون.

بەهۆی کەمبوونەوەی توانای دارایی خەڵک بۆ کڕین، ئێستا لە بازاڕەکانی کوردستان زیاتر خواست لەسەر ئەو جۆرە کاڵایانەیە کە نرخیان هەرزانە و کواڵیتیان کەمێک باشە.

سەنگەر دەڵێت: "بەهۆی لاوازیی کواڵیتی کۆنترۆڵ لە خاڵە سنوورییەکان، بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕ بوون لە کاڵای کارەبایی زۆر خراپ کە نرخیان زۆر هەرزانە، ئەمەش وایکردووە فرۆشی کاڵای باش زۆر کەم ببێتەوە، بۆ نموونە سپۆت لایتێکی ئاسایی جۆری زۆر باش ئەگەر نرخەکەی 6 دۆلار بێت، کواڵیتی نزمەکەی بە 2.5 دۆلارە، زۆر خراپەکەی بە 1.5 دۆلارە".

زۆربەی ئەو کاڵا کارەباییانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، هاوردەکراون و بەرهەمی ناوخۆ زۆر بەکەمی هەیە. سەنگەر دەڵێت: "دەتوانم بڵێم 99%ی ئەو کاڵایانە لە بازاڕەکان هەن، هاوردەن. چونکە بەرهەمی خۆماڵی لە بازاڕەکانی کوردستان خواستی لەسەر نییە، تێچووەکەشی زۆرە و ناتوانێ کێبڕکێی کاڵای هاوردە بکات".

بەشێک لە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان پشت بەشارەکانی عێراق دەبەستن هەیە، گرووپی کۆمپانیاکانی ئەدهەم بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی و سورەیا، یەکێکە لەکۆمپانیا گەورەکانی بواری هاوردەکرنی کەلوپەلی کارەبایی کە کاڵا لە چین، میسر، چیک و ئیتاڵیا و ئیسپانیا هاوردە دەکات.

عەلی یوسف، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە گرووپی کۆمپانیاکانی ئەدهەم دەڵێت "پێشتر کڕیارمان لە زۆربەی شارەکانی بەگشتی و بەغدا و مووسڵ بە تایبەت هەبوو، نزیکەی 50%ی کاڵاکانمان بۆ شارەکانی عێراق دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا بەهۆی دووبارە وەرگرتنەوەی گومرگ و ناسەقامگیری ڕێگاکان، کاڵاکانمان زۆر بەکەمی بەشارەکانی عێراق دەفرۆشین".

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان جگە لە مارکە ناسراوەکان، بە سەتان جۆر کاڵای کارەبایی هەن کە دروستکراوی کارگەکانی چین و لەسەر داوای بازرگان و کۆمپانیاکان بەکوالێتی نزم دروستدەکرێن هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن کە هەندێکیان بە مارکە و هەندێکیشیان بە تەقلید لەبازاڕەکان دەفرۆشرێن.

عەلی یوسف، دەڵێت "لەبازارەکانی هەرێمی کوردستان جۆرەها کاڵای کارەبایی کوالێتی نزم هەن، بازرگانی وامان هەیە دەچێت لە چین کامە کوالێتی خراپە هاوردەی دەکات بۆ نمونە گلۆپ و لیدیان هێناوە بەزەمان دەیفرۆشن تەنیا چەند ڕۆژێک کار دەکات، ئەگەر کڕیارەکە بەدوای زەمانەکە بچێت بۆی دەگۆڕن، بەڵام ئەویش هەر وەک ئەو کوالێتی نزمە، بەشێوەیەکی گشتی لە چین هەر بۆ کاڵایەک 10 جۆر کواڵیتی هەیە بەشێک لە بازرگانەکان خراپترین کوالێتی دەهێنن، بۆیە بەهەر نرخێک بفرۆشن قازانجیانە".

کۆمپانیای ئەدهەم زۆرتر گرنگی بە هاوردەکردنی سورەیا دەدات، نرخی ئەو سورەیانەی کۆمپانیاکە هاوردەیان دەکات بە گوتەی عەلی یوسف لە 100 دۆلارەوە دەست پێدەکات تاوەکو 20 هەزار دۆلار، ئەگەر خواست هەبێ سەرووی ئەم نرخەش هەیە.

عەلی یوسف دەڵێت "هەموو کەسێک لە جۆر و بەهای سورەیا نازانێت لەهەرێمی کوردستان چێنێک هەیە بەهای سورەیا دەزانێت ئەگەر بەدڵی بێت و مارکە بێت بەهەر نرخێک بێت دەیکرێت، بۆیە بە بەراورد بەکاڵاکانی دیکە نرخی سورەیا دانەبەزیوە، خواستیش لەسەری باشە".

### بازرگانێک

### لە چین بۆ هەر کاڵایەک 10 جۆر کواڵیتی هەیە، بازرگانی کورد داوای خراپترینیان دەکات

**مۆڵەتی هاوردەکردنی کەلوپەلی کارەبایی لە 2013 تاوەکو 2017**

| ساڵ | ژمارەی مۆڵەت | بڕی پارە |
|---|---|---|
| 2013 | 362 | 1.735.600.000.000 |
| 2014 | 410 | 1.362.050.000.000 |
| 2015 | 187 | 579.600.000.000 |
| 2016 | 154 | 342.170.000.000 |
| 2017 | 193 | 525.300.000.000 |
| کۆی گشتی | 1.106 | 4.545.175.000.000 |

## راپۆرتی پەیمانگەی وزەی عێراق لەبارەی کەرتی غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان:

# عێراق دەتوانێ لە جیاتی ئێران غـ



کوردستان پلانی فراوانکردنی توانای پاڵاوگەکانی کەڵـەک و بـ

**غازی سلێمانی دەتوانێ ببێتە دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان لە بەغدا**

**کۆتایی ساڵی رابردوو قەرزەکانی کوردستان گەیشتبوونە 25 ملیار دۆلار**

**هەولێر لەگەڵ بەغدا رێکنەکەوێ، ناتوانێ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکاتەوە**

**چانسی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی غازی سروشتی زیاترە لە نەوت**

**کارکردن لە سەرچاوە غازییەکانی کوردستان ئاسانترە لەوانەی عێراق**

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە، هەوڵی فراوانکردنی سنووری ئۆتۆنۆمی خۆی داوە و هەنگاوی بەرەو سەربەخۆیی ناوە. نەوت و غاز دوو فاکتەری سەرەکی بوون لەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆیی پەرەبستێنێ و لەسەر ئاستی ناوچەییش پێگەیەکی نوێ وەربگرێت. پەیمانگای وزەی عێراق لە راپۆرتێکی تێر و تەسەلدا لایەنەکانی کەرتی هایدرۆکاربۆنی هەرێمی کوردستانی شیکردووەتەوە کە لێرەدا پوختەیەکی دەخەینە روو.

راپۆرتەکە بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بێ گۆڕانکاریی جەوهەری لە ستروکتوری کەرتی وزە و پێکهاتە و پلانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ناکرێ چاوەڕێی گەشەی زیاتری ئەو کەرتە لە داهاتوودا بکرێ.

### یەدەگ و سەرچاوەکان

گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک خێرا و بەربڵاوبوو کە لەسەر ئاستی جیهاندا بە یەکێک لە بەرزترین ئاستەکانی گەڕانی سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا لەقەڵەم دەدرا. تاوەکو 2005 بیست هەڵمەتی گەڕان و هەڵسەنگاندنی بیرە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تۆمار کرابوون، لە نێوان ساڵانی 2005 تاوەکو ئەیلولی 2014 (کە قەیرانی نرخی نەوت بە تەواوەتی دەرکەوت) 160 هەڵمەتی دیکەی گەڕان بەڕێوەچوون.

وەک راپۆرتەکە دەڵێت، مەزندەی جیاواز بۆ یەدەگی نەوتی کوردستان هەیە و ئەو مەزندانەش بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا دێت. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕی نەوتی یەدەگی کوردستانی بە 45 ملیار بەرمیل دانابوو، بەڵام لە ئایاری 2015 مەزندەکەی بۆ 70 ملیار بەرمیل بەرز کردەوە. بە بۆچوونی ئامادەکاری راپۆرتەکە ئەم ژمارەیە هیچ بناغەیەکی تەکنیکیی نییە، ئینجا ئەو ژمارەیە نەوتی یەدەگی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش دەگرێتەوە کە چیدی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نین.

ساڵی 2000 فەرمانگەی رووپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا بڕی نەوت و غازی شلی نەدۆزراوەی کوردستانی بە 41 ملیار بەرمیل خەمڵاند، بڕی غازی سروشتی کوردستانیشی بە 54 ملیار پێ سێجا مەزندە کرد. بەگوێرەی راپۆرتی کۆمپانیاکان و راپۆرتەکانی حکومەت، بڕی نەوتی یەدەگی پشتڕاستکراوەی هەرێمی کوردستان 6.7 ملیار بەرمیلە.

راپۆرتەکەی پەیمانگەی نەوتی عێراق بە پشتبەستن بە راپۆرتی 2015ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەدەگی غازی پشتڕاستکراوەی کوردستان 25 ترلیۆن پێ سێجایە، بەگوێرەی راپۆرتەکە چانسی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی سەرچاوەی نوێی غازی سروشتی زیاترە لە هی نەوت، بەو پێیەش کە سەرچاوە غازییەکانی هەرێمی کوردستان پاکن (واتە تێکەڵاو بە سەرچاوەی نەوتی نین)، کارکردن و کۆنترۆڵکردنیان لە سەرچاوە غازییەکانی عێراق ئاسانترە.

### ژێرخانی وزەی کوردستان:

کاتێک لە ساڵی 2005 حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە پەرەپێدانی ژێرخانی هایدرۆکاربۆن کرد، ژێرخانی نەوتی هەرێمی کوردستان یەکجار سنووردار بوو. بەڵام لەو کاتەوە ژێرخانەکە بەجۆرێک گەشەی کردووە کە بەشی بەرهەمی پیشەسازیی وزەی کوردستان دەکات.

بەڵام گەشەی ژێرخانی هایدرۆکاربۆنی کوردستان لە 2015ەوە خاو بووەتەوە، ئەمەش بۆ نەمانی بودجە و شەڕی دژی داعش دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە بۆڕییە نەوتییەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەندەری جەیهان لە تورکیا، ئەم بۆڕییە لەسەر کاغەز توانای گواستنەوەی 1.6 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە لە رۆژێکدا، بەڵام تێکچوونی بەردەوامی هەندێک لە بەشەکانی و چاکنەکردنەوەیان، توانای ئەو بۆڕییەی بۆ تەنیا 500 بۆ 600 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزاندووە. راپۆرتەکە دەڵێت ئەگەر بڕیار بێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرزبکرێتەوە (وەکو لە رێککەوتنەکەی رووسنەفت و کوردستاندا هاتووە)، ئەوە بۆڕییەکان پێویستیان بە چاککردنەوەیە، بەڵام بۆ ئێستا پێویست نییە، تەنانەت ئەگەر بڕیار بێت بەرهەمی نەوتی کەرکووکیش بگەڕێتەوە ناو ئەو بۆڕییە.

### ئاستی بەرهەمهێنان، داوا و هەناردەی نەوت

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە تشرینی دووەمی 2016 وە هیچ ژمارەیەکی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی بڵاونەکردووەتەوە. لە راپۆرتەکەی 2016دا ئاستی بەرهەمهێنان 597 هەزار و 587 بەرمیل لە رۆژێکدا بووە، جیا لەمە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتیش رۆژانە 64 هەزار و 102 بەرمیلی لە کەرکوک بەرهەمهێنابوو.

ئەوکات رۆژانە 587 هەزار و 646 بەرمیل هەناردە دەکرا و 64 هەزار و 102 بەرمیلیش رەوانەی پاڵاوگەکانی نێوخۆ دەکران. ئاستی هەناردەکردن بۆ بەندەری جەیهان لە ئەیلولی 2017 بریتی بووە لە 583 هەزار و 600 بەرمیل لە رۆژێکدا، بەڵام بەهۆی کەوتنی کەرکووکەوە ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەرە تورکییەکە لە کانوونی یەکەمی 2017 بۆ 275 هەزار و 575 بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزی.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، بازاڕە سەرەکییەکانی نەوتی کوردستان لە باشووری ئەورووپا هەڵکەوتوون، واتە یۆنان، ئیتاڵیا، کرواتیا و ئیسپانیا. گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ قوبرس و ئیسرائیلیش بەشێوازی دیکە دەکرێت.

راپۆرتەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پێگەی دارایی لاوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارێکە بۆ ئەوەی نەتوانێت پارە بخاتە نێو پەرەپێدانی ژێرخانی غاز (هەرچەندە رووسنەفت لەوانەیە ئەو پارەیە تەرخان بکات)، یان پارەی کۆمپانیاکان بە تەواوەتی و لە کاتی خۆیدا بدات، هەموو ئەوانەش بەربەست بۆ وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنان دروست دەکەن، بۆیەش راپۆرتەکە پێشبینی دەکات بەرهەمهێنانی راستەقینەی کوردستان لە خوارەوەی ئەو ئاستە بێت کە باس دەکرێت.

هەرێمی کوردستان دوو پاڵاوگەی سەرەکی هەیە کە یەکەمیان پاڵاوگەی کەڵەکە و توانای پاڵاوتنی رۆژانە 100 هەزار بەرمیلی هەیە. بەپێی پلانێک، دەبوو لە ساڵی 2018 تواناکەی بۆ 175 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکرێتەوە. دووەم پاڵاوگەش لە بازیانە کە توانای پاڵاوتنی 34 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لە رۆژێکدا، بەپێی پلانەکە، دەبوو توانای پاڵاوتنی رۆژانەی ئەو پاڵاوگەیەش ئەمساڵ بۆ 100 هەزار بەرمیل بەرز بکرێتەوە. بەڵام پلانی فراوانکردنی توانای هەردوو پاڵاوگەکە راگیراوە و چاوەڕێش ناکرێ دەست بە جێبەجێکردنی بکرێتەوە.

جیا لەم دوو پاڵاوگە سەرەکییە، لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا نزیک 150 پاڵاوگەی بچووک هەن کە توانای پاڵاوتنی رۆژانەی هەموویان 145 هەزار بەرمیل نەوتە. بەو پێیەش کۆی توانای پاڵاوتنی نەوتی هەرێمی کوردستان 284 هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا. ساڵی 2015 وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پرۆژەی دروستکردنی سێ پاڵاوگەی لە دهۆک، سلێمانی و هەولێر خستە نێو تەندەرەوە، کە کۆی توانای رۆژانەی پاڵاوتنی هەرسێکیان نزیک 150 بەرمیل بوو. بە گوێرەی ئەو راپۆرتەکە ئەگەر ئەو سێ پرۆژەیە زیندوو بکرێنەوە ئەوە کوردستان لە درێژخایەندا دەبێت بە هەناردەکارێکی سەرەکیی بەرهەمە نەوتییەکان.

### بەرهەمهێنان، خواست و هەناردەکردنی غاز

بەرهەمهێنانی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان لە نێوان 3 بۆ 4 ملیار مەتر سێجایە کە ئێستا هەمووی بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی تەرخانکراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زووەوە تموحی هەناردەکردنی غازی بۆ تورکیا لەسەردا بووە. بەپێی رێککەوتنەکەی 2013، حکومەتی هەرێم دەبووایە لە 2017دا بتوانێت 4 ملیار مەتر سێجا غاز بۆ تورکیا هەناردە بکات، بڕیار بوو ئاستی هەناردەکە لە 2020 بگاتە 10 ملیار و دواجاریش کوردستان 20 ملیار مەتر سێجا غاز رەوانەی تورکیا بکات، بەڵام ئەو پرۆژەیە بەهۆی کێشەی پەرەپێدانی کێڵگەکان، مەلەفی دانا غاز لە دژی کوردستان (کە چارەسەر بووە) و خاوبوونەوەی پەرەپێدانی ژێرخانی وزەی کوردستان خاوبووەتەوە.

راپۆرتەکەی پەیمانگای نەوتی عێراق ئاشکراشی دەکات کە بەگوێرەی ئەو رێککەوتنەی لەسەر کەیسی دانا غاز دژی کوردستان کراوە، لە کۆتایی 2019دا، بەرهەمی کێڵگەی غازی کۆرمور لە 3.4 ملیار مەتر سێجاوە بۆ 8.3 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا بەرز دەکرێتەوە، کە 2.6 ملیار مەتر سێجای بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی تەرخان دەکرێت. چەمچەماڵیش توانای بەرهەمهێنانی 6 ملیار مەتر سێجای لە ساڵێکدا هەیە، غازی تێکەڵاو دەتوانێت سەرچاوەی بەرهەمهێنانی 2.1 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا بێت. هەردوو کێڵگەی تۆپخانە و کوردەمیریش دەتوانن 1.6 ملیار مەتر سێجا بەرهەم بهێنن.

بەرهەمهێنانی 29 ملیار مەتر سێجا لە

**ژمارەکانی یەدەگی نەوتی کوردستان هیچ بناغەیەکی تەکنیکییان نییە**

### خشتەی کێڵگە سەرەکییەکا نی غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان:

| کێڵگە | یەدەگی نەوتی سەلمێندراو و خەمڵێنراو (ملیۆن بەرمیل): کانوونی دووەمی 2016 | یەدەگی نەوتی سەلمێندراو و خەمڵێنراو (ملیۆن بەرمیل): تشرینی دووەمی 2017 | یەدەگی غازی سەلمێندراو و خەمڵێنراو (ملیار پێ سێجا): کانوونی دووەمی 2016 | یەدەگی غازی سەلمێندراو و خەمڵێنراو (ملیار پێ سێجا): تشرینی دووەمی 2017 |
|---|---|---|---|---|
| خورمەڵە | 2726 | 2516 | 3.69 | 3.46 |
| شێخان | 1001 | 861 | 1.3 | 0.953 |
| ئەترووش | 854 | 389 | 0.1 | 0.066 |
| تاوکێ | 731 | 504.123 | 0.1 | 0 |
| تەقتەق | 579 | 59.124 | 0.1 | 0 |
| کوردەمیر | 541 | 600 | 2.3 | 2.26 |
| شێخ عادی | 531 | 112 | 0.4 | 0.4 |
| پوڵخانە | 409 | 409 | 0 | 1.8 |
| تۆبخانە | 55 | 55 | 1.7 | 1.665 |
| چەمچەماڵ | 110 | 119 | 3.4 | 6.6 |
| کۆرمۆر | 138 | 191 | 4.4 | 8.5125 |
| میران | 34 | 92 | 3.5 | 4.3 |
| بەناباوی | 45 | 17 | 4.9 | 7.1 |
| سمێل | 0 | 0 | 1.4 | 0 |
| شێواشان | 0 | 75 | 0 | 0 |
| پیرمام | 0 | 4 | 0 | 0.88 |
| دمیرداغ | 169 | 108 | 0 | 0 |
| عەین ئەلسەفا | 0 | 0 | 0 | 0 |
| بانان | 85 | 86 | 0 | 0 |
| زێی گەورە | 112 | 117 | 0 | 0 |
| تازە | 0 | 165.8 | 0 | 0.3659 |
| شاکەل | 0 | 45 | 0 | 0.138 |
| سەرقەڵا | 0 | 79 | 0 | 0.24 |
| پیشخابوور | 0 | 48 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 8120 | 6652 | 27.3 | 38.7 |



# ـاز لـە سلێمانی بکڕێ



ــــازیانی راگرتووە ■ (فۆتۆ: ڕووداو)

**بەرهەمی راستەقینەی نەوتی کوردستان لە خوار ئەو ئاستەیە کە باس دەکرێ**

سالێکدا و هەناردەکردنی ساڵانە 20 ملیار و دواتر 30 ملیار مەتر سێجا غاز لەلایەن رووسنەفت بۆ تورکیا شتێکی مومکینە، بەڵام هەموویان بەستراونەتەوە بەوەی هەموو ئەو کێڵگانە لە کاتی خۆیاندا کاریان لەسەر بکرێ.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، بازاڕی وزەی تورکیا تاکە بازاڕی غازی کوردستان دەبێت. بەڵام راپۆرتەکە هۆشداری دەدات لە چەند ساڵی داهاتوودا تورکیا ناتوانێت هەموو غازی کوردستان بەکاربهێنێ. تورکیا لە ساڵی 2016 دا بڕی 42.3 ملیار مەتر سێجا غازی هاوردە کردووە. لە رووسیاوە 24.5 ملیار مەتر سێجا و لە ئێرانەوە 7.7 ملیار مەتر سێجا، هەروەها ئازەربایجان 6.5 ملیار مەتر سێجا و جەزائیر 4.3 ملیار مەتر سێجا.

تاوەکو 2020 ئاستی هاوردەی ساڵانەی غازی تورکیا لە ئازەربایجانەوە دەگاتە 16 ملیار مەتر سێجا و دواجاریش بۆ 31 ملیار مەتر بەرز دەبێتەوە. لەو بڕە غازە تەنیا 6 ملیاری لە تورکیا دەسووتێنرێ و ئەوەی دیکەی بە بۆڕیی غازی ترانس ئادریاتیک رەوانەی ئەوروپا دەکرێ. جیا لەمە لە چارەکی چوارەمی 2019 بۆڕی غازی تورکیش ستریم دەستبەکار دەکات کە توانای گواستنەوەی 31.5 ملیار مەتر سێجا غازی هەیە، تورکیا لە رێگەی بلوستریمیشەوە بەردەوام دەبێت لە ناردنی 16 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا.

راپۆرتەکە هەروەها دەڵێت، بەبێ هاوردەکردنی غازی شلی سروشتیش، توانای بۆڕییەکانی تورکیا لە 2020ەوە بۆ 70 ملیار مەتر سێجا بەرز دەبێتەوە. دوایین راپۆرتی پەیمانگای ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوەی وزە دەریدەخات بەکارهێنانی غازی سروشتی لە تورکیا لە ساڵانی داهاتوودا روو لە کەمی دەنێت، چونکە تورکیا خەریکی دروستکردن و دامەزراندنی سەرچاوەی نوێی وزەیە، لەوانەش وزەی ئەتۆمی.

بەپێی ئەو فاکتەرانە، راپۆرتەکە دەڵێت ئەگەرێکی کەم هەیە بازاڕی تورکیا بتوانێ ئەو 10 ملیار مەتر سێجا غازە بەکاربهێنێ کە بڕیارە لە 2020 لە کوردستانەوە رەوانەی تورکیا بکرێ، چجای ئەوەی 20 بۆ 30 ملیار مەتر سێجا بەکاربهێنێ کە بڕیارە لەساڵانی دوای 2020 بەولاوە هەناردە بکرێ. راپۆرتەکەی پەیمانگای وزەی عێراق چاوەڕێ دەکات تورکیا بەشێک لە غازی کوردستان وەک شوێنگرەوەی غازی ئێران بەکاربهێنێ کە هەم گرانە و هەمیش هی ئەوە نییە بە تەواوەتی پشتی پێ ببەسترێ. بەڵام بەشی زۆری غازەکەی کوردستان لە رێگەی بۆڕی ترانس ئاناتۆلیاوە رەوانەی ئەوروپا دەکرێ.

پەیمانگەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێ لە بازاڕی تورکیا یان ئەوروپا رکابەریی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی دیکە بکات، دەبێ ئاگای لە دانانی نرخ بێ.

لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی رابردوودا، کۆمپانیای رووسنەفت بەشێوەیەکی چالاکانە هاتووەتە ناو کەرتی غازی هەرێمی کوردستان. رووسنەفت گەورەترین رکابەری گازپرۆمی رووسییە، لە کاتێکدا گازپرۆم غازی هەردوو بۆڕی بلوستریم و تورکیش ستریم دابین دەکات. بەگوێرەی راپۆرتەکە تاوەکو ئێستا دیار نییە ئاخۆ ئەو دوو کۆمپانیایە وەکو رکابەر کار دەکەن یان رووسنەفت دەیەوێ یەکێک لە رکابەرەکانی داهاتووی رووسیا لە بواری غازی سروشتیدا جڵەو بکات، بە جۆرێک پێشکەوتنی رکابەرەکەی (واتە کوردستان) خاو بکاتەوە، بەو پێیەش

**کوردستان دەتوانێ ببێتە هەناردەکارێکی سەرەکیی بەرهەمە نەوتییەکان**

**هەرێمی کوردستان دەتوانێ رۆژانە 284 بەرمیل نەوت بپاڵێوێت**

قورسایی جیۆپۆلیتیکی رووسیا لە رێگەی غازی سروشتییەوە بپارێزێ.

بە گوێرەی راپۆرتەکە "دیوی باشووری هەرێمی کوردستان کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان تێیدا باڵادەستن، دەتوانێت غاز بۆ عێراق هەناردە بکات، یان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و پاشان هەناردەکردنی سوودی لێ وەربگرێ، چونکە ئێستا عێراق بە نرخێکی بەرز غاز لە ئێران دەکڕێ". راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە کێڵگەی وەکو تۆپخانە و کوردەمیر لە بەغداوە نزیکترن تاوەکو لە سنووری تورکیا. راپۆرتەکە پێشبینی دەکات کە ئەم غازە دەتوانێ دەرفەتێک بێت بۆ بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سلێمانی و بەغدا.

## بودجە و قەرزەکانی کوردستان

کورتهێنانی بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 2012 و 2013 یەکجار کەم بوو. بەڵام لە ساڵی 2014ەوە قەرزەکانی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد. راپۆرتەکە هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ: بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی، دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت، شەڕی دژی داعش و داخرانی رێگە بازرگانییەکانی نێوان کوردستان و ناوەڕاستی عێراق، هەروەها لەخۆگرتنی سەتان هەزار ئاوارەی شەڕی داعش.

جگە لە مووچە، پێداویستی ئاسایش و پشتیوانی دارایی سەر خۆراک، بەشێکی زۆر لە داهاتی کوردستان بۆ پشتیوانی خەرجییەکانی دابینکردنی وزە دەچێت. بە جۆرێک نرخی یەک مانگ گازی وێستگەی کارەبای دهۆک 100 ملیۆن دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێ. بە گوێرەی راپۆرتەکە، کیلۆواتێک کارەبا لە کاژێرێکدا 11 دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێ، بەڵام حکومەت تەنیا 1.9 دۆلار لە هاووڵاتیان دەستێنێ کە زۆربەی جاران هەقی کارەبا هەر نادرێ. هەوڵەکانیش بۆ گواستنەوەی غازی سروشتیی نێوخۆ بۆ پارێزگای دهۆک سەری نەگرتووە.

راپۆرتەکەی پەیمانگای وزەی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیسانی 2015 نزیکەی 17 ملیار دۆلار بووە، 1.3 ملیار دۆلاری هی مووچەی دواکەوتوو بووە. 1.1 ملیار دۆلاری قەرزەکانی پارێزگاکان بووە، 10 ملیار دۆلاری هی بانکە نێوخۆیی و تورکییەکان بووە. سێ ملیار دۆلاری لە حکومەتی تورکیا قەرز کراوە، 1.6 ملیار دۆلاریش قەرزی بەڵێندەر و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بووە. قەرزی بازرگانانی نەوت لە کۆتایی 2014دا نزیکەی 1.47 ملیار دۆلار بووە و لە سەرەتای 2016 لە نێوان 1.5 بۆ 1.8 ملیار دۆلار بووە.

قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان فرەجۆرن، هەندێک لەو قەرزانە فەرمین و هەندێکیان نافەرمین، هەندێکیان سوودیان دێتە سەر و هەندێکیان بەبێ مەرجی سوود وەرگیراون، هەندێکیان قەرزی فەرمانبەرانی کەرتی گشتین و هەندێکیان پەیوەندییان بە خەرجییەکانی حکومەتەوە هەیە. بەپێی راپۆرتەکە، لە کۆتایی ساڵی رابردوودا قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان لە 25 ملیار دۆلار دابوو، شەش ملیاری قەرزی بانکەکان، چوار ملیاری قەرزی بازرگانانی نەوت، 1.4 ملیار قەرزی تورکیا، 8.4 ملیار دۆلار قەرزەکانی پەیوەندیدار بە مووچەی فەرمانبەران و 5.2 ملیار دۆلاریشی قەرزی بەڵێندەرانی پرۆژە جیاجیاکان بووە. راپۆرتەکە نایشارێتەوە کە بەشێک لەو قەرزانە بەهۆی رێککەوتنی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکان نەماون.

پەیمانگای نەوتی عێراق ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەگەر قەرزەکانی حکومەتی تورکیا، بانکەکان و کۆمپانیاکانی نەوت ٪11 سوودیان بێتە سەر، ئەوە ساڵانە 1.25 ملیار دۆلار سوود دێتە سەر ئەو قەرزانە.

**قەرزەکانی تورکیا ساڵانە 1.25 ملیار دۆلار سوودیان دەچێتە سەر**

## بەشە بودجەی کوردستان لە دوای گشتپرسی

بەپێی رەشنووسی بودجەی 2018ی عێراق، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە 17%ەوە بۆ 12.6% کەمکراوەتەوە. ئەم بەشە بودجەیە بە پارە دەکاتە 11.5 ملیار دۆلار لە کۆی 91.47 ملیار دۆلار، بەو پێیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە 960 ملیۆن دۆلار پارەی لە بودجەی عێراق بەردەکەوێت.

بەڵام راپۆرتەکەی پەیمانگای نەوتی عێراق پەنجە لەسەر کۆمەڵێک کێشەی دیکەی ئەو بودجەیە دادەنێت: لەو بودجە گشتییە هێشتا خەرجی سیادی عێراق و بڕی پێویست بۆ دانەوەی قەرزەکانی عێراق دەرنەکراوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە ئەگەر ئەو خەرجییە و بڕە پارەی پێویست بۆ دانەوەی قەرزەکانی عێراقی لێ دەربکەن، ئەوە بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەکە بۆ حەوت ملیار دۆلار دادەبەزێت، واتە 580 ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا.

بەگوێرەی راپۆرتەکە رەنگە هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکانیشی لێ وەربگیرێتەوە، بەغدا دەست بەسەر هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستاندا بگرێت، هەر چەند لە پرۆژەی بودجەی 2018دا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە 5%ی پارەی پێترۆدۆلار بۆ پارێزگایانە دادەنرێت کە نەوتیان تێدا بەرهەمدێت و دەپاڵێورێت، وەک چۆن هەمان رێژەش بۆ پارێزگاکانی بەرهەمهێنەر غازی

**بازاڕی وزەی تورکیا تاکە بازاڕی غازی کوردستان دەبێت**

سروشتی دادەنرێ. بەپێی مەزندەی راپۆرتەکە ئەگەر خەرجییەکانی سیادی، پارەی پێترۆدۆلار و پارەی پێویست بۆ دانەوەی قستی قەرزەکانی حکومەتی هەرێم لەبەر چاو بگیرێت، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە 520 ملیۆن دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە، کە بۆ مووچە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەسە، هەڵبەت بەو مەرجەی پشتیوانییە ماڵییەکان، بەفیڕۆدانەکان و فێڵ و ساختەکارییەکان بە تەواوەتی بنبڕ بکرێن.

راپۆرتەکە پێیوایە بەکارهێنانی غازی سروشتی لە شوێنی گاز بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دەکرێ پارەیەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێم بگەڕێنێتەوە.

## هەقدەستی کۆمپانیاکان

پەیمانگای وزەی عێراق ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە ساڵی 2014 بەدواوە حکومەتی هەرێم توانی کڕیار بۆ نەوتەکەی خۆی بدۆزێتەوە، بێ ئەوەی تووشی کێشەی یاسایی ببێتەوە لەگەڵ بەغدادا. بەو حاڵەشەوە نەوتی کوردستان بە نرخێکی کەمتر فرۆشراوە، هۆکارەکەشی بۆ کواڵێتی نەوتەکە، خەرجییەکانی گواستنەوە و ئەو دڵنیاییەیە دەگەڕێتەوە کە بەهۆی هەڕەشە یاساییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دروست دەبێ. هەر بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە 10 بۆ 15 دۆلار هەرزانتر دەفرۆشرێت.

هەرچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تشرینی یەکەمی 2015ەوە بڕیاری داوە مانگانە هەقدەستی کۆمپانیاکان بدات، بەڵام بەهۆی لاوازی باری داراییەوە ئەو بڕیارەش دواکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر هەقدەستی کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ئاسایی و مانگانە نەدرێ، کۆمپانیا بچووکەکان گوشارێکی دارایی زۆریان لەسەر دروست دەبێت، ئەمەش توانای وەبەرهێنانیان کەم دەکاتەوە.

**پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق حەوت ملیار دۆلارە نەک 11.9**

راپۆرتەکە پێشبینی دەکات ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا رێک نەکەوێ، ئەوە بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کارێکی ئەستەم دەبێ، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەولێر و بەغدا لەسەر جۆری ئەو رێککەوتنانە دانوستاندن بکەن کە لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکاندا دەکرێن.

گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جۆری "رێککەوتنی هاوبەشی لە بەرهەمهێنانن" کە تێیدا کۆمپانیاکە پشکی لە نەوتی دەرهێنراو و قازانجەکەی دەبێ، بەڵام گرێبەستەکانی حکومەتی عێراق لە جۆری "رێککەوتنی خزمەتگوزارین". کە تێیدا کۆمپانیاکان تەنیا خزمەتگوزاری و تەکنیک پێشکەش بە حکومەتەکان دەکەن و هیچ پشکێکیان لە نەوت و قازانج یان زیانی فرۆشتنی نەوتەکە نابێ.

پەیمانگای وزەی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ساڵانێک قەیرانی سیاسی و سنوور و دواکەوتنی هەقدەست، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر متمانەی کۆمپانیاکان داناوە. بۆیەش کۆمپانیا سەرەکییەکان مەیلی خستنەکاری سەرمایەی خۆیان لە کوردستان نییە و چالاکییەکانیشیان لە کوردستان نەیتوانی سەرمایەیەکی ئەوتۆیان بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆیەش پێیوایە کۆمپانیا گەورەکانی وەکو ئێکسۆن مۆبیل و شیڤرۆن، سینۆپێک و گازپرۆم نێفت چاوەڕێی باشتر بوونی دۆخە سیاسی و ئابوورییەکە بکەن، لە کاتێکدا رووسنەفت بەشێوەیەکی کورتخایەن لە چالاکییەکانی بەردەوام بێ.



## هاوڕێیانی گەزیزە دوو پەیامبەر نیشان دەدەن

**رووداو- سلێمانی**

گرووپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە، بەسپۆنسەری (تۆڕی میدیایی رووداو) بەرهەمێکی شانۆیی بەناوی دوو پەیامبەر بۆ ماوەی 10 رۆژ لە سلێمانی نمایش دەکەن. شەهێن سابیر، بەرپرسی راگەیاندنی گرووپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی سلاڤۆ مێر مرۆژیکە، هەروەها لە وەرگێڕانی د.فازل جافە و لە دەرهێنانی ڕێباز محەممەدە"..شەهێن دەشڵێت" شانۆیی دوو پەیامبەر باس لە کۆشکێکی مێژوویی دەکات کە لەچاوەڕوانی هاتنی سەرۆکێکدان، بەڵام دوو کەسایەتی دێنە ناو کۆشکەکەوە کە یەک جۆر جلوبەرگیان پۆشیوە، ئیدی ململانێ لەسەر سەرۆکایەتی دەستپێدەکات".

### نەرمین کاوانی، خانمە ئەکتەری کورد بۆ (رووداو):

# لەبەر نەبوونی شانۆ رووم لە دراما کرد

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

خانمە شانۆکار و ئەکتەری ناوداری کورد، نەرمین کاوانی، ماوەی سێ ساڵە بەشداری لە هیچ دراما و شانۆیەکدا نەکردووە، کاوانی بەبێ هیواییەوە لە هونەری کوردی، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باس لە قەیرانی شانۆ و درامای کوردی دەکات.

**رووداو: قەیرانی دارایی تا چەند کاریگەری لەسەر دراما لە کوردستان هەبووە؟**

**نەرمین:** هەڵبەتە ئەم قەیرانە کاریگەریی زۆری لەسەر هونەرمەندان هەبووە، چونکە کاری هونەری وەکو دراما و سینەما کاری بە کۆمەڵە، کاری بەکۆمەڵیش پێویستی بە پارەو کۆمەکی زۆر هەیە، بۆیە مادی و مەعنەوی کاریگەری خراپی لەسەر شانۆ، دراما و سینەما هەبووە. چووینەتە سووڕی متبوونەوە. هیچ جموجۆڵێکمان بۆ ناکرێت. بەداخەوە بۆ سێ ساڵ دەبێت هیچ کارێکمان بەرهەم نەهێناوە.

**رووداو: ئایا کارەکانی پێش سێ ساڵ لە ئاست داواکاریی ئێوەدا بووە؟**

**نەرمین:** بەداخەوە هەموو کارە هونەرییەکان لە ئاست داواکارییەکانی ئێمە و بینەراندا نەبوون، بەڵام دەتوانم بڵێم هەنگاوی باشمان ناوە، لە هەموو ڕوویەکەوە کاری باشیش کراوە، بەتایبەتی ئافرەتی باش هاتنە نێو بواری دراما و فیلم.

**رووداو: لەنێو درامای کوردیدا نەرمین کاوانی بە ڕێچکەشکێن ناوی دەرکردووە، پێتوایە کەسی دیکە هەبێ ڕێچکەی تۆ بگرێت؟**

**نەرمین:** دوای ئەوەی بەشداریم لە درامای ئارەزوو کرد، بە ڕێچکەشکێن ناویان بردم، بەخۆشحاڵییەوە ڕێگای زۆرم بۆ کچانی دیکە کردەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەوڵ بدەن ئەو ئیشە جدییەی کە پێویستە، بیکەن و سەرکەوتنی تێدا تۆمار بکەن، هیوادارم لە کارەکان خۆیان نەدزنەوە. من لەو ماوەیەدا نمایشی کچێکم

> تا سەر ئێسقان لەگەڵ بایکۆتی دراما بیانییەکانم

بینی کە ناوی کارینا هێمنە، پێموایە ئەویش ڕێچکەشکێنە و لە من ئازاترە.

**رووداو: ماوەیەکە هەڵمەتێک بۆ بایکۆتکردنی دراما بیانییەکان لە کوردستان هەیە، بەشێک لە کەناڵەکان دەڵێن درامای کوردی بەو کواڵیتییە نییە رکابەری لەگەڵ دراما بیانییەکان بکات، تۆ لەو ڕووەوە چی دەڵێی؟**

**نەرمین:** من پێموایە درامای کوردیی باش هەیە، ڕەنگە خەڵک بڵێت چونکە خۆی بەشداری لە دراما دەکات بەرگری لە دراما کوردییەکان دەکات، بەڕاستی کاری زۆر باش کراون، بەڵام لەسەر ڕەفەکان دانراون و تۆزیان لەسەر نیشتووە، هیچ تیڤییەک یان کەرتی تایبەت نییە لە هونەرمەندانی بکڕێتەوە، ڕەنگە نەگاتە ئەو کواڵیتییەی دراما بیانییەکان، لەبەرچی؟ چونکە ئەو دراما بیانیانە پشتگیریی مادی و مەعنەویی زۆریان هەیە. ئێمە لە کاتێکدا لە دراماکان بەشداری دەکەین نە مەیکئەپێکی باشمان هەیە، نە جلوبەرگێکی شیاو لەبەر دەکەین. ئەو جلانەی من لە دەوام لەبەری دەکەم، دواتر بۆ دراماکانیش لەبەرم کردووە و وێنەم پێوە گرتووە. باشە من چۆن بتوانم وەکو ئەکتەرێکی تورک ئیش بکەم، بەمشێوەیە من ناتوانم ململانێ لەگەڵ دراما تورکییەکان و بیانییەکان بکەم.

**رووداو: لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەوەیت بایکۆتی دراما بیانییەکان بکرێت؟**

**نەرمین:** بەڵێ من تا سەر ئێسقان لەگەڵ بایکۆتی دراما بیانییەکانم، چونکە ئەو پارەیەی لە دۆبلاژی دراما بیانییەکان خەرج دەکرێت بدرێتە دەرهێنەرێکی کورد درامایەکی 15 ئەڵقەیی باشی پێ دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ دروستبوونی درامای کوردی. وەرن ئەمەش تاقی بکەنەوە، بزانین ئەوکات هونەرمەندان چی دەکەن، ئاخر ئەوانەی دۆبلاژیش دەکەن هەر ئەکتەری کوردن. من ئەوە سێ ساڵە دانیشتووم لەماڵەوە، خەریکە

> لەسەر تەختی شانۆ بینەرەکەم گوێی لە هەناسەمە

وام لێدێت بچم کاری دۆبلاژ بکەم، بۆ ئەوەی لە هونەرەکەم دانەبڕێم، هەرچەندە ئەوە حەوت ساڵە داوام لێدەکرێت کاری دۆبلاژ بکەم.

**رووداو: ئەو دراما بیانیانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەبووە؟**

**نەرمین:** بێگومان کولتوورێکی بێگانە و دوور لە دابونەریتی کوردەواری هێناوە کە نە کەس دایکی خۆی دەناسێت نە کەس خاوەنی منداڵی خۆیەتی. خەریکە ئەم کولتوورە لەنێو خەڵکدا بڵاوبێتەوە. بەشێک لە خەڵک ئێستا دەیەوێت وەکو تورکیا بژیت، ئەوەی لە دراماکان دەیبینێت لاسایی دەکاتەوە، بەڕاستی زۆر زۆر دیاردەیەکی خراپ و مەترسیدارە.

**رووداو: بێ هیوا نەبووی لە درامای کوردی؟**

**نەرمین:** بێ هیوا دەبیت و سارد دەبیتەوە، بەڵام نەرمین کاوانی بەردەوام گیانی دەخورێ بۆ کاری هونەری. دەمەوێت بچمەوە بەر کامێرا، دەمەوێت بچمەوە سەر شانۆ و ئەو پەیامەی هەمە بیگەیەنم، بەڵام ناتوانم، ئەوانەی لێمەوە نزیکن هەست بەوە دەکەن، هونەرمەندی ڕاستەقینە هونەر دەچێتە خوێنیەوە، من بەردەوام هەست دەکەم شتێکم لێ ون بووە، ئەویش دابڕانە لە نواندن کە ئەگەر درێژە بکێشێت بەڕاستی کارەساتە.

> سێ ساڵە بەشداریم لە هیچ کارێکی هونەریدا نەکردووە

**رووداو: لەو ماوەیەی دابڕانت لە هونەر، ئایا کاری هونەری نەبووە، یاخود تۆ پێی رازی نەبووی؟**

**نەرمین:** کار هەبووە، بەڵام بەشداریم نەکردووە، چونکە دەمزانی کە تەواویش بێت لەسەر ڕەفەکان دەکەوێت و پەخش ناکرێت، چونکە من کاتێک بۆ کارێکی هونەری دێمە دەرەوە، منداڵەکانم بەجێدەهێڵم و ماندووبوونێکی زۆری هەیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو کارەدا پارەیەکی زۆر کەم وەردەگری کە کەس بەم پارەیە ناژیت، تەنیا بەشی خواردن و هاتوچۆکەت دەکات.

**رووداو: زیاتر شەیدای شانۆی یاخود دراما؟**

**نەرمین:** من کچی شانۆم، هەر لەوێش چاوم بە دونیای نواندن هەڵێناوە، خۆشەویستیم بۆ نواندن لەسەر شانۆ چەکەرەی کردووە، ئەو هاوارەی کە لەسەر تەختی شانۆ دەتوانم بیکەم، لەبەردەم کامێرا ناتوانم، ئەو ئازارەی کە لە شانۆدا دەتوانم بیگەیەنم زۆر ڕاستتر و ڕاستەقینەترە، لەسەر تەختی شانۆ بینەرەکەم گوێی لە هەناسەمە، دەزانێت من چی پێدەڵێم و زیاتر هەست بە من دەکات، بەڵام لەبەر نەبوونی شانۆ رووم لە دراما و سینەما کرد.





### نمایشکار و گۆرانیبێژ حەدیس سادق ئەیوبی بۆ (رووداو):

# خەریکم براندی جلوبەرگی تایبەت بە خۆم دروستدەکەم

**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

حەدیس سادق ئەیوبی، کچە گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە بەریتانیا دەژی. لە ماوەی رابردوودا گۆرانییەکی بەناوی "باران" بڵاوکردەوە کە لەڕووی دەنگ و شێوازی گوتنەوە کارێکی جیاواز بوو، حەدیس جگە لە گۆرانیگوتن، وەک نمایشکاری جلوبەرگیش دەردەکەوێت و لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی لەندەن بەشداری کردووە، ئێستاش دەیەوێت براندێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەو لەبارەی کارەکانی وەڵامی چەند پرسیارێکی (رووداو)ی دایەوە.

**رووداو: سەرەتا بە گۆرانیگوتن دەستت پێکرد، بەڵام ئێستا نمایشکاری جلوبەرگیشیت، هۆکار چی بوو چوویتە ئەم دونیایە؟**

**حەدیس:** من هەر لە منداڵییەوە کاری میوزیک و گۆرانی دەکەم، تەنانەت بە ئەکادیمیش خوێندوومە. نمایشکاریی جلوبەرگ بەڕێکەوت هاتە نێو ژیانم. پێش ئەوە فۆکەسم لەسەری نەبووە، بەڵام کاتێک هاتمە بەریتانیا ئەم کارە سەرنجی ڕاکێشام، ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەم کە براندێکی جلوبەرگی خۆم دروستبکەم.

**رووداو: تەنیا یەک کلیپی گۆرانیت بڵاوکردووەتەوە، بەشێک لەوانەی گوێیان لە بەرهەمەکە بووە، چاوەڕێی بەرهەمی دیکە دەکەن، وەستاوی لە کاری هونەری؟**

**حەدیس:** من لەو باوەڕەدام پێویست ناکات هونەرمەند هەموو ڕۆژێک گۆرانی و کلیپی نوێ بڵاوبکاتەوە، بەدڵنیاییەوە نەوەستاوم و بەردەوامم لە کاری هونەری، بەڵام من لە هەستی هونەریی خەڵک تێدەگەم و کار لەسەر کواڵیتی دەکەم. کاری کەمتر بە کواڵیتی بەرز باشترە.

> لە بەریتانیا خەڵاتی سەرکەوتووترین هونەرمەندی کوردم وەرگرت

**رووداو: بەنیازن لە داهاتووشدا گۆرانییە کۆنەکان بڵێنەوە، یاخود بەرهەمی نوێی خۆتان دەبێت؟**

**حەدیس:** ئێستا خەریکی کاری نوێم، بە دڵنیاییەوە گۆرانییەکانی داهاتوو نوێ دەبن.

**رووداو: بۆ کچێکی دەنگخۆش و شۆخ و شەنگ و نمایشکار کە بالایەکی جوانی هەیە، هەمیشە دەرفەتی کاری زۆرتر دێنە پێش، هیچ کاتێک دەرفەتێکی کاری باشت لەدەستداوە؟**



**حەدیس:** بەدڵنیاییەوە بۆ هەر کەسێک بەپێی توانا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرفەتی جۆراوجۆر دێنە پێش، منیش هەمیشە کە دەکەومە کاتی بژارەکان زۆر فاکتەر هەن لەبەرچاویان دەگرم، دەتوانم بڵێم زۆرجار ئەوەی بۆ خەڵکی دیکە دەرفەتی باش بووە، من چاوپۆشیم لێکردووە.

> لە ئێران خەڵاتی باشترین ئەکتەری منداڵم وەرگرتووە

**رووداو: لە بواری سینەماشدا کارت کردووە، لە چەند فیلمێکدا بەشداربووی، ناتەوێ لە کارکردن لە فیلمدا بەردەوام بیت؟**

**حەدیس:** لە سێ فیلمی سینەمایی کوردیدا ڕۆڵم بینیوە، یەکێکیان لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو کە بەهۆیەوە خەڵاتی باشترین ئەکتەری منداڵی ئێرانم وەرگرت، فیلمەکە باسی کیمیابارانی هەڵەبجەی دەکرد، بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەرفەتی فیلمی باش هەبێت، بەشداری دەکەم.

> کاری هونەریی کەمتر بە کواڵیتیی بەرز باشترە

**رووداو: ئەزموونی کارکردنت وەک نمایشکاری جلوبەرگ چۆن بووە؟ بۆ کامە براندی جلوبەرگ کارت کردووە؟**

**حەدیس:** وەک نمایشکاری جلوبەرگ لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی لەندەن (London Fashion Week) کارم کردووە. هەروەها بۆ چەندین براندی جیاوازی جلوبەرگ کارم کردووە، بەڵام ئێستا تەنیا فۆکەسی کارکردنم بۆ براندەکەی خۆمە بەناوی "تیلیناز کۆلێکشن".

**رووداو: لە کوردستان ئێستا پرۆژەی Kurdistan Fashion Week کاری بۆ دەکرێت، بەنیازیت بەشداریی ئەم پرۆژەیە بکەیت؟**

**حەدیس:** بە دڵنیاییەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم کە لە کوردستان ئەم پرۆژانە بەرەو پێش دەچن، بەتایبەتی کە ژنان رۆژ بە رۆژ زیاتر دێنە پێشەوە. تا ئێستا هیچ پەیوەندی و پێشنیازێک لەوێوە نەگەیشتووەتە من، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ هەر داخوازییەک هەبێت، لەبەرچاوی دەگرم و ئەگەر بۆم بگونجێت لەگەڵی دەبم بە شانازییەوە.

**رووداو: پێتوانییە لە باشووری کوردستان کاری نمایشکاری جلوبەرگی و پەبلیک فیگەری تێکەڵ کراوە؟ واتە ئەو کچانەی کە تۆزێک لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەناوبانگ دەبن ناوی خۆیان دەنێن مۆدێل؟**

**حەدیس:** هاتنەپێشەوەی کچان جێگەی خۆشحاڵییە، ئەوەی کە کچان جورئەتی ئەوە دەکەن خۆیان دەربخەن و بێنە مەیدان، بەڵام لە ڕاستیدا وایە ئەم دوو بوارە تێکەڵ کراوە، بەڵام پێموایە لە داهاتوودا خەڵکی لە یەکدییان جیادەکاتەوە.

**رووداو: باوکت شێوەکارە، ئەو تا چەند لە کارەکانت هەماهەنگ و هاوکارە؟**

**حەدیس:** من هەر لە منداڵییەوە لە ماڵێکی هونەریدا گەورە بووم، جگە لە باوکم، دایکیشم شێوەکارێکی بەتوانا و ناسراوە، کەشوهەوای هونەریی ماڵەوە گەورەترین هەماهەنگ و هاندەری من بووە، ئێستاش ئەوان بە هەموو شێوەیەک هاوکاریم دەکەن، لە هەموو کارەکاندا لەگەڵیان گفتوگۆ دەکەم.

**رووداو: لە ماوەی رابردوودا خەڵاتێکت بەدەستهێنا، ئەو خەڵاتە چی بوو؟**

**حەدیس:** بەڵێ خەڵاتی سەرکەوتووترین کوردم لە بواری هونەر و میدیا پێبەخشرا، ئەم خەڵاتە لە لایەن سەنتەرێکی کوردییەوە لە بەریتانیا ساڵانە دەبەخشرێتە چەند کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بواری جیاواز، ڕاستییەکەی بڵێم

> دەمەوێت لە داهاتوودا لەگەڵ هونەرمەندانی جیهانی کار بکەم

خەونەکانی من گەورەترن لە خەڵاتەکان، بەڵام ئەم خەڵاتانە ورەم پێدەبەخشن و بەهێزتر دەبم.

**رووداو: بۆچی ڕۆژهەڵاتی کوردستانت بەجێهێشت ؟ لەوێ ڕێگری لە کارە هونەرییەکانت هەبوو؟ لە بەریتانیا لەگەڵ کێ کار دەکەی؟**

**حەدیس:** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کارم دەکرد، بەڵام بەپێی یاسا گۆرانیگوتن بۆ ئافرەتان ڕێپێدراو نییە، هەروەها من بۆ خوێندێکی باشتر هاتمە ئەوروپا، لێرە لەگەڵ هەریەکە لە ئالان و گۆران موفتیزادە کار دەکەم کە دوو هونەرمەندی کوردن، لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم لەگەڵ هونەرمەندانی جیهانیش کار بکەم.



## کۆچبەرانی نوێ ناتوانن هاوژینەکانیان ببەنە سوێد

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ژمارەیەکی کەم لە کۆچبەران دەتوانن مافی مانەوە بۆ هاوژینەکانیان وەربگرن و بیانبەن بۆ سوێد. یەکێک لە هۆکارەکانیش توندکردنی یاساکانی کۆچە. ئەمە لە دوایین ڕاپۆرتی ساڵانەی دەزگای کۆچی سویدیدا ئاماژەی پێداوە. مەرجەکانی دەزگای کۆچ زۆرن بۆ پێدانی مافی مانەوە بە هاوژین، بۆ نموونە چ جۆرە ئیقامەیەکت هەیە، خاوەنی خانووی خۆتی، ئیشی سپی دەکەی، بەڵام کۆچبەرانی نوێ زۆربەیان کێشەی خانوو و ئیشی سپییان هەیە. هەژار کۆچبەرێکی کوردە ویستوویەتی هاوژینەکەی بباتە سوێد بە (ڕادیۆی سوێد)ی ڕاگەیاندووە "دەزگای کۆچ پێیانڕاگەیاندم کە دەبێ خانووی خۆم هەبێ و ئیش هەبێ، بەڵام زمان نازانم، بۆیە ناچارم لەلای ڕۆژهەڵاتییەکان ئیش بکەم و لەوێش فێرە زمان نابم و ئیستیغلالیشم دەکەن".

# منداڵەکەیان لە دەریادا خنکا و فینلاندیش فریایان نەکەوت

**شوان سدیق**
**ڕووداو- ڕۆما**

کاتێک دەگاتە ئەو باوەڕەی ئیدی ژیانی کوردستان بۆ ئەو دەست نادات، دەستی هاوژین و منداڵەکانی دەگرێ و بەرەو ئەو جیهانە هەنگاو دەنێ کە لە خەیاڵی خۆیدا بەهەشتی سەر ڕووی زەمینە، بەڵام وڵاتە ساردەکەی سکەندناڤیا نەک لە باری شانی ئەوی کەم نەکردەوە، بگرە زیاتریشی کرد.

هەژار ئەبوبەکر، خەڵکی هەولێرە و باوکی دوو منداڵە، ساڵی 2015 کوردستان بۆ ئەو لوتکەی بێزاری بوو، بۆیە بڕیار دەدات زێدی خۆی جێبهێڵێت. هەژار بە خێزانەوە ڕوو لە تورکیا دەکات. هێندە دڵی لەلای هاوژین و دوو کوڕەکەی بوو، حەزی نەدەکرد قەدەریان بداتە دەست هەموو قاچاخچییەک، بۆیە ماوەیەکی زۆر بەدوای قاچاخچییەکدا گەڕا کە بە سەلامەتی لە تورکیاوە بیانپەڕێنێتەوە بۆ یۆنان، بەڵام خەونەکانی هەژار هەر زوو بوون بە سەراب. گۆڕستانێکی یۆنان دەبێتە دوا مەنزڵگەی یەکێک لە کوڕەکانی.

هەژار کە ئێستا گەیشتووەتە فینلاند، بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "کە گەیشتینە تورکیا، ماوەیەکی زۆر بەدوای قاچاخچیدا گەڕاین، قاچاخچییەکمان دۆزییەوە کە من و هاوژینەکەم و دوو منداڵەکەم بە 25 هەزار دۆلار بە ڕێگایەکی سەلامەت بگەیەننە یۆنان، بەڵام بەڵێنەکەیان ڕاست دەرنەچوو".

هەژار باسی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەکات کە لەگەڵ چەندین کۆچبەری دیکە تێیکەوتن و دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی بەڕێیان کردین، نزیکەی 150 کەس دەبووین، کە گەیشتینە لای بەلەمەکە بەشێک لە کۆچبەرەکان ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام قاچاخچییەکان بە زەبری چەک سواری بەلەمەکەیان کردین".

ئەو بەلەمەی هەژار و کۆچبەرەکانی بۆ یۆنان دەگواستەوە، پێش ئەوەی بگاتە کەنار دەریا، بەرەڕووی شەپۆلی بەهێزی دەریا بووەوە. ئیدی کەس نەبووە برای کەس، هەر کەس لە خەمی ڕزگارکردنی گیانی خۆی یان منداڵەکانیدا بووە. ژمارەیەک لە کۆچبەرەکان لە نێو ئاودا دەخنکێن کە یەکێکیان ئەحمەدی کوڕی هەژار بوو.

هەژار دەڵێت: "ئەوکاتەی لە یۆنان نزیک دەبووینەوە، مەرگ بەرەو ڕوومان هات، ڕۆژی 2015/10/27 بەلەمەکەمان لەنێو ئاودا تێکشکا، من تەنیا فریای ڕزگارکردنی هاوژینەکەم و یەکێک لە کوڕەکانم کەوتم، ئەحمەد کە کوڕە بچووکەکەم بوو، تەمەنی تەنیا ساڵ و نیوێک بوو، خنکا. ئیدی لەو کاتەوە کوردستان و ئەوروپا و ژیانم لەبەرچاو ڕەش بوو".

> **ئەو قاچاخچیانەی بوونە هۆکاری خنکانی کوڕەکەم لە زیندان ئازاد کران**
> هەژار

دوای گەیشتنیان بە خاکی یۆنان، ئەو خێزانە کوردە ناچاربوون ڕوو بکەنە گۆڕستانێک بۆ بە خاکسپاردنی کوڕەکەیان، ئیدی پاش ئەوە دەکەونە ململانی لەگەڵ قاچاخچییەکان، چونکە هۆکاری خنکانی کوڕەکەیان بوونە، هەژار دەڵێت ئەوان خاوەن بەڵێنی خۆیان نەبوونە و بە زەبری چەک سواری ئەو بەلەمەیان کردوون کە ئەوان گومانیان هەبووە بە سەلامەتی 150 کۆچبەر بگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

دایک و باوکی ئەحمەد هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر قاچاخچییەکانەوە نەبوو، بۆیە بڕیار دەدەن لە ڕێگەی یاساوە تۆڵەی کوڕە خنکاوەکەیان لە قاچاخچییەکان بکەنەوە، بەڵام یاساکانی ئەوروپاش فریایان ناکەون.

هەژار دەڵێت "قاچاخچییەکانم دەناسین، دواتر چوار لەوان ڕوویان کردە فینلاند، بۆیە کاتێک گەیشتمە فینلاند و زانیم ئەوانیش لەوێن، سکاڵام لەسەر تۆمارکردن".

سەبارەت بە ئەنجامی سکاڵاکە، هەژار گوتی: "پۆلیس و دەزگای دادی ئەو وڵاتە سەرەتا زۆر لە خەمی کەیسەکەمدابوون، هەرزوو دۆسیەیان بۆ کردەوە و بەدواداچوونیان کرد، دواتر چەند کەسێکیان بە تۆمەتی قاچاخچێتیی بە مرۆڤەوە دەستگیر کرد، بەڵام دواتر ساردبوونەوە لە دۆسیەکە، هیچ هەنگاوێکیان نەنا بۆئەوەی مافی خۆمان لەو قاچاخچیانە وەربگرینەوە، تەنیا وەک شایەتحاڵ حیسابیان بۆ کردین، نەک خاوەن دۆسیەیەکی مافخوراو، تەنانەت دوای دوو ساڵ قاچاخچییەکانیش ئازادکران".

هەژار و خێزانەکەی ماوەی سێ ساڵە لە شارۆچکەی ئیماترا لە ڕۆژهەڵاتی فینلاند لە نزیک سنووری ڕووسیا نیشتەجێن، هێشتا مافی پەنابەرییان وەرنەگرتووە. هاوژینی هەژار لەوێش منداڵێکی دیکەی بووە. بەڵام منداڵەکەیان ئایندەیەکی ناڕوونی هەیە، چونکە هیچ ناسنامەیەکی نییە.

کێشەی ئەو خێزانە کوردە تا دێت قووڵتر دەبێتەوە، لەلایەک مافی پەنابەرییان پێنەدراوە و ترسیان هەیە لەو وڵاتە دەربکرێن، لەلایەکی دیکەشەوە قاچاخچییەکان دەستیان بەسەر پاسپۆرت و ناسنامەکانیاندا گرتووە.

هەژار دەڵێت: "بۆ ئەوە هاتینە ئەوروپا وەکو مرۆڤ بژین، کەچی ئێستا ژیانە تاڵەکەی کوردستانیشمان لەبیرچووەتەوە. بەهۆی ئەو هەموو کێشەیەی ڕووبەڕوومان بووەتەوە، ئەم ژیانەی ئێرەشمان لێ تاڵ بووە، بەداخەوە هەموو شتێک بۆ من و خێزانەکەم پێچەوانە بووەوە".

تاکە شوێن جێی ئومێدی هەژار بووبێ، دەزگای کۆچی فینلاند بووە، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانیوە هیچی بۆ بکەن. هەژار دەڵێت: "سێ ساڵە لەم وڵاتە بەبێ ئیقامە دەسووڕێمەوە. چەندینجار سەردانی دەزگای کۆچم کردووە، کێشەی خۆم لەگەڵ قاچاخچییەکان بۆ باسکردوون، کەچی ئەوان پێمدەڵێن بگەڕێنەوە کوردستان، لەوێ کێشەکانتان چارەسەر بکەن".

### فینلاند..
### وڵاتێکی سارد بەرامبەر کۆچبەر

فینلاند تەنیا بۆ هەژار ساردوسڕ نییە، بەڵکو زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی ڕوویان لەو وڵاتە کردووە، دەڵێن پێشوازیشی لە کۆچبەران وەکو کەشوهەواکەی ساردوسڕە. زۆر لە کۆچبەران داوای مافی پەنابەریان ڕەتدەکرێتەوە. ئەوانەشی پەنجەمۆری وڵاتانی دیکەی ئەوروپایان هەیە، هەر زوو لەلایەن پۆلیسەوە تەنگاو دەکرێن کە ئەو وڵاتە جێبهێڵن. پێدەچێ هۆکارەکەی ئەوە بێ کە ئەم وڵاتە خۆی نەیەوێ لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی دانیشتووانی زیادببێ و دواتر بەرەوڕووی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لەگەڵ کۆچبەران ببێتەوە.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ، ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی ڕوویان لە فینلاند کردووە بەرەو کەمبوونەوە چووە، هۆکارەکەشی بۆ ڕێگریی وڵاتانی ئەوروپا لە کۆچبەرانی نایاسایی گەڕاندووەتەوە، هەروەها فینلانداش بۆ پێشوازی لە کۆچبەران گەرموگوڕ نییە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی ئەلجەزیرە، لە ساڵی 2015دا 21 هەزار و 500 کۆچبەر ڕوویان لە فینلاند کردووە.

بە پێچەوانەی فینلاند "سایتی یوئێس نیوس"ی ئەمریکی، لەڕووی پێشوازییەوە لە کۆچبەران سویدی دراوسێی فینلاندی بە "وڵاتێکی باش" وەسف کردووە.



دایک و باوکی ئەحمەد دەیانەوێ لە ڕێگەی یاساوە تۆڵەی کوڕەکەیان لە قاچاخچییەکان بکەنەوە

## کورد پەیوەندیان لەگەڵ فارس و ئەفغانییەکان باشە

# گرتووخانەکانی بولگاریا..
# شوێنی یەکتر ناسینی کۆچبەرانی دنیا

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو - بولگاریا**

کاژێر سێی دوانیوەڕۆیە، فرمێسک بە چاوانی کاکۆ-دا دێتە خوار، پاشا و نەوید و زەبیحوڵڵای هاوڕێی لەدەوری دێن و دەچن و دڵنەوایی دەدەنەوە و دەڵێن چارەنووسی گشتمان مردنە، خودا لێی خۆش بێ و جێگای بەهەشتە، وەلێ ئەم قسانە زۆر دڵنەوایی کاکۆ ناکەن کە لە کابولی پایتەختی ئەفغانستانەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی پێگەیشتووە، ئەو بەکوڵتر دەگری و چەند بیرەوەرییەکی خۆی و باوکی دەگێڕێتەوە، تکا و پاڕانەوەی باوکی هەرگیز لەیاد ناچن، کاتێک پێیگوتووە: "تکات لێدەکەم ئەفغانستان جێمەهێڵە و ڕێگەی ئەوروپا مەگرەبەر". بەڵام ئەم قسانە کاکۆ لە بڕیارەکەی پەشیمان ناکەنەوە.

کۆچبەرە ئەفغانەکان، بەرنامەیان دانا شەو پرسە بۆ مردنی باوکی کاکۆ دانێن، کوردەکانیش بەشدارییان لە پرسەکەدا کرد.

هەڵۆ، کۆچبەرێکی کوردی خەڵکی هەولێرە، لەلایەن پۆلیسی بولگاری لەسەر سنوور دەستگیرکراوە و ڕاپێچی گرتووخانەی لۆبۆمێز کراوە. ئەو باسی ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕە دەکات کە لە نێوان کورد و فارس و ئەفغانەکانی نێو گرتووخانەی لۆبۆمێزدا هەیە.

ژووری کوردەکان لەتەک ژووری ئەفغانییەکانە و بەشێک لە ئەفغانییەکان لە ژووری کورد دەمێننەوە و پەیوەندی و تێکەڵاویی باش لەنێوان هەردوولا هەیە، لەکاتی مردنی باوکی کاکۆ، پێکەوە پرسەیان دانا.

نانی ئێوارە خورا، دونیا تاریک بوو، کورد و ئەفغانییەکان، قەرەوێڵە دوو تابقیەکانیان خستە پاڵ یەکدی بۆئەوەی شوێنی دانیشتن هەندێ فراوان بکەن. نەوید کە گەنجێکی ئەفغانییە دەستیکرد بە قورئان خوێندن، دەستە دەستە هاوڕێ ئەفغانییەکانی کاکۆ دەهاتنە پرسەکە و فاتیحایان دەخوێند. کوردەکانیش لەو ساتەدا کۆلایان بە گڵاسی سەفەری بەسەر بەشداربووانی پرسەدا دابەش دەکرد. لەدوای نەوید، سەباح چەند ئایەتێکی خوێند، دەستەیەکیش بۆ پێشوازی لە میوانانی پرسە و سوپاسگوزاری و بەڕێکردنی میوانان دانرابوون.

هەڵۆ گوتی: "ئەم تێکەڵاوییەی نێوان کورد و ئەفغانییەکان و بەڕێوەبردنی پرسە بەلای نەتەوەکانی دیکەوە جێی سەرنج بوو".

لۆبۆمێز، گرتووخانەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بولگاریا کە کۆچبەری میللەتانی ناوچەکەی لەخۆگرتووە لە کورد، ئێرانی، عێراقی، سووری، ئەفغانی، پاکستانی، بەنگلادیشی، میسری، نەیجیری، جەزائیری، سریلانکی، تونسی و مەغریبی، هەر ژوورە و تایبەتە بە میللەتێک، یا دوو میللەت کە زمانیان هاوبەشە، یان ئاین و ڕەنگ کۆیاندەکاتەوە.

سەفین، دوو مانگ بوو هاتبووە گرتووخانەی لۆبۆمێز، لەمەڕ پەیوەندی کورد و میللەتانی دیکە بە (ڕووداو)ی گوت: "کورد، بەهۆی نزیکیی جوگرافی و نزیکیی زمانەوە لەگەڵ فارسەکانیش تێکەڵاویی باشی هەیە و بە فارسی لەگەڵ فارسەکان دەدوێین، بەهۆی زۆر قسەکردنمان لەگەڵ یەکدی، دەمانخواست بەهاوبەشی بۆنەکانی وەکو جەژن بکەین، چونکە ئەگەر لە دەرەوەی زیندان بووینایە بەدڵنیاییەوە جەژنانەمان دەکرد، لەبەرئەوە دەشێ لە گرتووخانەیش ئەو ڕۆژە جیاواز لەچاو ڕۆژانی دیکە بەسەر بەرین".

سەفین، کە خەڵکی بۆکانە و لە سنووری بولگاریا و ڕۆمانیا دەستگیر کراوە، گوتیشی: "یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، زوو لە خەو هەڵساین و جلی جوانمان پۆشی، لەدوای کاژێر هەشتی بەیانییەوە، کوردەکان و فارسەکان بەیەکەوە ئەم ژوور و ئەو ژوور دەگەڕاین کە موسوڵمان بوون، بەرەو ژووری کوردەکان، فارسەکان، ئەفغانییەکان، بەنگلادیشییەکان، پاکستانییەکان و عەرەبەکان دەچووین و پیرۆزباییمان لەیەکدی دەکرد و بە پێکەنینەوە ئەملاولای یەکترمان ماچ دەکرد، ئەم ڕۆژە، لە چاو ڕۆژانی دیکە خۆشتر و پڕ نەشئەتر بوو، هەموومان دڵخۆش و شادومان بووین".

سەفین، لەدوای ئازادبوونی بەرنامەی دانابوو خۆی بگەیەنێتە بەریتانیا، بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "لام سەیرە، کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات، زۆر بەکەمی پەیوەندییان لەگەڵ عێراقی و عەرەبزمانەکان هەیە، تەنانەت بەکەمی سڵاو لە عەرەب دەکەن، نازانم ئەمە پەیوەندی بە چییەوە هەیە و بۆ هێندە لێکدوورن"..

سالار، گەنجێکی بیست و یەک ساڵە و خەڵکی پێنجوێنە و پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەفغانی و فارسەکان هەیە و لەنێو گیراوەکان بە پیاوی گۆرانی ناسراوە، چونکە هەمیشە گوێ لە گۆرانی دەگرێ، گۆرانیی زۆری لەنێو مۆبایلێکی بچووک ئەرشیف کردووە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "لەنێو ئەو هەموو میللەتە جیاوازانەی ئێرە، ئێمەی کورد، پەیوەندی زۆر باشمان لەگەڵ فارس و ئەفغانی هەیە، من بە شرە فارسییەکەوە تێیاندەگەیێنم و لێیان حاڵی دەبم، بۆیە زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بەسەردەبەین و بەشێک لە کوردەکان تا درەنگانێکی شەو، خەریکی یاریکردنن، دۆمینە، دامە، پیشەی سەرەکیمانە، نۆرە دەگرین تا یاریزانێک دەدۆڕێ و جێگەکەی چۆڵ دەکا، ئینجا یەکی دیکە دەچێتە شوێنی، زۆربەی کاتەکان بەخۆشی بەڕێوەدەچن، پێکەنین و دڵخۆشی بەسەر ئامادەبووان زاڵ دەبێ، بڕێ جاریش، دەبێتە قرەقڕ و تا لێواری کێشان بەدەمی یەکدیدا دەڕوا، ئینجا هەریەکە بەلایەکدا دەڕوا و ژوورەکە جێدێڵن".

سالار، لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ فارسەکان گوتیشی: "لەسەر مێزی نانخواردن بەیەکەوە دادەنیشین و نان دەخۆین، ڕۆژانەش لە مەمەڕەکان پیاسە دەکەین و قسە و باسی جیاواز دەکەین. لەدوای نانخواردنی ئێوارە، بەشێک لە کوردەکان دەچنە ژووری فارسەکان، یا بە پێچەوانەوە، لەوێ خەریکی تاوڵە و کۆنکان دەبین".

کورد و ئەفغانییەکان هێندە تێکەڵن، لەکاتی ئازادبوونی یەکێک لە کوردەکان یا ئەفغانییەکان، بۆ یەکدی دەگرین و تا ماوەیەک باوەش لەیەکدی دەدەن و بە چاوی فرمێسکەوە خوداحافیزی لەیەکدی دەکەن و هیوای هاتنەدی خۆزگەکان بۆ یەکدی دەخوازن.

> **کوردی باشوور لەگەڵ عەرەبەکان زۆر ساردوسڕن**
> کوردێکی ڕۆژهەڵات



لەدوای نانخواردنی ئێوارە، بەشێک لە کوردەکان دەچنە ژووری فارسەکان، یا بە پێچەوانەوە، لەوێ خەریکی تاوڵە و کۆنکان دەبن

ژنان
ڕووداو
ژمارە (500) - دووشەممە 2018/4/9

## داوا لە خانمان دەکرێ "شتاب" بەکارنەهێنن



**ڕووداو – سلێمانی**

گۆران قادر، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی داوا لە خانمان و کابانی ناوماڵ دەکات لەبەرئەوەی خاوێنکەرەوەی شتاب ماوەی بەسەرچوونەکەی دەستکاریکراوە، بەکارینەهێنن. هەروەها بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خاوێنکەرەوەکانی دیکەدا بکەن و لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت بەکاری نەهێنن، لەوکاتەشدا کەمامە ببەستن تا خۆیان لەزیانەکانی بپارێزن. گۆران قادر ئاشکرای کرد لێژنەکانیان لە کۆگاکانی کۆمپانیای سێڤی دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر لیبلی چاپکراودا گرتووە، کە خاوەنەکەی بە ویستی خۆی و بۆ درێژکردنەوەی ماوەی بەسەرچوونی ماددەکانی خاوێنکردنەوە بەکاریهێناوە. گوتیشی "خاوێنکەرەوەکە ناوی (شتاب)ە و لە بازاڕ بە ملخوار ناودەبرێت کە لە ئێرانەوە هاوردە کراوە، بەکارهێنانی زیانبەخشە، لەکاتی بەسەرچوونیشی زیانەکەی چەند بەرامبەر دەبێ".

# بیرەوەری کچی فرۆکەوانە تایبەتەکەی سەدام لە کۆشکەکانی کۆماریدا



## زەینەب سالبی:

# دایکم بەندکراوێک بوو لە قەفەسێکی زێڕیندا

## بە "مامە" بانگی سەددامم دەکرد

خانمە چالاکڤانی عێراقی زەینەب سالبی، چالاکڤانێکی نێودەوڵەتی و دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ژن بۆ ژنە. ئەرکی سەرەکی سالبی دابینکردنی کەشێکی گونجاوی ژیان و سەقامگیری و ئاشتەواییە بۆ ئەو ئافرەتانەی لە جەنگ رزگاریان دەبێ.

سالبی لە خێزانێکی بەناوبانگی عێراقە کە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ڕژێمی پێشوو، پێگەیەکی تایبەتیان لەلای ئەو ڕژێمە هەبوو. باوکی سالبی فڕۆکەوانی تایبەتی سەدام حوسێن بوو. سالبی لە ساڵی 1990 لە دەستی ڕژێم هەڵات و رووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد. ئەو لە ئەمریکا خاوەنی پەرتووکێکە بەناوی (بین عالمين: الهروب من الگغيان: العيش فی ڤل صدام حسين) کە چیرۆکی تراژیدی ئافرەتانی عێراق دەگێڕێتەوە. چیرۆکەکە بۆ بەر لە هاتنی سەددام حوسێن بۆ جڵەوی دەسەڵاتی عێراق دەگەڕێتەوە کە چۆن عێراقێکی کراوە و مۆدێرن، دوای هاتنی سەددام، بۆ وڵاتێکی دواکەوتوو گۆڕا.

**هەڤپەیڤین: ئایشە ئارمان**
**حوڕییەت - ئەنقەرە**

**ئایشە: کاتێک بیرەوەرییەکانی سەردەمی سەددام حوسێن دەهێنیتە بەرچاوت، هەست بەچی دەکەیت و بیر لە چی دەکەیتەوە؟**

**سالبی:** ترس! ترس لە دەسەڵات تاوەکو ناخی مرۆڤ کاریگەریی خۆی دەبێت. هێدی هێدی راپێچی نەمانت دەکات. ژیانت و ستایلی ژیانت شەکەت دەکەن. لە هەموو ڕوویەکەوە نەخۆش دەکەوی.

**ئایشە: خێزانەکەت زۆر بەناوبانگ بوو، باسیان بکە..**

**سالبی:** سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم بڕوانامەی بەرزیان هەیە. چەند زمانێک دەزانن. باوکم دەرچووی فرۆکەوانییە لە سکۆتلەندا. فرۆکەوانی تایبەتی سەددام بوو. دایکم کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرە، تێگەیشتووە، بەگشتی خێزانەکەم زۆر کۆمەڵایەتی بوون و لەسەر ئاستی وڵات ناوبانگیان هەبوو.

**ئایشە: چۆن سەددامت ناسی؟**

**سالبی:** وەک مامێک دەهاتە بەرچاوم، بە مامە بانگم دەکرد. پێموابوو سەددام تاکە فریشتەی سەر زەوییە. هەروەها سوودی زۆری بۆ عێراقیش هەبوو. دیکتاتۆر هەروایە، تەنیا خراپەکاری ناکەن. پشتیوانی زانست و هونەری دەکرد، خوێندنی کردە زۆرەملێ. هەر کەسێک منداڵەکەی نەناردبایە قوتابخانە، شەش مانگ بەند دەکرا. هەر ئەو سەددامە، ئیمپراتۆریەتێکی ترسی دامەزراند.

**ئایشە: چۆن ئەم ترسە پێناسە دەکەیت؟**

**سالبی:** شتێک نەبوو ببینرێت. وەک گازێکی ژەهراوی دزەکراو وابوو لەنێو هەموو ماڵ و خانەوادەیەکدا. مرۆڤەکانی سەبر سەبر راپێچی مەرگ دەکرد.

**ئایشە: کەس بەرەوڕووی نەدەبووەوە؟**

**سالبی:** بەرەنگاربوونەوەی بچووک هەبوو، بەڵام بێسوود بوو، چونکە سەددام لەو باوەڕەدا بوو خۆی خاوەنی هەموو شتێکە. خاوەنی دەوڵەت، هاووڵاتییان، ئافرەت و منداڵەکانیش موڵکی ئەون.

**ئایشە: چۆن پێناسەی کەسایەتی سەددام دەکەیت؟**

**سالبی:** کاریزماتیک بوو. کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر هەموو ئەوانە هەبوو کە لە نزیکەوە دەیانناسی. بەهرەیەکی زۆر سەیری هەبوو بۆ راکێشانی هەستی خەڵک بۆلای خۆی، بەڵام ئەم کەسە، نزیکترین هاوڕێ و برازای خۆی کوشت. واتە ئەمرۆ بەڕوویەکی گەش مامەڵەی لەگەڵ دەکردی، بەیانیش تۆی بەکوشت دەدا. وتار و دروشمی بریقەداری بۆ ئافرەتان هەبوو، بەڵام لەڕووی چاکسازییەوە هیچ گۆڕانکارییەکی لە یاساکاندا نەدەکرد. حەزی لەوەبوو کە مافەکانت بەخێر پێ ببەخشێت، نەک وەک مافێکی سرووشتیی خۆت. دەستی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش وەردەدا، لە پرسی جیابوونەوە و پێدانی میرات بە ئافرەتان. خۆی لەسەرووی هەموو یاساکانەوە دەبینی. ئەو پێیوابوو هەموو شتەکان دەبێت لە ڕێگەی خۆیەوە چارەسەر بکرێن.

**ئایشە: ئەم کتێبەت بۆ ئەوە نووسیوە تاوەکو بەڕای گشتیی بڵێیت کە ژیان چۆن بووە لەژێر سێبەری ڕژێمێکی دیکتاتۆری؟**

**سالبی:** هێندە ئاسان نییە، پەیوەندییەکانی خانەوادەکەم لەگەڵ ئەو، نهێنییەکی هەمیشەیی بوو. هەرگیز باسمان لەم پەیوەندییە نزیکە نەکردووە. پێیانگوتم هەرگیز نابێت ئەم نهێنییە ئاشکرا بکرێ.

**ئایشە: بەڵام هەموو کەس دەیزانی؟**

**سالبی:** بەڵێ. هەموو ڕۆژێک وێنەی باوکم لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردەی ئەو ڕژێمە لە مانشێتە گەورەکانی ڕۆژنامەکاندا دەبینرا. ئێمە وەک خێزانێکی گەورە وابووین. دەبووایە لە هەموو کۆبوونەوەیەک و بۆنەکاندا ئامادە بین. پێویست بوو نوێنەرایەتیی عێراق بکەین.

**ئایشە: بۆچی؟**

**سالبی:** سەددام لە رابردوویەکی زۆر ئاڵۆز و مەترسیدارەوە هاتبوو. دەستدرێژی کرابووە سەر. بەردەوام لەلایەن زڕباوکییەوە لێی دراوە و لەماڵەوە دەرکراوە. تاوەکو تەمەنی نۆ ساڵیش ڕەوانەی قوتابخانە نەکرابوو. خانەوادەکەی، پاشخانێکی سەربازی و سیاسییان نەبوو، بەڵام خانەوادەیەکی ڕەسەن بوون. لەڕوانگەی سەددامەوە ئێمە خانەوادەیەکی بە ڕەچەڵەک و ڕەسەن و ڕووی گەش و بەهێزی عێراقیمان پێشان دەدا. ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئامادەبوونی بەردەواممان بوو لەلای سەددام. لەپاڵ سەددامدا وەک نوێنەری چینێکی ماڵباتی ڕەسەنی کۆمەڵایەتیی عێراق لە بۆنەکاندا دەردەکەوتین، بەڵام هۆکار و سەرچاوەی سەرەکیی نووسینم بۆ ئەم کتێبە، لەمەش قووڵترە.

> دایکم بەردەوام لە باوکم دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی هەڵبێین و خۆمان رزگار بکەین

**ئایشە: چییە؟**

**سالبی:** من وەک ژنێکی چالاکڤان، دوای ئەوەی کارم لەگەڵ ژنە چالاکوانە نێودەوڵەتییەکاندا کرد. بەردەوام بانگەشەی ئەوەم دەکرد کە "کەس نهێنییەکانی نەشارێتەوە". لە کاتێکدا خۆم نهێنییەکانم شاردبووەوە. کاتێک لە کۆنگۆ بووم، ژنێک و کچەکەیم ناسی کە دەستدرێژییان کرابووە سەر. بەسەرهاتەکانی خۆی بەچاوی پڕ فرمێسک و بەدەم گریانەوە گێڕایەوە و گوتی "ئەگەر توانای ئەوەم هەبووایە، بەسەرهاتەکانم بۆ هەموو جیهان بگێڕمەوە، بەدڵنیاییەوە دەمگێڕایەوە. چونکە دەبووە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژنانی دیکە تووشی هەمان دۆخی من و کچەکەم نەبنەوە". کاتێک ئەم ڕستەیەی گوت، ئارەقەی شەرمەزاریم ڕشت. من وەک ئەو نەخوێندەوار نیم، هەژاریش نیم. من هەموو شتێکم بۆ ڕەخساوە، کەسێکی بەناوبانگ و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیم. بەڵام بوێریی ئەوە ناکەم چیرۆکی خۆم بگێڕمەوە. چونکە شەرمم دەکرد. شووم بە کەسێک کرد کە هەرگیز بەدڵم نەبوو، دایکم بەشوویدام. هەروەها دەستدرێژیشم کرابووە سەر. پارەیەکی زۆر کەم لە گیرفانم هەبوو، تەمەنم 20 ساڵ بوو کە ماڵەوەم جێهێشتبوو، شەرمەزار بووم. بەڵام چەندین ساڵ ئەم راستییانەم شاردنەوە. کەچی ئەو ئافرەتە، ڕاستییەکانی دەگێڕایەوە. دوو بژاردەم هەبوو، یان دەبووایە خۆم بەشێوەیەکی دیکە دەربخەم و ڕاستییەکانم لەژێر جلوبەرگ و پۆشاکێکی جوان و پۆشتەدا بشارمەوە. یانیش بەدەنگێکی بەرز و بەدەم هاوارکردنەوە، وەک ئەم ژنە بەستەزمانە، بەسەرهاتەکانم بگێڕمەوە و نەیشارمەوە.

**ئایشە: ئێوەش بژارەی دووەمتان هەڵبژارد؟**

**سالبی:** بەڵێ. بەڵام زۆر سەخت بوو! چونکە بەردەوام لەژێر گوشاری خێزانەکەمدا بووم کە ئەم کارە نەکەم. بۆیە کتێبەکەم مەنەفێستێک بوو بۆ سەرجەم ئەو ڕووداو و بەسەرهات و ئەزموونانەی کە بینیمن و هەستم پێکردن. بێدەنگیم شکاند، چیرۆکی خۆم و خانەوادەکەم گێڕایەوە. شتێکی دیکەش هەبوو بێگومان، ئەگەر من ئەم کارەم نەکردایە، مێژوو بەپێی ویستی خۆی دەیگێڕایەوە و دەینووسی. لە کاتێکدا ئێمە مرۆڤگەلێک بووین، لە سەددام دەترساین. ئەم کتێبەم نەنووسیایە، هەرگیز ئازاد نەدەبووم.

**ئایشە: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ساڵانە، دایکت چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات؟**

**سالبی:** دایکم کەسێکی زۆر سەخت بوو. بەردەوام پێیدەگوتم "زەینەب، هەمیشە پێبکەنە، بۆ ئەوەی دنیا بەڕووتدا پێبکەنێت". لە حەفتاکان و هەشتاکاندا، لە ماڵەکەماندا بەردەوام ئاهەنگ ساز دەکرا. دایکم بەردەوام دانسی دەکرد. دایکم کاریزمایەکی بەهێزی هەبوو، بەڵام لە ناخەوە ڕووخابوو. مەیلی خۆکوشتنی هەبوو بەشێوەیەکی بەردەوام. چەندینجار هەوڵی خۆکوشتنی دا. وەک بەندکراوێک بوو لە قەفەسێکی زێڕیندا. ژیانێکی ئاستبەرزمان هەبوو، بەڵام بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیاین! چونکە سەددام نزیکترین هاوڕێی خۆی بەهۆی ئەوەی هاوبیری نەبوو، دەستبەجێ دەکوشت. بەهۆی نزیکیی سەددام لە ئێمەوە، خەڵک وا بیری دەکردەوە کە ئێمەش وەک سەددامین. بۆیە لە هەردوو جیهاندا بە هەڵواسراوی مابووینەوە.

> سەددام لە رابردوویەکی زۆر ئاڵۆز و مەترسیدارەوە هاتبوو

**ئایشە: ئەی باوکت؟**

**سالبی:** ماوەیەکی زۆر بوو لە باوکم تووڕە بووم. چونکە بەردەوام گەشتمان بۆ ئەملاو ئەولا دەکرد. دایکیشم بەردەوام دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی هەڵبێین و خۆمان رزگار بکەین. بەڵام ئەو، بەردەوام ڕەتیدەکردەوە. هەرگیز قبووڵی نەدەکرد. دوای چەند ساڵێک، زانیم کە چەند هۆکارێک و پاساوێک هەبوون ڕێگربوون لەوەی هەڵبێت و ئێمەش رزگار بکات.

**ئایشە: چۆن گەڕانەوە نێو جیهانی عەرەبی؟**

**سالبی:** دوای نزیکەی بیست ساڵ بڕیاری گەڕانەوەم دا. لە عێراق نووسینگەیەکم کردەوە و لەگەڵ ژنانی عێراق کۆبوومەوە و دیداری بەردەوامم هەبوو. بەرنامەی تەلەفزیۆنیم بۆ ژنانی عێراق ڕێکدەخست. بەردەوام هانی ژنانم دەدا کە پێویستە سەرقافڵەی گۆڕانکاری و پێشوەچوونی ناوچەکە بن. ئۆپرا وێنفری پشتیوانیی دەکردم. میوانی بەرنامەکەم بوو.

**ئایشە: لە کتێبەکەتدا ئاماژەت بەوە داوە، لە ساڵانی حەفتاکاندا دەستپێکی ژیان بوو لەگەڵ سەددام، لە هەشتاکاندا ناچاریی گوزەران بوو لەگەڵ سەددام و لە نەوەتەکانیشدا ساڵانی باجی قورس بوو بەهۆی سەددام. ئێوە شاهیدی هەرسێ سەردەمەکە بوون؟**

**سالبی:** بەڵێ. باجی زۆر قورسم دا. حەفتاکان ساڵانی ئازادی بوو. هەشتاکان ئازادی نەما، بەڵام خۆشگوزەرانی هەبوو. سەددام مرۆڤەکانی بە پارە خەڵات دەکرد. خانوو، ئۆتۆمبێل... هتد. لە نەوەتەکاندا، خۆشگوزەرانی نەما، چونکە ڕژێم بەرەو نەمان دەچوو. بیرو هزری ئاینی و پارتی سیاسی سەریهەڵدا. دوای چەندین ساڵ لە دابڕان، کاتێک گەڕامەوە بینیم لەبری ئەوەی عێراق سیکولار بێت، بەرەو ئاینگەری و مەزهەبچێتی گەڕاوەتەوە. خەڵک دابەشی سەر دوو بەرە ببوون. سەددام وەک پەڵەیەکی ڕەش لە دڵی هەموو کەسدا شوێنەواری هەبوو.

**ئایشە: ئەی چی لەبارەی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەڵێی؟**

> گریانی ژنێکی کۆنگۆیی هانیدام نهێنییەکانی ژیانم ئاشکرا بکەم

**سالبی:** سەرەتا هەموو کەس وا بیریان دەکردەوە کە ئەمریکا برین و زامەکانیان سارێژ دەکات. ئەوسا ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانیم لەگەڵ ژنێک کرد لە شاری کەربەلا و پرسیارم لێکرد "ژیانی ئێستا خراپترە، یان سەردەمی سەددام؟" ئەو ژنە وەڵامێکی دامەوە، وەڵامەکەی پەندێکی زۆر گەورەبوو بۆ من. گوتی "سەددام ئەمن و ئاسایشی بۆ دابین دەکردین، بەڵام ئازادی لێ زەوت کردبووین. ئەمریکا ئازادیی پێداین، بەڵام ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نییە. ئەگەر لە نێوان سەقامگیری و ئازادی پرسیارم لێ بکەیت. بەدڵنیاییەوە ئاسایش و سەقامگیری هەڵدەبژێرم".

**ئایشە: ئەی دوای سەددام؟**

**سالبی:** وڵات بەتەواوی دارما. عێراقییەکان خۆزگەیان بە سەردەمی سەددام دەخواست. لەم نێوەندەدا، داعش سەریهەڵدا و دۆخەکەی زۆر خراپتر کرد. بەڵام من دیسان ڕەشبین نیم. عێراقی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لە عێراقی سەردەمی سەددام. ئێستا گوتاری خۆی هەیە. هەوڵ هەیە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی خاوەن بەها.

**ئایشە: بۆچی دایکت ویستی لە تەمەنێکی بچووکدا بەشووت بدات؟**

**سالبی:** چەندین ساڵ داوای لێبووردنەکەی دایکمم قبووڵ نەکرد. دایکم بۆ من نموونەی فیمینیزم بوو.

> دایکم دەیگوت سەیری نێوچاوی سەددام مەکە چونکە هەستەکانت دەخوێنێتەوە

هەر لە تەمەنێکی زوو، زۆری لێکردم بۆ ئەوەی زۆرترین کتێب لەبارەی ژنی هاوچەرخ و فیمینیزم بخوێنمەوە. قۆڵی دەگرتم و رایدەوەشاندنم و دەیگوت: "هەرگیز ڕێگە نەدەیت پیاو ئەشکەنجەت بدات. لێنەگەڕێی دەستت بۆ درێژ بکات بەواتای شکاندنی شکۆمەندیت". بەردەوام ڕێگر بوو لەوەی فێری چێشتلێنان و پاکوخاوێنی ببم. هەرگیز باوەڕی بەوە نەبوو، بەهۆی ئافرەتبوونمەوە ئەم کارانە بکەم. بەڵام لە هەمانکاتدا زۆری لێکردم لە تەمەنی 19 ساڵیدا شوو بەگەنجێکی عێراقی بکەم کە لە بانکێکی ئەمریکا کاری دەکرد. گریا، پاڕایەوە، هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی خستەگەڕ، تا ئەو کاتەی ئامانجەکەی پێکا. بەخێرایی بەشوویدام و لە ئەمریکا نیشتەجێ بووم.

**ئایشە: دواتر؟**

**سالبی:** دوای پرۆسەی هاوسەرگیری، خێزانەکەم گەڕانەوە. ئەوکات سەددام کوێتی داگیرکرد و سنوورەکان داخران. ماوەی نۆ ساڵ پەیوەندیم لەگەڵ خێزانەکەم پچڕا. زۆر تووڕە بووم لە دایکم. ژیانی تاڵ کردم. هاوسەرگیرییەکەم تەنیا لەسەر کاغەزێک بوو. ئەو کەسەی کە هاوژینم بوو، ڕۆژانە ئازار و ئەشکەنجەی دەدام و دەستدرێژیی دەکردە سەرم، لە کاتی سێکسدا توندوتیژ بوو.

**ئایشە: چۆن خۆت رزگار کرد؟**

**سالبی:** هەڵاتم! پۆشاکی گرانبەهام لەبەربوو، بەڵام هیچ پارەیەکم لە گیرفاندا نەبوو. سەردانی نووسینگەی کۆچبەرانم کرد و پاسپۆرتەکەم دانێ. پرسیارم کرد، چۆن بگەڕێمەوە وڵاتەکەم، ناتوانم پەیوەندییان پێوە بکەم، ڕێگایەکم نیشان بدەن و هاوکاریم بکەن. ئەو ئافرەتەی قسەم لەگەڵی کرد، بەزەیی پێمدا هاتەوە و یارمەتی دام و مۆڵەتی کارکردنی پێدام. منیش لە تەمەنی 20 ساڵی لە سەفەرەوە دەستم بەژیانێکی نوێ کردەوە. دووبارە شووم کردەوە.

**ئایشە: ئەی دایکت؟ دووبارە بینیتەوە؟**

**سالبی:** بەڵێ. دوای نۆ ساڵ سەردانی ئەمریکای کرد. پرسیارم لێکرد "بۆچی وات لەمن کرد؟" ئەوکات زۆر نەخۆش بوو. دەنگی نەمابوو. بەنووسین وەڵامی دامەوە "بۆ پاراستنی تۆ ئەو کارەم کرد". دواتر بۆی گێڕامەوە کە لەژێر چ گوشارێکدا بووە. منیش لێی خۆشبووم و دوای چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی کرد بەداخەوە.

**ئایشە: دایکت ئامۆژگاریی کردبووی کە سەیری نێوچاوی سەددام نەکەی، ئەمە بۆ؟**

**سالبی:** دایکم پێیدەگوتم "هیچ شتێک لە مێشکتدا نەهێڵیتەوە، هەموویان بسڕەوە، چونکە سەددام کاتێک سەیری نێو چاوت دەکات، دەستبەجێ هەستەکانت دەخوێنێتەوە".

دایکم ئامۆژگاری دەکردم کە هەرگیز سەیری نێو چاوی سەددام نەکەم. ترسێکی زۆر گەورە لەدایکم دەخوێندرایەوە لە بەرامبەر سەددام. بەردەوام هۆشداری پێدەدام و دەیگوت: "ئەگەر سەددام پێکەنی، تۆش پێبکەنە، تەنانەت ئەگەر گریا تۆش لەگەڵی بگری".

**ئایشە: دایکت سەرباری ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێیە، چۆن دەیتوانی ئاهەنگ بگێڕێ و دانس بکات؟**

**سالبی:** بەپێچەوانەوە، دایکم بۆ ئەوەی هەموو گومانەکان لەسەرخۆی دووربخاتەوە، بەتایبەتی لە بەرامبەر هەژموونی پیاوسالارێتی ئەم کارەی دەکرد. زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئافرەتان بەسەردەبرد. لە زۆربەی ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەکاندا ژمارەیەکی زۆر لەشفرۆش هەبوون، دایکم بە ئەنقەست ئەم کارەی دەکرد، بۆ ئەوەی پیاوەکان سەرقاڵی ئەم لەشفرۆشانە بن و دووربکەونەوە لە توندوتیژی دژی هاوژینەکانیان.

**ئایشە: کەی "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ژن بۆ ژن"ت دامەزراند؟**

**سالبی:** لە سێیەم ساڵی نیشتەجێبوونم لە ئەمریکا. کاتێک لە عێراق بووم تەنیا ژنانی عێراقیم دەبینی. کاتێک لە ئەمریکا بووم، بۆ یەکەمجار گوێم لە مەینەتییەکانی ژنانی بۆسنی بوو لە کەمپەکان. بیرم کردەوە کە کاتی هاتووە شتێک بکەم بۆ ژنان. کاتێک لە عێراق بووم، ئازاد نەبووم. بەڵام لە ئەمریکا ئازادیی قسەکردنم هەیە. پێویست بوو ئەو ئازادییە بەکاربهێنم. کاتێک ئەم ڕێکخراوەم دامەزراند، هەموو کەس گاڵتەیان پێدەکردم. چونکە من پەنابەرێکی عێراقی نیشتەجێبووی ئەمریکا بووم. موسڵمان و زمانی دووەمیشم ئینگلیزی بوو. هەروەها پارەیەکی باشم نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ڕێکخراوە. سەرەتا پارەم بۆ 32 ژن کۆکردەوە. چوومە سنووری کرواتیا و پارەکەم بەسەر ژنانی ئاوارەی بۆسنیدا بەشکرد. دوای 12 ساڵ خاوەن کۆمەکی یەک ملیۆن دۆلاری بووم کە دەستی یارمەتیم بۆ هەزاران ژنی لێقەوماو درێژ کرد. ژنانی رواندا، کۆنگۆ، کۆسۆڤۆ، عێراق، ئەفغانستان و چەندین وڵاتی دیکەش. دەستی یارمەتی و هاوکارییەکانم تەنیا لە رووی بەخشینی پارە نەبوو، بەڵکو دابینکردنی دەرفەتی کار و پێدانی هیوا و ئومێد بوو.

## پۆلیسی سلێمانی 12 دز دەستگیردەکات

**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی – بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان ئاشکرای دەکات لە ماوەی هەفتەیەکدا 12 تۆمەتباری دزی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە دەستگیرکراون کە چەندین تاوانی دزییان لە نێو شاری سلێمانی کردووە. بەپێی هەواڵێک کە لە پەیجی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، پێنج لەو تۆمەتبارانە بە تۆمەتی بڕینی کۆگایەکی وەرزشی دەستگیرکراون. سێ تۆمەتبار دزییان لە ماڵان کردووە، هەروەها دوو تۆمەتبار ڕێگریان لە هاووڵاتیان کردووە و پارەیان لێسەندوون، دوو تۆمەتبارەکەی دیکەش کێبڵی کارەبایان دزیوە.



کۆمەڵایەتی
رووداو
ژمارە (500) - دووشەممە 2018/4/9

### ژنەکە دەستگیرکراوە و پیاوەکەش هەڵاتووە

# ژن و پیاوێک لەشفرۆشی بە کچێکی نەخۆش دەکەن

**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

عادل و ترێ لە شاری هەڵەبجە لە خانوویەکی کرێدا دەژیان، ئەوان خەریکی لەشفرۆشی بوون، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن دراوسێکانیانەوە گومانیان لێدەکرێت، هەڵەبجە بەجێدەهێڵن و لە کەلار نیشتەجێ دەبن. ئەوان کچێکی 17 ساڵان هەڵدەخەڵەتێنن و لە ماڵەکەی خۆیاندا لەشفرۆشی پێدەکەن، دواتر پۆلیس ژنەکە دەستگیردەکات و پیاوەکەش هەڵدێت.

بە گوتەی یەکێک لە دراوسێکانیان، رۆژانە خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی ماڵی عادل و ترێیان کردووە "رۆژانە خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی ئەم ماڵەی دەکرد، ئەم حاڵەتە ببووە جێی سەرنج و گومانی دراوسێکانیان، رۆژ لەدوای رۆژ گومانەکان زیادیان دەکرد، رۆژ هەبوو شەش ئۆتۆمبێل لەبەردەم ماڵیان دەوەستا، بەڵام ئەوان دەیانگوت کەسوکاری خۆمانن و لە شارەکانی دیکەوە هاتوون".

ئەو دراوسێیەیان کە نەیویست ناوی بهێنین، گوتیشی: "ئەو ژن و پیاوە کە زانیان چاوی دراوسێکانیان لەسەرە و بوونەتە جێی گومان، رۆژێک هەڵەبجەیان بەجێهێشت و رۆیشتنە گەرمیان و لە کەلار نیشتەجێ بوون".



عادل و ترێ کچە دراوسێکەیان هەڵخەڵەتاند و کردیان بە لەشفرۆش

دوای رۆیشتنیان بۆ کەلار، ترێ پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە دراوسێکانیان لە هەڵەبجە هەر دەمێنێ، ئەو خێزانە هەڵەبجەییەش کچێکی تەمەن 17 ساڵانیان هەیە بەناوی (ن)، بەڵام کچەکە باری دەروونیی جێگیر نییە، بۆیە عادل و ترێ بە نهێنی و بەبێ ئاگاداری خێزانەکەی، هەڵیدەخەڵەتێنن و دەیبەنە کەلار بۆئەوەی لەشفرۆشی پێبکەن، ترێ ماوەیەک قسە لەگەڵ (ن) دەکات و رازی دەکات بەدزی ماڵی باوکییەوە هەڵەبجە جێبهێڵێت، ژن و مێردەکە دەبنە رێنیشاندەری و (ن) بە ئۆتۆمبێلێک لە گەراجی هەڵەبجەوە بەرەو کەلار بەرێدەکەوێت.

کەسێکی نزیکی (ن) باس لەوە دەکات کە (ن) باری دەروونیی جێگیر نەبووە، ئەو بە (رووداو)ی گوت: "ئەو کچە مێشکی نەخۆشە و باری دەروونیی جێگیر نییە، ئەو خێزانە چوونەتە بن کلێشەی و بەقسەی خۆش و پارە هەڵیانخەڵەتاندووە، رۆیشتنی (ن) لە بەیانییەکدا بەناوی چوون بۆ دوکان، بە حاڵەتی رفاندن و هەڵخەڵەتاندنی کچێکی نەخۆش دادەنرێ، بۆیە پێویستە سزای قورسی ئەو ژن و پیاوە بدرێت کە (ن)یان هەڵخەڵەتاندووە و بردوویانەتە لای خۆیان".

باوکی (ن) پشتڕاستی دەکاتەوە کە باری دەروونیی کچەکەیان جێگیر نییە و سکاڵاشی لەسەر عادل و ترێ تۆمار کردووە، ئەو لە وتەکانیدا بۆ پۆلیسی گەرمیان دەڵێت: "کچەکەم تەمەنی 17 ساڵانە و باری دەروونیی تەواو نییە، بۆ ئەمەش راپۆرتی پزیشکی هەیە، ئەو ژن و مێردە کە پێشتر دراوسێمان بوون، کچەکەمیان رفاندووە و هەڵیانخەڵەتاندووە، ئەگینا کچەکەم بە جلی ماڵەوە بەبیانووی دوکان و شتکڕین چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە، دوای چەند رۆژێک لە سۆراغکردن، زانیمان لە ماڵی ئەو دراوسێ کۆنەمانە لە کەلار، ئێستاش من سکاڵام لەسەریان تۆمار کردووە".

بەپێی زانیارییەکان ئەو خێزانە لەشفرۆشییان بە (ن) کردووە.

### ژنەکە دەستگیر دەکرێ

دوای تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن کەسوکاری (ن)، ترێ و یەکێک لەو پیاوانەی بۆ کاری سێکسی لەگەڵ (ن) هاتبووە ماڵەکەیان، لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە بەپێی مادده 422 دەستگیرکراون، بەڵام عادل هەڵهاتووە.

رائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی ئەم کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "پاش ئاگادارکردنەوەمان لە ونبوونی کچێک و وەرگرتنی زانیاری دروست لەسەر ئەو خێزانە، توانیمان بەسەر رووداوەکەدا بچین و ئەو ژنە و کچێکی تەمەن 17 ساڵان و پیاوێک دەستگیر بکەین، تاوانبارەکان دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە، پیاوەکەش نکۆڵی لەوە نەکردووە کە لەگەڵ کچەکەدا بووە".

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان گوتیشی: "عادل کە مێردی ژنەکەیە، هەڵهاتووە، کچە تەمەن 17 ساڵانەکەش بەهۆی ئەوەی راپۆرتی پزیشکی هەبوو کە نەخۆشە، بە کەفالەت ئازاد کرا".

# لە زیندان هاتە دەرەوە و خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**رووداو – رانیە**

کاتێک زمناکۆ کەوتە زیندان، منداڵە بچووکەکەی تەمەنی تەنیا پێنج مانگ بوو، کاتێکیش هاتە دەرەوە، تەمەنی بووبووە دوو ساڵ، بەڵام تێر باوەشی باوکی نەدیت و زمناکۆ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکارەکەی دەڵێن نەخۆشیی دەروونی هەبووە، پۆلیسیش ئەو زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە.

رۆژی 2018/4/6 پیاوێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی (زمناکۆ.ف.خ)، دانیشتووی گەڕەکی رۆژهەڵاتی ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای رانیە، لە نێو ماڵەکەیدا بە پەت خۆی هەڵواسی و خۆی خنکاند.

زمناکۆ هەشت ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ کچێکی هاوتەمەنی خۆی هاوسەرگیری کردبوو، خاوەنی سێ منداڵ بوون کە بچووکەکەیان دوو ساڵانە و گەورەکەشیان شەش ساڵانە.

زمناکۆ دوو ساڵ لەمەوبەر دەستگیرکرابوو، تەنیا 10 رۆژ بوو لە زیندان ئازادکرابوو.

خۆشەوی کە برای زمناکۆیە، لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنی براکەی دەڵێت: "براکەم کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، زۆریش کاسب بوو، بەڵام بەهۆی برادەری خراپەوە تووشی خواردنەوە کحولییەکان و خواردنی حەبی هۆشبەر بوو. دوو ساڵ لەمەوبەر لەسەر بەکارهێنانی حەبی هۆشبەر دەستگیرکرا، لەو ماوەیەدا حوکمەکەی تەمیز کرایەوە و لە زیندان هاتە دەرەوە، چاوەڕێی دوا بڕیاری دادگا بوو لەبارەی دۆسیەکەی".

خۆشەوی کە برا گەورەی زمناکۆیە، پێش ئەوەی براکەی، خۆی بخنکێنێ، لەلای بووە و دەڵێت زمناکۆ هاوژین و منداڵەکانی ناردبووەوە ماڵی خەزووری، دایکیشی ناردبوو بۆ بازاڕ هەندێک دەرمانی بۆ بکڕێ، کاتێک کەس لە ماڵ نەبووە، بە پەت خۆی خنکاندووە.

خۆشەوی گوتی: "دایکم بۆی گێڕامەوە پێش ئەوەی بچێ دەرمانی بۆ بکڕێ پێیگوتبوو دایکە بەهۆی منەوە ئازاری زۆرت چەشتووە، گەردنم ئازاد بکە. دایکم لە رێگا بیری لەو قسەیەی زمناکۆ کردبووەوە، دڵی خورپەیەکی کردبوو کە زمناکۆ شتێکی بەسەرهاتووە، خێرا گەڕابووەوە ماڵەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو، زمناکۆ خۆی خنکاندبوو، دایکم بە گریانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی خێرا وەرە زمناکۆ خۆی خنکاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی براکەی، خۆشەوی گوتی: "براکەم نەخۆشیی دەروونی هەبوو، نزیکەی 10 ساڵ بوو تووشی ئەو نەخۆشییە بووبوو، زیاتر لە سێ راپۆرتی پزیشکیمان هەیە کە پشتڕاستی دەکەنەوە. هەر لەبەر نەخۆشییەکەشی زۆر نازمان هەڵدەگرت، بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە زیاتر لە پێنج جار هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد، بەڵام هەموو جارێک رێگریمان لێدەکرد، هەموو گیانی خۆی بە چەقۆ و کەتەر کردبووە برین".

خۆشەوی کە بڕیاری داوە سێ منداڵەکەی زمناکۆ لە ئەستۆ بگرێ و بەخێویان بکات، گلەیی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد و گوتی: "براکەم دوو ساڵ لە زیندانی چاکسازی بووە، کە دەڵێن چاکسازی دەبێ شوێنی چاکبوونەوەی گیراوەکان بێ، بەڵام لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا هیچ چارەیەکیان لەو برایەی من نەکردووە، لە زیندان پشتگوێیان خستبوو، دەبووایە پزیشکی دەروونی بۆ دابین بکرێ، لەوێ نەخۆشییەکەی زیاتر وێرانی کردووە".

تەها محەممەد، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تەندروستیی راپەڕین، سەبارەت بە خۆخنکاندنی زمناکۆ بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی هەینی رابردوو تەرمی پیاوێکی تەمەن 29 ساڵەیان هێنایە نەخۆشخانەکەمان، دوای پشکنین و توێکاری بۆ تەرمەکە دەرکەوت بە پەت خنکاوە، هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەیەوە دیار نەبوو، ئەوە دەریدەخات کە بە ئەگەری زۆر ئەو پیاوە خۆی خنکاندووە".

هەر لەوبارەوە رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین پشتڕاستی کردەوە کە زمناکۆ خۆی خنکاندووە و گوتی "لەکاتی رووداوەکە کەسیان لە ماڵ نەبووە، ئەویش ئەمەی بە هەل زانیوە و پەتێکی لە ملی کردووە و خۆی خنکاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنەکەشی، رائید شۆڕش گوتی: "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو کەسە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، کەسوکارەکەشی دەڵێن راپۆرتی پزیشکیان هەیە کە ئەو کەسە نەخۆشیی دەروونی هەبووە".



زمناکۆ بەهۆی بەکارهێنانی حەبی هۆشبەرەوە دوو ساڵ زیندانی کرا

# لەنێو باخەکەی خۆیدا خۆی خنکاند




**عومەر چاوشین**
**رووداو- قەڵادزێ**

دەوروبەری نیوەڕۆ، عەلی داوای لە زانای کوڕی کردبوو بیگەیەنێتە نێو باخەکەی و دوای تەواوبوونی کارەکانی، بەدوایدا بچێتەوە، بەڵام زانا تووشی شۆک دەبێ کاتێک دەبینێ باوکی لەنێو باخەکەی خۆیدا، خۆی هەڵواسیوە. زانا و کەسوکارەکەی ئێستا وێڵی دوای وەڵامی ئەو پرسیارەن کە عەلی بۆچی خۆی خنکاندووە؟

رۆژی 2018/4/2 پیاوێکی تەمەن 47 ساڵ بەناوی (عەلی.ق.ش) دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە شارۆچکەی قەڵادزێ، لەنێو باخەکەی خۆیدا لە گوندی بادڵیانی سەر بە قەزای پشدەر، بە پەتێک خۆی خنکاند.

زانا کە کوڕی عەلییە و یەکەم کەس بووە بەسەر مەرگی باوکیدا چووە، دەڵێت نیوەڕۆی ئەو رۆژە باوکی داوای لێکردووە بیگەیەنێتە نێو باخەکەی لە گوندی بادڵیان کە 10 کیلۆمەتر لە سەنتەری قەزای پشدەر دوورە، ئەویش باوکی دەگەیەنێتە نێو باخەکە و جێیدەهێڵێ، باوکی داوای لێدەکات کە ئێوارە بەدوایدا بگەڕێتەوە.

زانا گوتی: "چاوەڕێ بووم باوکم تەلەفۆنم بۆ بکات بۆ ئەوەی بچم بیهێنمەوە، بەڵام تەلەفۆنی نەکرد. کاتێکیش تەلەفۆنم بۆ کرد، مۆبایلەکەی داخرابوو، بۆیە بڕیارمدا بچمە باخەکە".

زانا کاژێر شەشی ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ باخەکەی خۆیان و دەبینێ جووتیارانی باخەکانی دەوروبەری باوکی، دەستیان لەکار هەڵگرتووە و وردە وردە دەگەڕێنەوە ماڵەوە، بەڵام باوکی لەنێو باخەکەدا دیار نییە، کاتێک دەچێتە نێو خانووی باخەکەیان دەبینێ باوکی بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە.

زانا گوتی "هانام بۆ خزمانی گوند برد، تا ئەوان گەیشتنە لام، پەتەکەم لە گەردنی کردەوە، بەڵام جەستەی ساردوسڕ بوو، پێدەچوو دەمێک بێ خۆی خنکاندبێ". زانا لەو رۆژەوە تووشی شۆک بووە و نازانێ باوکی بۆچی خۆی خنکاند "باوکم هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، نەخۆشیی دەروونی نەبوو، باری ئابووری باش بوو، دووکانمان هەیە، دوو خانوومان هەیە، نازانم بۆچی خۆی خنکاند".

زانا دەڵێت ئەو رۆژە هیچ شتێکی نامۆی لە باوکی بەدی نەکردووە، تەنیا توورەکەیەکی پێ بووە، بەڵام زانا نەیزانیوە توورەکەکە چی تێدابووە و دەڵێت "ئەگەر بمزانیایە توورەکەکە پەتی تێدایە، ئەوە گومانێکم دەکرد و بەجێمنەدەهێشت".

محەممەد کە برای عەلییە، لە دووەم رۆژی پرسەی براکەیدا قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی ئەوان بنەماڵەیەکی بێ کێشەن و باری ئابوورییان باشە، نازانێ براکەی بۆچی خۆی خنکاندووە. محەممەد کە بە تەلەفۆن هەواڵی مەرگی براکەی پێدراوە، دەڵێت "براکەمان کەسێکی زۆر باش بوو، هەمیشە پرس و رامان بە یەکدی دەکرد، نەمانزانیوە هیچ کێشەیەکی هەبووبێ، ئەگەر هەیبا و بۆی باسکردباین بەدڵنیاییەوە بۆمان چارەسەر دەکرد". محەممەد رەتیکردەوە کە دەستی کەس لە رووداوەکەدا هەبێ و گوتی "براکەم بە دەستی خۆی، خۆی خنکاندووە، بۆیە گومان لە کەس ناکەین و سکاڵاشمان لەسەر کەس نییە".

زانا، دوای ئەوەی پەتەکە لە ملی باوکی دەکاتەوە، پۆلیس لە رووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش دەچنە شوێنی رووداوەکە و تەرمەکە دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی نەخۆشخانەکە بە (رووداو)ی گوت: "ئێوارەی رۆژی 2018/4/2 تەرمی پیاوێکی تەمەن 46 ساڵیان هێنایە نەخۆشخانەکەمان. پشکنینی بۆ کرا، دەرکەوت بە پەت خۆی خنکاندووە. دوای رێکارەکان تەرمەکەمان دایەوە کەسوکارەکەی".

هاوکات رائید شۆڕش ئیسماعیل لەبارەی ئەو کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی بەڵگە و تاوان، ئەو هاووڵاتییە لە نێو باخەکەیدا بە پەت خۆی خنکاندووە. بۆیە کەسوکارەکەی سکاڵایان لەسەر کەس نەبووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنەکەشی، رائید شۆڕش گوتی: "پۆلیس هۆکاری رووداوەکەی هێشتا ئاشکرا نەکردووە، لەنێو خەڵکیدا وا بڵاوبووەتەوە کە بەهۆی کێشەیەکی خێزانییە، بەڵام مەرج نییە ئەوە راست بێ".

## بیریار و فەیلەسووف و سیاسەتوانی فەرەنسی بێرنار- هنری لیڤی:

# دەکرا لە عەفرین بە تورکیا بڵێین ستۆپ


(فۆتۆ: ڕووداو)

ئەمەی خوارەوە دەقی هەڤپەیڤینێکە لەگەڵ بیریار و فەیلەسووف و سیاسەتوانی فەرەنسی بێرنار- هنری لیڤی کە ڕۆژنامەوانان ئەلێکسیس لاکروا و کریستیان ماکاریان بۆ گۆڤاری (ئێکسپرێس)ی فەرەنسی کردوویانە و بەهۆی سەرنجراکێشیی گفتوگۆکە، بەباشمان زانی بە کەمێک کورتکردنەوەوە (لەبەر درێژیی هەڤپەیڤینەکە)، لێرەدا بیخەینەوە بەرچاوی خوێنەرانی (ڕووداو).

**ئەردۆغان پڵنگێکە لە کاغەز**

**باراک ئۆباما و دۆناڵد ترامپ دوو ڕووی یەک دراون**

**400 هەزار کوژراوی سووریا و زیاتر لە 12 ملیۆن ئاوارە، ئەمە شکستی ئێمەیە**

**ئێکسپرێس: بێرنار- هنری لیڤی، ئەم ناوە وەکو براندێکی لێهاتووە! سەرۆکەکان دەڕۆن و تۆ دەمێنیتەوە، بەڵام لە چ پلە و پیشەیەکدا: فەیلەسووف، نووسەر، پیاوێکی قۆز، بزنسمان، ئیلهامبەخشی سیاسەتی دەرەوە...**

**تۆ بووی بە وێنەیەکی کاریکاتۆری بۆ پیاوی دەسەڵاتدار بە تایبە فەرەنسیەکەی...**

**هنری لیڤی:** "بزنسمان"! شتێکی چەند گاڵتەجاڕانەیە. ئێوە ویکیپیدیا زۆر دەخوێننەوە کە هەمیشە خەریکە من لە لیستێکی تێکەڵ و پێکەڵدا پێناسە بکات، زۆربەی جاران حەقیقەت و ساختە ئاوێتە دەکات، یان زانیاریی پشتڕاست و ڕستێک لە شتی هەڵبەستراو و هەواڵی درۆ. نەخێر پیشە ڕاستەقینەکەی من ئەوەیە کە هەمیشە شانازیی پێوە دەکەم: کاری فەلسەفی و هەوڵدانە لەڕێی ئەو فەلسەفەیەوە بۆ پەرەپێدانی گفتوگۆ. بۆ نموونە نیشانی بدەم کە دراما ڕاستەقینەکەی ئەمریکا ئەوە نییە ترامپ چووبێتە جێی ئۆباما، بەڵکو ئەوەیە کە هەردووکیان ڤێرجیل-یان (1) لەبیرکردووە.

**ئێکسپرێس: ئەمە هەمان بیرۆکەیە کە لە دوایین کتێبەکەتدا دەتەوێ پەرەی پێبدەی..**

**هنری لیڤی:** پێکات.. یەکێ لە تیۆرییەکانی من ئەوەیە کە ئەمریکا لەلایەن لاتینەکانەوە ئاوا کراوە، ئەوان داستانی (ئینیادە)ی ڤێرجیل-یان دەرخ بوو.. باوکانی دامەزرێنەر و پڕ حەماسی لاتین ئەو هەستەیان هەبوو کە ئەوان میراتگری (ئینیاس)ی هەڵاتوون لە وێرانکاریی تەروادە. ئینیاس دەریای بڕی بۆ ئەوەی لە ڕۆما تەروادەیەکی دیکە بنیات بنێتەوە. جگە لەوەش، ئەوە بۆ ئەوان ئەورووپای دێرین بوو کە لێی هەڵاتبوون و هەموو پاشماوە پڕ بەهاکانیان هێنا و پاراستیان، پاشان هەر بە ئاراستەی ڕۆژئاوا دوورتر ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ئاوەدانی بکەنەوە، ڕۆیشتن بەرەو ئینگلتەرای نوێ، خاکی بەڵێندراو. جا قەیرانە ڕاستەقینەکەی ئەمریکا لێرەدایە: لەبیرکردنی ئەم میراتە ئەورووپیە. لە بەرامبەریشیدا پێنج هێزەکە ڕاوەستاون: ڕووسیا، چین، ئێران، تورکیا و هەموو وڵاتانی عەرەبی کە پارێزەر و پشتیوانی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامین.

**ئێکسپرێس: تۆ ناوت لێناون "پێنج پادشاکە"..**

**هنری لیڤی:** بەڵێ، ئەوە ئەو ئاستەنگە ڕاستەقینەیەیە کە ئەمڕۆ بەرەوڕووی ڕۆژئاوا بووەتەوە. ئەمانە دوژمنایەتیخوازن، شەڕەنگێزن، بە لووتبەرزی و ئیستیفزازەوە دژایەتی لیبراڵیزم دەکەن. کاتێکیش لە ئێمەی ڕۆژئاواییەوە شتێک فێردەبن، هەر بۆ ئەوەیانە کە دوایی زۆر بە خراپی قەرزەکەت بدەنەوە. تۆ دەزانی، ئێران بۆ نموونە، کە ئەم ناوەیان لێنا، بەهۆی کودێتایەکی سەربازیی پڕ دەلالەت بوو کە نازیەکان دەیانویست؟ ئەوە ئەوان بوون لە ساڵی 1935 فارسەکانیان هاندا بۆ ئەوەی دەستبەرداری ناوی فارس ببن و وڵاتەکە ناوبنێن ئێران کە ڕێک بەمانای "وڵاتی ئاریان" دێت. ئەوان بوون ئەم شتە ترسناکەیان لە کەللەی فارسەکاندا چاند کە ڕێک لەسەر تیۆرەی ئێتنیکی بیناکراوە و بیرۆکەی (هیندۆ ئەورووپی) پیرۆز دەکات و ئەمە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. ئێمە ئەمڕۆ کە ئەمە بەبیر دێنینەوە، کە لەم "کەروێشک"ـە مێژووییە دەسڵەمینەوە، بە هەڵکۆڵینی ئەم بناغە نیشتیمانی- سۆشیالستی (نازی)یەی ئەمڕۆ وەکو دیکۆرێک لەلایەن ڕژێمی

> **کوردستانی سەربەخۆ لە پاش ئیسرائیل دەبێتە دووەم دەوڵەتی دیموکراسی لە ناوچەکەدا**

ئایەتوڵڵاکانەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ، زۆر خەسڵەتی "فاشیۆئیسلامی" دەبینین کە لەناکاو بەدیاردەکەون. ئەمە ئەو شتەیە کە بۆ من گرنگە. ئەمە گرنگترە لە چەلەحانێ لەگەڵ میلانشۆ و مارین لوپێن (2)، یان مشتومڕ لەبارەی ڕەنگی کراسەکەم.

**ئێکسپرێس: تۆ بۆ دەستتێوەردانی سەربازی لە لیبیا پەنات بردبووە بەر هەڵخەڵەتاندن، دوایی ئیمانوێل ماکرۆن زۆر بە توندی ڕەخنەی لەو دەستتێوەردانە گرت. کە ئاوڕێک لەدواوە بدەینەوە کارەساتێکی گەورە دەبینین. کەس بیر لەوە ناکاتەوە بەرگری لە ڕژێمی قەزافی بکات، بەڵام بە ڕووخاندنی، شەڕی نێوان گرووپەکان سەری گرت و شەپۆلێکی نەبڕاوەی کۆچبەرانیشی لێکەوتەوە..**

**هنری لیڤی:** شەپۆلی نەبڕاوەی کۆچبەران، ئەوەندەی من بزانم، لە لیبیاوە نییە بەڵکو لە سووریاوەیە، هۆیەکەشی دەستتێوەردانی سەربازی نەبوو لە لیبیا ئەوەندەی کە دەستتێوەرنەدان بوو لە سووریا.

**ئێکسپرێس: ڕای گشتی لە ڕۆژئاوا بووەتە نەیار و دوژمنی پرەنسیپی دەستتێوەردانی سەربازی لە ململانێکاندا، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

**هنری لیڤی:** من لەم قۆناغەی ژیانمدا تەنیا لە یەک شت پەشیمانم. تەنیا یەک شت هەیە کە بەهۆیەوە داوای لێبوردن لە نەوەکانی داهاتوو بکەم، ئەویش شکستهێنانم بوو لە قایلکردن بە زەرووڕەتی دەستتێوەردان لە سووریا. 400 هەزار کوژراو، زیاتر لە 12 ملیۆن ئاوارە، نیوەی دانیشتووانەکەی ئاوارەن و داعشیش لە هەموو شوێنێکە، ئەمەیە شکستی ئێمە، ئەمە نەنگییەکی گەورەیە بە تەوێڵمانەوە و هەر ئەمەش خۆکوژیی ڕاستەقینەی دیمۆکراسیە وەک هەمیشە.

**ئێکسپرێس: مەبەستت چییە لە "وەک هەمیشە"؟**

**هنری لیڤی:** سیستەمە دیموکراسیەکان هەمیشە دژی دەستتێوەردان بوونە. لە سەردەمی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەوە لە ساڵی 1915، لەکاتی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیادا لە 1936. ئانشلۆس (لکاندنی نەمسا بە ئەڵمانیای نازییەوە) لە 1938. شۆڕشی بۆداپست لە 1956، هەروەها کاتێک پۆڵۆنیا لە ساڵی 1981 دژی سۆڤیەت وەستایەوە. ئەمە سەرەولێژیەکی سروشتییە، وەکو یاسای لێهاتووە. ئیستیسنا ئەوەیە کە بوێریی دەستتێوەردانت هەبێ، بەداخەوە.

**ئێکسپرێس: ئەی مەگەر دیموکراسی بریتی نییە لە ئیعتیبار دانان بۆ ڕای گشتی؟**

**هنری لیڤی:** ئیعتیبار دانان بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بەڵام ببینە کۆیلەی؟ بە دڵنیاییەوە نا. ئینجا شتێک هەیە من ناوی دەنێم "ئیمپراتۆری"، دیکتاتۆریەتی "ڕا" و دیسپۆتیزم، یان ئیستیبدادی گەل.

**ئێکسپرێس: ڕاستە، بەڵام ئەوەی ئاراستەی دنیای گۆڕی تەنیا ئیمپراتۆریەت بوو، لەم حاڵەتەشدا ولایەتە یەکگرتووەکان کە ئێستا بڕیاری داوە دەست لە سیاسەتی دەستتێوەردان هەڵگرێ، هەست ناکەی بەجۆرێ لە جۆرەکان تەنیا تۆی کە لەمە پەشیمانی؟**

**هنری لیڤی:** لەوانەیە، بەڵام بەنیسبەت منەوە ئەمە پڕتەمومژترین و کارەساتبارترین دیاردەیە لە ئەمڕۆماندا، لەم ڕوانگەیەوە، دووبارەی دەکەمەوە: باراک ئۆباما و دۆناڵد ترامپ دوو ڕووی یەک دراون. ئەگەر ئەمریکا بڕیاری دابێ بە یەکجاری پشت لەم بەهرەیەی بکا، تەنیا ئەورووپا هەیە کە مەشخەڵی دیموکراسی بەدەستەوە بگرێ، بەڵام ئایا دەیکات؟ ئەم گومانە، ددانی پێدادەنێم، زۆر دەمترسێنێ.

**ئێکسپرێس: ئەمریکا بە لەدەستدانی سەربازەکانی لە ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زیاتر لە پشکی خۆی باجی داوە..**

**هنری لیڤی:** ئەمە مەسەلەی پشک نییە، ئەمە قەرزێکە کە نابێ چاوەڕێی وەرگرتنەوەی بی. شەڕ لەپێناوی شەرەف، لەپێناوی عەدالەت، لەپێناوی جیهانێکی باشتر، شتێکە لە جەوهەردا بێ کۆتاییە، دەستی لێ بەرنادەین، ئەمە ئەرکێکی ناکۆتایە تەنیا

> **ئەوە نازییەکان بوون کە فارسەکانیان هاندا بۆئەوەی دەوڵەتەکەیان ناوبنێن ئێران**

مەگەر بڕیارمان دابێ کە ڕازی بین بە دۆڕان.

**ئێکسپرێس: بەڵام تەنانەت لە فەرەنساش، پاش سەردەمی سارکۆزی و هۆلاند کە مەحکوم بوون بە ئەجێندای پارێزگارانی نوێ، هەڵبژاردنی ماکرۆن ئاراستەکەی گۆڕی، ئایا ترسێک هەیە لە گەڕانەوەی ڕیالپۆلیتیک؟**

**هنری لیڤی:** بڕوا ناکەم ماکرۆن تا ئەو ڕادەیە کە تۆ باسی دەکەی، ببێتە سیاسییەکی واقیعی. تەماشای ئەو ڕۆژە بکە کە بەرامبەر پوتین جەسارەتی نواند و تەئکیدی لەوە کردەوە کە (ڕووسیا تودەی) دەزگایەکی میدیایی ڕێزدار نییە بەڵکو لابۆرێکی پروپاگەندەیە. یان ئەو ڕۆژەی کە سەرەڕای تووڕەبوونی ئەردۆغان، لە ئەلیزێ پێشوازی لە سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی کرد. یان ئەوکاتەی لە حزووری زی جینگ پینگ-دا باسی بەها دیموکراسییەکانی کرد، شتەکە بەو دەرەجەیەش خراپ نییە.

**ئێکسپرێس: دەزانین تۆ زۆرتر لە فرانسوا هۆلاند نزیک بووی؟**

**هنری لیڤی:** بووم، بەڵێ ڕاستە، بە سیاسەتی نێودەوڵەتیی هۆلاند سەرسام بووم، بەڵام ماکرۆنیش لەو بوارەدا کاری باشی کردووە.

**ئێکسپرێس: وەکو چی؟**

**هنری لیڤی:** بەو قەناعەتە گەیشتووە کە پوتین هەر بەتەنیا ڕکابەرێکی ستراتیژی نییە، بەڵکو دوژمنێکی ئایدیۆلۆژیشە. تێگەیشتووە کە تاکە نیەتی ڕاستەقینەی تۆڵەکردنەوەیە لە ئەورووپا و تێکدانی سەقامگیرییەکەی.

**ئێکسپرێس: دەکرا چی بۆ ئەو کوردانە بکرێ کە لە عەفرینی سووریا تووشی شکست هاتن لەسەردەستی تورکەکان؟**

**هنری لیڤی:** ئەردۆغان ئیبتیزازیە، بەڵام پڵینگێکیشە لە کاغەز، دەکرا پێی بڵێین "ستۆپ"، بەڵام ئەوە پێویستی بە بوێرییەکی چەرچڵیانە هەبوو.

**ئێکسپرێس: هیچ کەسێک، نە لەسەر ئاستی ناوچەکە و نە لەسەر ئاستی جیهان، پێناچێ لەم کاتەدا حەز بە دەرکەوتنی دەوڵەتێکی کوردی بکات. پێتوایە شەڕی تۆ بۆ بەدەستهێنانی ئیعتیرافێکی لەوجۆرە هێشتا مانایەکی مابێ؟**

**هنری لیڤی:** ئەوە ئابڕووچوون بوو. پێشتر زۆرمان گوتووە لەبارەی ئەوەی ئاخۆ تورکیا لە ئەورووپادا شوێنێکی هەیە؟ ئەمڕۆ، دەبێ و ئەرکی ئێمەیە گفتوگۆیەکی نوێ بکەینەوە: ئایا بەڕاستی تورکیا مافی ئەوەی ماوە لە ناتۆدا شوێنی هەبێ؟ بڕوام پێبکە ئەم ئەگەری دەرکردنە لە ناتۆ زۆر لە تای تاوانکاریی ئەردۆغانی دادەبەزاند.

**ئێکسپرێس: چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوین چۆن دەبینی؟ دابەش دەبێت بۆ دەوڵەتی ئەو گرووپانەی وەکو ئیسرائیل کاریان کردووە؟**

**هنری لیڤی:** بۆ یەک جاریش بێ خۆت لەم چەلەحانەیەی لایەنگرانی تیۆری پیلانگێڕی بەدوور بگرە. من هیوای چارەسەرێکی بێ پێچ و پەناتر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوازم.

**ئێکسپرێس: کامە؟**

**هنری لیڤی:** ئەوەندەی لەتوانادا بێت، پشتگیریکردنی هێزە دیموکراتەکان. لێرەدا پێویستمان بە کوردستانێکی سەربەخۆ هەیە کە پاش ئیسرائیل دەبێتە دووەم دەوڵەتی دیموکراسی لە ناوچەکەدا. دەزانن کە بەناو ڕیالیستەکان زۆربەی جاران لە هەموان ناواقیعیترن. چاک دەیانناسم، دەیان ساڵە لەگەڵ بەرپرسە خنکێنراوەکان بە شانوباڵی "سەقامگیری"ی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا هەڵدەڵێن. کام سەقامگیری؟ سەرکوت و داپڵۆسین هەمیشە و لە هەموو شوێنێک زوڵمە، بەڵام جەنگ و ناسەقامگیریش.

**ئێکسپرێس: ئیسرائیل تاکە دەوڵەتە کە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق دەکات، ئەمە لەبەرئەوەی سەنگەری پێشەوەی ڕۆژئاوایە؟**

**هنری لیڤی:** بە دڵنیاییەوە لەبەرئەوەی لە ئیسرائیل هاوسۆزییەکی ئیختیاری لەلایەن گەلی جوو بۆ کورد هەیە. ڕاستتر بڵێم: چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە. ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراند، نەوەی نەوەکانیشیان ئەوە لەبیر ناکەن کە چ ئازار و ئەشکەنجەیەکە "میللەتێکی زیاد" بی. گرنگیدانی ئەوان بە برا

> **دەبێ بپرسین ئایا تورکیا مافی ئەوەی ماوە لە ناتۆدا شوێنی هەبێ؟**

کوردەکانیان لەوجۆرەیە کە جان باتوشکای چیکی (3) ناوی لێناوە "یەکدەستیی نێوان دۆڕاوەکان".

**(1) پەپلیۆس ڤێرجیلیۆس مارۆ ناسراو بە ڤێرجیل (70- 19 پ. ز) شاعیری ڕۆمانی و دانەری قەسیدەی (ئینیادە) کە دوو ساڵ لە پاش مەرگی بڵاوکرایەوە و بەلای ڕۆمانەکانەوە وەکو سروودێکی نیشتیمانی سەیر دەکرا.**

**(2) جان لۆک میلانشۆ، سیاسەتوانی چەپی فەرەنسی و، مارین لوپێن سیاسەتوانی سەر بە بەرەی ڕاستڕەوی فەرەنسی.**

**(3) جان باتوشکا، فەیلەسووف و بیریاری چیکی.**



# کام جۆری نان هەڵبژێرین؟

**ڕووداو - هەولێر**

گروپێکی خانمان پرۆژەیەکی بچوکی نانکردن کۆیکردوونەتەوە، بەیانیان لە کاژێر پێنجەوە دێنە شوێنی نانکردن لە نهۆمی خوارەوەی خانوویەکی ئاسایی لە یەکێک لە شەقامە قەرەباڵخەکانی شاری هەولێر. لە ریزێکدا هەمووان بەیەکەوە تیرۆکەکان دەسووڕێنن و نان پان دەکەنەوە، نانی تیریی کوردی دەکەن.

ئامادەکردنی هەویر لەوێ جیاوازە لە نانەوا و سەموونخانەکان، ناوەڕۆک و رووکاری ئەوێ کوردیترە، دایکی سامان کە خاوەن و سەرپەرشتیاری پرۆژەکەیە، دەڵێت سۆدە و خومرە ناکەینە نێو هەویرەوە.

د.جوان سابیر پسپۆڕی خۆراک، پزیشکێکی گەنجە، ماوەیەکی کەمە لە بەریتانیا خوێندنی تەواو کردووە، لەگەڵ تیمی (ڕووداو) سەردانی پرۆژە بچوکەکەی نانکردن دەکات، چەند رێنماییەک دەداتە نانکەرەکان.

"وا باشە ئارد زۆر نەبێژنەوە، پێویستە سۆس و کەپەکەکەی لەگەڵ بمێنێ، چونکە زۆربەی ریشاڵە خۆراکییەکان و ڤیتامین و کانزاکان لە توێکڵی دانەوێڵەکەدان نەک ناوە سپییەکەی". د.جوان بە یەکێک لەو خانمانەی گوت کە نانی دەکرد.

د.جوان هۆشداری دەدات کە ئاردی سفر، جگە لەوەی سۆسەکەی لێکراوەتەوە، بە پۆڵیشێکی تایبەت زۆرتر سپی دەکرێتەوە و ئێستا دەرکەوتووە ئەو پۆڵیشە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

ئاردی سفر، هاوشێوەی شیرینییە دەستکردەکان شەکری خوێن بەرزدەکاتەوە، رێگە خۆشدەکات بۆ قەڵەوبوون، بەڵام ئاردی بۆر جگە لە پێکهاتە بەسوودە خۆراکییەکەی، بەهۆی ریشاڵە خۆراکییەکانەوە بە هێواشی هەڵدەمژرێ، هەروەک دەرکەوتووە ئەو ریشاڵە خۆراکییە دژی بەرزبوونەوەی چەوری و شەکری خوێنە.

د. جوان داوا دەکات ئەوانەی خۆیان نان دەکەن، بڕی خوێیەکەی کەم بکەنەوە، چونکە مرۆڤێک لە شەو و رۆژێک و لە هەموو ژەمەکانیدا تەنیا 3-4 گرام (2.3-1.5 گرام سۆدیۆم) خوێی پێویستە کە دەکاتە کەوچکە چایەک خوێ، خۆ ئەگەر نەخۆشیی درێژخایەنی هەبێ، ئەوە دەبێ لەوە کەمتریش بخوات.

لە کوردستان سەموون لە بەیانیاندا خواستێکی زۆری لەسەرە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری فڕن بۆ بەرهەمهێنانی سەموون دروستکراون، قەیران هەبێت و نەبێت ئەوان لە کاری خۆیان بەردەوامن.

لە سەموونخانەدا هاوشێوەی نانەواخانە، هەویر لە پێکهاتە تایبەتییەکانیەوە ئامادە دەکرێت، دوای تێکەڵکردنی ماددە پێویستەکان، دەگاتە یەکەم قۆناغی پرۆسەی ئامادەکاری بۆ برژاندنی سەموون.



هەر نانێکی نانەواخانەکان دەبێ کەمتر لە دوو گرام خوێی تێدا بێت (فۆتۆ: ڕووداو)

د.جوان سابیر دەڵێت جیاوازی لە نێوان سەموون و نان لە پێکهاتەکانیاندایە، ئەگەر هەمان پێکهاتەیان هەبێت لەڕووی تەندروستییەوە جیاوازییان نییە، ئەو پێی باشترە سەموونی بۆر بخۆین نەک سپی "چونکە ئاردی سفر رێژەی شەکر لە خوێندا بەخێرایی بەرز دەکاتەوە، ئەمەش وا دەکات رێژەیەکی بەرزی ئینسۆلین برژێت، ئەم ئینسۆلینە هەم شەکر خێرا دادەبەزێنێ، هەمیش هۆکارە بۆ قەڵەوبوون".

## هەموو نانێکی بۆر جۆ نییە

"پێناچێت ئەوەی لە زۆر لە نانەواکان بەناوی نان و سەموونی جۆ دەفرۆشرێ، بەڕاستی بەرهەمی جۆ بێت، چونکە جۆ هێندە ناکشێ نانێکی وا گەورەی لێ دروستبکرێ، چونکە هەویری جۆ جیرپی ئێجگار کەمە". ئەمە رای دایکی سامانە کە خاوەنی پرۆژەی دروستکردن و فرۆشتنی نانی تیرییە لە هەولێر.

د.جوان و دایکی سامان کەوتنە گفتوگۆ و لە زۆربەی خاڵەکاندا هاوڕا بوون، د.جوان هۆشداری دەدات لەو چەورییەی بە سەموونەوە دەکرێت،

**نابێت نانەواخانەکان سۆدە بکەنە نێو هەویرەوە**

**پسپۆڕێکی خۆراک**

چونکە چەورییەکە هەم سەرچاوەیەکی زیادەی وزەیە و هۆکارێکی قەڵەوییە، هەم زەیتی تێدەکرێ کە هەرچەندە رووەکییە، بەڵام هایدرۆجیناوییە و هۆکارێکی تووشبوونە بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن.

وەزارەتی تەندروستی دەڵێت نانەوایان داخستوون کە قاوەیان کردووەتە هەویری ئاردی گەنم بۆ ئەوەی سەموون و نانەکەیان بۆر بێ و بە نرخی سەموون و نانی جۆ بیفرۆشن.

## واز لە نان بهێنین؟

د.جوان سابیر وازهێنان لە خواردنی نان بە هەنگاوێکی زیرەکانە نازانێت بۆ دابەزاندنی کێش یان کۆنترۆڵکردنی شەکری خوێن. پسپۆڕە گەنجەکەی خۆراک دەڵێت هەندێک کەس نان ناخۆن و ساوەرێکی زیاتر دەخۆن، لە کاتێکدا کوپێک ساوەر 300 کالۆری وزە دەدات! یان بە ماستەکەوە نان ناخوات، دوای کاژێرێک دووبارە برسی دەبێتەوە و خواردنی دیکە دەخوات کە رەنگە وزەکەی لە نانەکە زیاتر بێ.

## رۆژانە چەند نان بخۆین؟

پێگەی زانستیی هێڵسلاین دەڵێ خانمێکی ئاسایی بۆ ئەوەی کێشی وەکوو خۆی بمێنێتەوە، نابێ لە شەو و رۆژێکدا زیاتر لە 2000 کالۆری وزە لە خۆراکەوە وەربگرێ، بۆ ئەوەش کە بیەوێ هەفتانە 450 گرام کێشی دابەزێنێ، دەبێ رۆژانە 1500 کالۆری وزە لە خۆراکەوە وەربگرێ. پیاوێکی ئاسایی بۆ هێشتنەوەی کێشی وەک ئەوەی هەیە، دەتوانێ رۆژانە 2500 کالۆری وەربگرێ. بۆ ئەوەی هەفتانە 450 گرام کێشی دابەزێنێ، دەبێ رۆژانە کەمی بکاتەوە بۆ 2000 کالۆری.

کەواتە نان بەر لە هەموو شت دەبێ بۆر بێ و لەگەڵ کاربۆهیدراتەکانی دیکە بە یەک پاکێج تەماشا بکرێ. وا باشە 40-60%ی وزەی رۆژانە لە کاربۆهیدراتەکانەوە بێ، 20-30% لە چەورییەکان و 10-30%یش لە پرۆتینەکانەوە.

کەسێکی پێگەیشتووی تەندروست بۆی هەیە رۆژانە 6 پشک کاربۆهیدرات بخوات، نانێکی بۆر بە قەبارەی سیدییەک یەک پشکە، دوو کەوچک برنج پشکێکە، سێ کەوچک مەعکەرۆنی پشکێکە، سێ کەوچک شۆڤان پشکێکە و ئیدی بەو جۆرە.

**ئاردی سپی شەکری خوێن بەرز دەکاتەوە و هۆکارێکی قەڵەوبوونیشە**

## نانی نانەواخانەکانی کوردستان تەندروستن؟

زۆربەی نانەواخانەکان لە کوردستان سۆدە و خومرە تێکەڵی ئارد دەکەن و دەیکەنە هەویر. بەڵام د.جوان سابیر دەڵێت نابێت نانەواخانەکان سۆدە بکەنە هەویرەکانیانەوە، چونکە سۆدە بڕێکی بەرچاو سۆدیۆمی تێدایە کە پێکهاتەیەکی سەرەکی خوێی چێشتە، وەک ئەوەیە خۆراکەکە خوێی زیادەی تێکرابێ. د.جوان نموونە بە ئێران دەهێنێتەوە و دەڵێت: "ئێستا لە وڵاتێکی وەک ئێران هەر نانەوایەک سۆدە بکاتە هەویرەکەی 6 - 9 مانگ زیندانی دەکرێ".

لیژنەی تەندروستی و خۆراک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی بە (ڕووداو)ی راگەیاند، هەر نانێکی نانەواخانەکان چوار گرام خوێی تێدایە، ئەوەش ئەو بڕەیە کە خۆراکناسان دیارییان کردووە بۆ مرۆڤێک لە هەموو ژەمەکانیدا. ئەوە لەکاتێکدایە دەبێ نانێک کەمتر لە دوو گرام خوێی تێدا بێ.

"نابێ ئارد بە وردی ببێژنەوە و پێویستە ئەو ئاردەی دەکرێت بە نان بڕێکی باش سۆس و کەپەکی لەگەڵ بێ. جگە لەوە، دەبێ خۆراکە سوودبەخشەکانی وەک ناوکە گوڵەبەڕۆژە، کەتان و شمڵیش بکەنە ناو ئاردەکە یان لە نانەکانی بدەن". د. جوان لەنێو نانەواخانەیەک وەستاوە و ئەمە بە وەستا مەهدی دەڵێت کە 22 ساڵە کاری نانەوایی دەکات.

پسپۆڕەکەی خۆراک گلەیی لە نانەواکان دەکات و دەڵێت بۆ ئەوەی نانەکەیان سپی بێ، ئاردەکە بە وردترین هێڵەک دەبێژنەوە و سۆس و کەپەکی پێوە ناهێڵن.

# هەندێک هەڵە تێگەیشتن لەبارەی ئەیدز و راستییەکان

**ڕووداو - ئاژانسەکان**

نەخۆشیی ئەیدز کە بەهۆی سێکس و خوێنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، زۆر شتی لەبارەوە دەگوترێن کە راست نین، لێرەدا ئەو هەڵە باوانەی لەبارەی ئەیدزەوە گوتراون، دەخەینە روو، هەروەها راستییەکانیش.

**1**

**هەڵە:** کە تووشی ئەم نەخۆشییە بوویت، خێرا هەست بە نیشانەکانی دەکەی.

**راست:** لەوانەیە چەندین ساڵ تێپەڕ ببن تاوەکو هەست بە نیشانەکانی ئەیدز دەکەی. واتە ساڵانێک ڤایرۆسەکەت هەڵگرتووە و دەکرێ بۆ خەڵکیشی بگوازیتەوە، بێئەوەی هەست بە هیچ بکەی. تێکڕا 8-10 ساڵی دەوێت تاوەکو نیشانە روون و ئاشکراکانی ئەم نەخۆشییە دەردەکەون. بۆیە ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەی خێزان و لەگەڵ چەند کەسێک سێکس دەکەن، زۆر پێویستە ماوە ماوە پشکنینی ئەیدز بکەن. هەروەک بەکارهێنانی کۆندۆم بۆ ئەو کەسانە گرنگە، چونکە کۆندۆم ئەگەری وەرگرتن و گواستنەوەی ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز کەم دەکاتەوە.

**2**

**هەڵە:** ئەگەر هەڵگری ڤایرۆسەکە بوویت، پێویست بە بەکارهێنانی دەرمان ناکات تاوەکو نیشانەکان دەردەکەون.

**راست:** نوێترین رێنمایی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت ئەوانەش کە تازە تووش بوون و هیچ نیشانەیەکیان نییە، دەبێت دەرمانی دژە ئەیدز بخۆن، تاوەکو کۆئەندامی بەرگرییان بپارێزن. دەرمانەکەش بریتییە لە حەبێک کە هەموو رۆژێک دەخورێ و دەبێتە هۆی سەرکوتکردنی ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز لە جەستەدا.

زوو دەستکردن بە بەکارهێنانی دەرمان ژیانی تووشبووان باش دەکات و ئەگەر کارابێت لە جەستەیاندا ئەوە ئەگەری گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ کەسانی دیکە بەرێژەی 96% کەم دەکاتەوە.



**3**

**هەڵە:** چیدی پێویست ناکات لە بارەی ئەیدز نیگەران بین.

**راست:** راستە لە دەیەکانی رابردوو سەرکەوتنی گەورە بەدەستهاتوون لە شەڕی دژی ئەیدزدا، بەڵام نابێ ئەمە وامان لێبکات بێخەم بین لەبارەی ئەو نەخۆشییە. ساڵی رابردوو ملیۆنێک و 200 هەزار کەس بە ئەیدز مردوون و رۆژانە 600 منداڵ تووشی ئەو نەخۆشییە بوون، ئایا ئەمە ژمارەیەکی کەمە؟ بۆیە دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا خەمی رێگری لەم نەخۆشییە بخورێت.

**4**

**هەڵە:** ئەگەر ژنێکی دووگیان ئەم نەخۆشییەی گرت، سەت لە سەت منداڵەکەشی تووش دەکات.

**راست:** ئەگەر خانمێکی دووگیان تووشی ئەیدز هات و هیچ دەرمانێکیشی نەخوارد، ئەوە ئەگەری تووشبوونی منداڵەکەی بەم نەخۆشییە بریتییە لە 25-33%. بەڵام ئەگەر ژنێکی دووگیانی هەڵگری ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز دەرمانی دژی ڤایرۆسەکە بە رێکوپێکی بەکاربهێنێ، ئەگەری گواستنەوەی ئەو ڤایرۆسە بۆ منداڵەکەی دادەبەزێت بۆ 1%.

لە پیاوانی تووشبوودا، ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز لە شلەی چواردەوری تۆوەکەدایە، نەوەک نێو تۆوەکان. بۆیە ئەگەر پیاوێکی تووشبووی ئەیدز ویستی منداڵی هەبێت، بە تەکنیکێکی ورد سپێرمەکانی جیادەکرێنەوە و هێلکەی ئەو خانمەی پێ دەپیتێنرێ کە خوازیارن پێکەوە منداڵ دروستبکەن. ئەم رێگەیە تا رادەیەکی زۆر گواستنەوەی ڤایرۆسەکە کەم دەکاتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین سەت لە سەت بێ مەترسییە.

**5**

**هەڵە:** ئەیدز بە تاتۆ و خاڵکوتان ناگوازرێتەوە.

**راست:** ڤایرۆسی ئەیدز لە خوێندایە، بۆیە هەر شتێک بەر خوێن بکەوێت دەتوانێت بیگوازێتەوە، لەوانە دەرزی.

خاڵکوتان و تاتۆکردنیش تەکنیکی کونکردنی پێست و بەرکەوتنی موولولە خوێنەکانن، بۆیە بەکارهێنانی دەرزی بۆ کەسێکی تووشبوو، دەبێتە هۆی ئەوەی ڤایرۆسەکە بەر دەرزییەکە بکەوێ، کاتێک ئەو دەرزییە بەکاردێ بۆ کونکردنی پێستی کەسێکی تەندروست، ڤایرۆسەکەی بۆ دەگوازێتەوە. بۆیە هەر شتێک پێست بریندار بکات، وەکو دەرزی و گوێزان و هاوشێوەکانیان، دەبێ تەنیا بۆ یەک کەس بەکاربهێنرێن.

**6**

**هەڵە:** تووشبوون بە ئەیدز، وەک سزای لەسێدارەدانە

**راست:** راستە تاوەکو ئێستا نە دەرمانێک هەیە نەخۆشیی ئەیدز بنبڕ بکات بە یەکجاری، نە پێکوتەیەک هەیە رێگری لە تووشبوون بەو نەخۆشییە بکات، بەڵام ئەو دەرمانانەی ئێستا هەن، زۆر کاران لە کۆنترۆڵکردنی گەشەی ڤایرۆسەکە و باشکردنی کوالێتیی ژیانی کەسانی تووشبوو. دەرمانەکانی ئێستا دەبنە هۆی کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی ژمارەی ڤایرۆسەکان لە خوێنی کەسانی تووشبوودا. 95%ی ئەوانەی دەرمانەکانیان بەو شێوەیەی بۆیان دیاریکراوە، دەخۆن، ژیانێکی ئاسایی یان نزیکەی ئاساییان دەبێت و تەمەنیشیان تارادەیەک نزیکە لە تەمەنی کەسانی ئاسایی و وەک جاران نییە هەر زوو بمرن.

**7**

**هەڵە:** HIV و ئەیدز هەمان شتن

**راست:** HIV ئەو ڤایرۆسەیە کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیی ئەیدز. هەندێکجار کەسەکە ڤایرۆسەکەی تێدایە بەڵام تووشی نەخۆشیی ئەیدز نەبووە. تەنانەت هەندێک کەس کە ڤایرۆسەکەیان تێدایە، ئەگەر دەرمانەکانیان بەو شێوەیەی بۆیان دیاریکراوە بخۆن، ئەوە هەرگیز تووشی ئەیدز نابن و ڤایرۆسەکە هەمیشە بە متبوویی و ناچالاکی دەمێنێتەوە. بە کورتی ئەیدز کاتێک رووددات کە کۆئەندامی بەرگری لە شەڕە بەردەوامەکەیدا لەگەڵ ڤایرۆسی HIV دەبەزێت و شکست دێنێ و ئیدی نیشانەکانی نەخۆشیی ئەیدز لە کەسەکەدا دەردەکەون. خواردنی دەرمانەکان، ڤایرۆسەکە لاواز و سەرکوت دەکات و ئەوەش یارمەتی کۆئەندامی بەرگری دەدات تا نەبەزێت و کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات.

**8**

**هەڵە:** ئەوەی تووشی ئەیدز بوو ئیدی تەمەنی کورت دەبێ:

**راست:** ئەگەر هەر زوو لە رێگەی پشکنینەوە نەخۆشییەکە دەستنیشان بکرێ و کەسەکە دەرمانەکانی بخوات، ئەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ژیانێکی ئاسایی بەڕێدەکات و رەنگە هەرگیز تووشی نیشانەکانی نەخۆشییەکە نەبێت.

ئەو پێشبینییە نەرێنییە بۆ ئەیدز بۆ ساڵانی رابردوو رەنگە راست بووبێت. لە ساڵی 1985 هیچ چارەسەرێک بۆ ئەیدز نەبوو، ساڵی 1995 تەنیا یەک ماددەی دژە ئەیدز هەبوو، ساڵی 2005 حەبێکی نوێ داهێنرا کە سێ ماددەی تێدایە و زۆر کاراترە لەوەی پێشوو، ئەمساڵیش پلان هەیە چارەسەرەکە بکرێتە دەرزییەک کە کەسەکە 2-3 مانگ جارێک لەخۆی دەدات. پرۆگرامی درێژخایەنیش نەهێشتنی تەواوەتی ئەیدزە لە چەند دەیەی داهاتوودا.

# پاشەکشەی ڕۆژئاوا لە قەیرانی سووریا بەشار ئەسەدی سەرخست

ڕووداو - هەولێر

شەڕی نێوخۆی سووریا کە مانگی ڕابردوو حەوت ساڵی تەواو کرد، بۆ شەڕێکی بە وەکالەت گۆڕا. هەموو هێزە نێوخۆییەکانی بەشدار لەو شەڕە لەلایەن یەک یان چەند هێزێکی دەرەکییەوە پشتیوانی دەکرێن، ئۆپۆزیسیۆنی پارچەپارچەبووی سووریا لەلایەن هێزە دەرەکییەکان (تورکیا، سعودیە، قەتەر و ئیمارات) پشتگیری دەکرێن. ڕووسیا، ئێران و حیزبوڵڵاش لە پشت ڕژێمی سووریان. تورکیا بە تەنیا پشتگیری لە هێزەکانی سوپای ئازاد دەکات کە بەمدواییە دەستیان بەسەر عەفریندا گرت. هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاڤای کوردستانیش هاوکاریی ئەمریکایان هەیە.

لیزا هاوارد و ئالێکساندرا ستارک لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) دەڵێن گۆڕانی سروشتی شەڕ لە سووریا لە شەڕێکی نێوخۆوە بۆ شەڕی بەوەکالەت هۆکارێکی سەرەکیی درێژبوونەوەی ئەو شەڕەیە، بە جۆرێک بەبێ ڕێککەوتنی ئەکتەرە دەرەکییەکان شەڕەکە ناوەستێ.

هاوارد و ستارک کە شارەزای شەڕە نێوخۆییەکانن، دەڵێن شەڕی نێوخۆی سووریا نموونەیەکە بۆ ڕەوتێکی باو لە شەڕە نێوخۆییەکاندا کە بریتییە لەوەی "شەڕە نێوخۆییەکان ماوەکەیان درێژترە لە شەڕە نێوخۆییەکانی جاران و ئەوەشی کە شەڕەکان تەواو دەکات سەرکەوتنی یەکێک لە لایەنەکانە، نەک دانوستاندن و ڕێککەوتن". تەنیا لە ماوەی نێوان کەوتنی دیواری بەرلین تاوەکو هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر شەڕەکان لە ڕێگەی دانوستاندنەوە یەکلایی دەبوونەوە، بەڵام دوای ئەوە دیسان ڕەوتە باوەکە زاڵ بووەوە.

> **شەڕی نێوخۆی سووریا بەرەو سەرکەوتنی یەکجاریی ئەسەد دەچێ**
>
> دوو توێژەری ئەمریکی

## نۆرمەکان و ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی

بەبۆچوونی هەردوو لێکۆڵەرەکە، ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر ڕەوتی شەڕە نێوخۆییەکان هەیە، چونکە لەو ژینگەیەدا ڕێساکانی ڕەفتاری هەرکام لە لایەنەکانی بەشدار لە شەڕەکە دادەنرێن کە دواجار کاریگەری لەسەر بڕیاری ئەکتەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنێن.

نووسەرانی وتارەکەی (ئەفەیرز) لەسەر بنەمای جیاوازییەکانی ژینگەی سیاسی نێودەوڵەتی، سێ قۆناغی جیاواز لە مێژووی نوێدا جیادەکەنەوە کە یەکەمیان قۆناغی شەڕی ساردە (لە 1946ەوە بۆ 1989) و تێیدا ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دوو جەمسەری ئەمریکی و سۆڤیەتی هەبوو. قۆناغی دووەم لە کەوتنی دیواری بەرلین لە 1989ەوە دەستپێدەکات و تێیدا ئەمریکا هەوڵی دامەزراندنی جیهانی تاکجەمسەر و زاڵبوونی لیبراڵ دیموکراسی دەدا. قۆناغی سێیەمیش لە پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر و دەستپێکردنی شەڕی دژەتیرۆرەوە دەستپێدەکات. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو قۆناغە زۆربوونی دەسەڵاتە پاوانخوازەکان، زیندووبوونەوەی کێشەی ئاسایش و هەنگاونانی جیهان بەرەو فرەجەمسەری بوو.

ژینگەی سیاسیی نێودەوڵەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شەڕە نێوخۆییەکان هەیە: لە قۆناغی شەڕی سارددا هەردوو بەرەی ئەمریکی و سۆڤیەتی دەیانویست لە شەڕە نێوخۆییەکاندا لایەنی نزیک لە خۆیان سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست بهێنێ. بۆیەش زۆرینەی شەڕە نێوخۆییەکان لە ڕێگەی سەرکەوتنی یەکێک لە لایەنەکانەوە یەکلایی دەبووەوە نەک لە ڕێگەی دانوستاندن و ڕێککەوتنەوە.

لە قۆناغی پاش شەڕی سارددا، ئەمریکا هەوڵی دامەزراندنی نەزمێکی نوێی نێودەوڵەتی دا کە بە نەزمی نێودەوڵەتیی لیبراڵ ناوی دەرکردبوو. ئەو نەزمە نوێیە کاری لەسەر دوو تەوەری سەرەکی: پەرەپێدانی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد دەکرد. بۆیەش هەرچەندە ئەمریکا دەیتوانی شەڕە نێوخۆییەکانی ئەو قۆناغە بە قازانجی لایەنی نزیک لە خۆی تەواو بکات، بەڵام پشتی بە دانوستاندن و ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان دەبەست کە تێیدا بیر لە قۆناغی پاش تەواوبوونی شەڕەکەش کرابێتەوە. بۆیە زۆرینەی شەڕە نێوخۆییەکانی ئەو قۆناغە بە دانوستاندن تەواو دەبوون.

بەڵام لەدوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، ژینگەی سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا هات. هاوارد و ستارک سێ هۆکار بۆ ئەم گۆڕانکارییە دەستنیشان دەکەن: یەکەم سەرهەڵدانی هەڕەشەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. دووەم دەرکەوتنی چین وەکوو جەمسەرێکی بازرگانیی گەورە و سێیەمیشیان هەڵسانەوەی ڕووسیا.

هەرچەندە لەو قۆناغەدا بیرۆکەی چارەسەر لەڕێگەی دانوستاندن کۆتایی نەهات، بەڵام وجوودی گروپە تیرۆریستییەکان وای کرد لەزۆر حاڵەتدا ئەو جۆرە ڕێگەچارەیە پشتگوێ بخرێ، گرنگیی ئەو خاڵەش کاتێک دەردەکەوێ کە دەبینین گروپە تیرۆریستییەکان توخمێکی سەرەکیی شەڕە نێوخۆییەکانی دەیەی ڕابردوون. هەردوو لێکۆڵەرەکە کۆکن لەسەر ئەوەی لەو قۆناغەدا بیرکەی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ وڵاتەکان بەسەر بیرۆکەی بەدیموکراتیکردندا زاڵ بووە، هەر ئەمەش دەستی دەسەڵاتە پاوانخوازەکانی ئازاد کردووە.



گۆڕانی شەڕی نێوخۆی سووریا بۆ شەڕی بەوەکالەت هۆکاری درێژبوونەوەی شەڕەکە بوو

## شەڕی نێوخۆی سووریا

شەڕی نێوخۆی سووریا نموونەیەکی زەقی شەڕی نێوخۆیی هاوچەرخە. هەرچەند ئاستی توندوتیژییەکانی ئەو شەڕە بێوێنە بووە. لەو شەڕەدا 400 هەزار کەس کوژراون، نزیکەی 12 ملیۆن کەس لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندراون. لە کۆی 22 ملیۆن هاووڵاتیی سووری 13 ملیۆن کەسیان پێویستیان بە هاوکاریی مرۆیی هەیە.

هێزە دەرەکییەکان هۆکاری سەرەکیی درێژبوونەوەی شەڕی نێوخۆی سووریان، لە کاتێکدا زۆربەیان تاوەکو ئەمدواییەش بەدوای ئەوەدا دەگەڕان لایەنەکەی نزیک لە خۆیان سەرکەوتنی تەواوەتی بەسەر لایەنی بەرامبەردا بەدەستبهێنێ. تاوەکو دوو ساڵ لەمەوبەریش وڵاتانی کەنداو و تورکیا بە ئاشکرا باسیان لەوە دەکرد کە ئامانجی ستراتیژییان ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریایە.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا، هەرکاتێک حکومەتەکەی ئەسەد گەیشتبێتە لێواری ڕووخان، ئێران و ڕووسیا و حیزبوڵڵا بەشێوازی جیاواز هاوکاریی هەڵسانەوەی ئەسەدیان کردووە. هەر ئەو پشتیوانییەش بووە کە بە تەواوەتی دەسەڵاتی حکومەتی سووریای لە ڕۆژئاوای سووریا و بەشێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات، بەهێز کردووە.

ئەمریکا لە ساڵانی سەرەتای شەڕی نێوخۆی سووریادا جەختی لە ڕێگەچارەی دیپلۆماتیک و سیاسی بۆ کێشەی سووریا دەکردەوە، بەڵام سەرهەڵدانی داعش و بڵاوبوونەوەی گروپە توندڕەوە جیهادییەکان لە سووریا وای کرد ئەمریکا وەکو ئەمری واقیع مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات قەبووڵ بکات، چونکە لای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نیگەرانییە هەنووکەیی و گەورەکە تۆڕی گروپە تیرۆریستییەکان بوو، نەک پاڵنانی سووریا بەرەو وڵاتێکی دیموکرات.

لیزا هاوارد و ئالێکساندرا ستارک پێیانوایە پاشەکشەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە پلانی چارەسەری سیاسیی قەیرانی سووریا هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی وڵاتانی دیکە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاراستەی شەڕی نێوخۆی سووریا دابنێ، لە دۆخی ئێستاشدا شەڕی نێوخۆی سووریا بەرەو سەرکەوتنی ئەسەد دەچێ.

# سوننەی ئێران لەنێوان سیاسەتی شیعەگەرای دەوڵەت و بیری جیهادی

ڕووداو - هەولێر

سوننە گەورەترین کەمینەی ئاینین لە ئێراندا و ژمارەیان خۆی لە 15 ملیۆن کەس دەدات کە لە ناوچە سنوورییەکانی ئێراندا نیشتەجێن. لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سووریاوە تاوەکو یەمەن نوقمی شەڕی تایفیی نێوان شیعە و سوننە بووە، پرسیار ئەوەیە ئاخۆ هەڵوێستی سوننەکانی ئێران لە درێژخایەندا چی دەبێ و ململانێ تایفییەکان چ کاریگەرییەک لەسەر ڕوانگەی سوننەکانی ئێران دادەنێن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەنجوومەنی ئەتڵانتیکی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە کردووە کە تێیدا دەردەکەوێت سوننەکانی ئێران سەرەڕای نارەزایەتییان لە حکومەتی تاران، دژی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانن.

ئافرەتێکی خەڵکی پارێزگای هۆرمۆزگان لە باشووری ئێران بە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی گوتووە: "سوننەبوون لە ئێران بە مانای ئازار و ترس و دڵەڕاوکێ و بەربەستە. ئێمە دەترسین لەوەی بڵێین سوننەین".

بەڵام ژمارەیەک کچی هەمان پارێزگا بە گومانەوە لە سوننەبوونی داعش دەڕوانن، یەکێک لە کچەکان دەڵێت: "داعش ناوی سوننە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی کوشتار و دەستدرێژی سەر کچانی پێبکات، ئەوان لە نێوان منداڵ و کەسانی پێگەیشتوودا جیاوازی ناکەن".

شێخ عەبدولکەریم محەممەدی، زانا و شارەزای ئاینیی سوننە لە پارێزگای هۆرمۆزگان، دۆخی ئێستای سوننەی ئێران بەو شێوەیە پوخت دەکاتەوە کە هەردوو لایەنی ململانێکە سوننەکانی ئێرانیان خستووەتە پەراوێزەوە، واتە هەم ئێران کە سیاسەتی هەڵاوێردنی ئاینی لەدژی سوننە پەیڕەو دەکات و هەم سوننەی توندڕەو کە سیاسەتی دژی شیعەیان هەیە. داعش لە مانگی ئاداری 2017 لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا سەرکۆنەی زانا و کەسایەتییە سوننەکانی ئێرانی کرد.

> **سوننەی ئێران بەردەوام دەنگ بە ریفۆرمخوازان دەدەن و لە هەڵبژارنەکاندا وەکو هێزی یەکلاکەرەوە سەیر دەکرێن**

## پێکهاتەی ئاینیی ئێران

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، 99%ی دانیشتووانی ئێران موسوڵمانن، 1%ی دیکەش مەسیحی، زەردەشتی و جوون. لەو ئامارە فەرمییەدا حیساب بۆ یەک ملیۆن یارسان و 300 هەزار بەهایی نەکراوە، چونکە یارسان و بەهایی لە دەستووری ئێراندا بە ئایین دانانرێن. لە ئامارە فەرمییەکەدا ژمارەی دانیشتووە سوننە و شیعەکانیش لە یەکدی جیا نەکراونەتەوە. بەڵام بەرپرسانی ئێرانی ڕێژەی دانیشتووە سوننەکان بە 7% بۆ 9%ی دانیشتووانی ئێران دەزانن. سەرکردە و زانا سوننەکانیش باسی 12% بۆ 25% دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک)، زۆرینەی سوننە مەزهەبەکانی ئێران کورد، بەلووچ و تورکمانن، نزیکەی یەک ملیۆن سوننەی فارسیش لە پارێزگاکانی هۆرمۆزگان، فارس و خۆراسانی باکوور دەژین، ژمارەیەکی کەمیش عەرەبی سوننە لە پارێزگای خوزستان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانن.

## هەڵاوێردنی سیستەماتیک

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی سوننەکانی ئێران ئەوەیە لەڕووی نەتەوەییشەوە سەر بە نەتەوە کەمینەکانن کە بەشی زۆریان لە ناوچە سنوورییە دوورەدەستەکان دەژین. هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی سوننەکان لە یەک کاتدا تووشی هەڵاوێردنی ئاینی و نەتەوەیی ببن.

ڕاپۆرتی پەیمانگە ئەمریکییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵاوێردنی سوننە لە دەستووری ئێراندا جێی بۆ کراوەتەوە، بە جۆرێک مادەی 107 و 115ی دەستووری ئێران تەنیا ڕێگە بە شیعەیەکی دوانزدە ئیمامی دەدا ببێتە وەلی فەقیە، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایان (خبرەگان) و سەرۆککۆماری ئێران.

عەلی خامنەیی، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە وەڵامی نامەیەکی مەولەوی عەبدولحەمید، گوتارخوێنی هەینی لە پارێزگای بەلوچستان، داوای کردبوو کۆتایی بە هەڵاوێردنی سوننە و کەمینە ئاینییەکانی دیکە بهێنرێ. عەبدولحەمید وێڕای پشتگیری لە هەنگاوەکەی خامنەیی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆر ڕێنمایی تایبەت بە سوننەکان ماون هێشتا جێبەجێ نەکراون، لەوانەش جوێن نەدان بە عایشەی هاوژینی پێغەمبەری ئیسلام.

یەکێک لە نارەزایەتییە سەرەکییەکانی سوننەی ئێران ئەوەیە ڕێگە بە دروستکردنی مزگەوتی سوننە لە شارە سەرەکییەکان نادرێ، بە تایبەتیش تاران کە یەک ملیۆن موسڵمانی سوننەی تێدایە.

حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران، بەڵێنی دابوو ڕەوشی سوننەکان لە ئێران باشتر بکات، ئێستا بریکاری وەزیری نەوت سوننەیە، باڵیۆزی ئێران لە ڤێتنامیش بە سوننەکان دراوە، هەرچەند لە هەموو ستافی دیپلۆماسی ئێراندا تەنیا ئەو سوننەیە هەیە. ئێستا 21 نوێنەری سوننە لە پەرلەمانی ئێراندا هەن، لە پارێزگای بەلوچستانیش دوو ئافرەتی خەڵکی ناوچەکە بۆ پۆستە باڵاکانی پارێزگاکە دەستنیشانکراون. بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک)دا هاتووە "تاوەکو ئێستا سوننەکان پۆستی وەزیریان وەرنەگرتووە".

## کاریگەریی سعودیە لەسەر سوننەی ئێران

زۆربەی سوننەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەوان لە سەردەمی ڕژێمی پادشاییدا ئازادییەکی زیاتریان هەبوو، لەبەر ئەوەی دەوڵەت سێکولار بوو. ئەوکات حکومەتی شای ئێران پەرەی بە دوو قوتابخانەی سەرەکیی سوننەکان دەدا کە یەکەمیان دیوبەندی بوو لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان و ئەوەی دیکەیان ئیخوان موسلمین بوو لە ناوچە کوردییەکان. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە کۆماری ئیسلامیش لە ڕێگەی ئەو دوو ڕەوتەوە هەوڵی دا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی وەهابیزمی سعودی بگرێ.

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاریگەری و نفووزی سعودیە لەناو سوننەکانی ئێراندا جێی مشتومڕ و گومانە، هەوڵەکانی سعودیەش بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەناو سوننەی ئێراندا بکاتەوە، بێبەرهەم بووە.

لە دوای هێرشەکانی تاران لە مانگی حوزەیرانی 2017، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە سعودیە و وەهابیزم خەریکە لەناوچە کوردییەکان شوێنی خۆی قایم دەکات، بەڵام وەکو چالاکڤانان و شارەزایان باس دەکەن، ئەو پێنج کوردەی لەو هێرشەدا بەشدار بوون "لەژێر کاریگەریی کوردی عێراقدا بوون"، نەک وەهابیزمی سعودی.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سعودیە تاوەکو ئێستاش نەیتوانیوە بە ئاشکرا دەست لەکاروباری سوننەکانی ئێران وەربدات یان بیەوێت بە نزیکبوونەوە لە سوننەکان کارتێکی گوشار لەسەر ئێران دروست بکات، ئەمەش دوو هۆکاری لە پشتە. یەکەمیان ئەوەیە هەوڵەکانی پڕوپاگەندەی سعودیە لەدژی حکومەتی ئێران نوێن، دووەمیشیان سعودیە دەترسێ لەوەی ئێران وەکو وەڵامێک بۆ دەستتێوەردانی سعودیە، کەمینە شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیە بجووڵێنێ.

> **سعودیە تا ئێستا نەیتوانیوە بە ئاشکرا دەست لەکاروباری سوننەی ئێران وەربدات**

## دۆخەکە بەرەو کوێ؟

لە سەردەمی محەممەد خاتەمی، سەرۆککۆماری پێشووتری ئێران بە دواوە، سەنگی سوننە لە سیاسەتی ئێراندا زیاتر بووە. سوننەکان لە 1997ەوە بەردەوام دەنگیان لە پشت ڕیفۆرمخوازەکان بووە و لە زۆربەی هەڵبژارنەکاندا وەکو هێزی یەکلاکەرەوە سەیر دەکرێن، بە جۆرێک کوردی لێ دەربچێت، لای زۆربەی پێکهاتە سوننەکانی ئێران کێشەی ئاینی و مافە ئاینییەکان پێشخراون بەسەر کێشە نەتەوەییەکاندا، بەتایبەتیش لە کاتێکدا ئایین لێرەدا وەکو پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نێوان نەتەوە سوننە مەزهەبە جیاجیاکانی ئێران لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا سەیر دەکرێ.

ئێران لە عێراق، سووریا و یەمەن بە لایەنی دژبەری سوننە ناوی دەرکردووە. شارەزایان و سەرکردە سوننەکانی ئێران نیگەرانن لەوەی سیاسەتی ناوچەیی ئێران بیانوو بە گروپە توندڕەوەکان بدات بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان لەناو کۆمەڵگەی سوننەی ئێراندا بکەنەوە، هەرچەندە ئەو کۆمەڵگایە تاوەکو ئێستاش هەر بە میانڕەوی ماوەتەوە.

شێخ عەبدولکەریم لەمبارەیەوە دەڵێت: "کاتێک بە شوێنکەوتووانی خۆمان دەڵێین سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەمان بەو مانایە نییە حکومەتی ئێمە دژی سوننەکانی ئێران بێت، ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن ئەی بۆچی ئێران لەبەرامبەر سوننەکانی دەرەوەی سنووری ئێراندا ئەو جۆرە مامەڵەیە دەکات؟".



ژمارەی سوننەکانی ئێران خۆی لە 15 ملیۆن کەس دەدات

# کوردستان لەناو جەمسەرە دژبەیەک و مشەخۆرەکانی دنیادا

دانەر ئەبوبەکر مستەفا*

> "ڕووسەکان دەڵێن ئەگەر ئەمریکا شەیتانی گەورە بێت، ئەوە ئێران شایتانە بچوکەکەیە"

دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەنگاو بەهەنگاو لێکهەڵوەشانەوەی یوگوسلاڤیا، دەرفەتێکی گەورە بۆ ئەمریکا ڕەخسا بۆ ئەوەی وەک پاشای یەک جەمسەریی جیهان، مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی دونیادا بکات. ئەم پاشایەتیەی ئەمریکا بەسەر جیهاندا زۆری نەخایاند بەهۆی هەستانەوەی ڕووسیا و هاتنە سەر دەسەڵاتی فلادیمیر پوتین. ڕووسیا و چین و یەکێتی ئەوروپا فاکتەری سەرەکیی ئاوابوونی خۆری یەکجەمسەری بوون. ئێستا جیهان جیهانی فرەجەمسەری و فرە بەرژەوەندیی ئابوورییە. ئەو بلۆکەی پێشتر پێی دەگوترا جەمسەری ڕۆژئاوا کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد، کەلێنێکی گەورەی تێکەوت. جگە لە هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا، هیچ سیاسەتێکی بەڕێوەبردن بەناوی جەمسەری ڕۆژئاوا کە لە سەردەمی شەڕی ساردا هەبوو، ئێستا نابینرێت. ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن نەک بەرژەوەندیی هاوبەش کە پێشتر لەناو بلۆکی ڕۆژئاوادا کۆیکردبوونەوە. ڕاستە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە لێکنزیکترن وەک لە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو بلۆکەی پێشتر پێی دەگوترا بلۆکی ڕۆژهەڵات و ئێستا ڕووسیا وەکو میراتگر لەژێر ناوی جەمسەری ئۆراسیا سەرکردایەتی دەکات، بەڵام بە گەیشتنە دەسەڵاتی ترامپ ئەم کەلێنەی جەمسەری ڕۆژئاوا زیاتر گەورە بووە، ترامپ ئەگەر بۆی بڕەخسێت یەکێتی ئەوروپا هەڵدەوەشێنێ، ئەمە جگە لە سیاسەتەکانی دژ بە ڕووسیا و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی هەژموونی فلادیمیر پوتین بەسەر وڵاتانی دونیادا هەر لە وڵاتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و ناوچەی بەڵتیکەوە تا ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەڵام ترامپ نەک نەیتوانیوە ئەمە ڕابگرێ، بەڵکو پەرچەکرداری مەترسیداری نواندووە کە بووەتە هۆی لاتکردنی زیاتری ئەو هەژموون و ستراتیژییەی بلۆکی ڕۆژئاوا شانازیی پێوە دەکرد لەژێر ناوی ناتۆدا. لە کێشەی نیمچە دوورگەی کریمیا و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی سووریادا، ئەو ڕاستیانە زیاتر دەردەکەون.

ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی، ئەمریکا و ئەوروپا و هاوپەیمانە عەرەبەکانیان لە کۆتایی دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نزیکدان. سووریا بووەتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەم ململانێیە. ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی بە پێچەوانەی ئەمریکا و ئەوروپا لە بەرژەوەندیانەدایە بەبێ شەڕ و هێزی سەربازیی زیاتر کۆتایی بەم یارییە درێژخایەنە بهێنن. لە ڕاستیشدا هەتاوەکو ئەمڕۆ براوەی یارییەکە ڕووسیایە و زیاتریش براوەتر دەبن بە لەژێردەست دەرهێنانی ئەو ناوچانەی کورد کۆنترۆڵیان کردوون. چونکە کورد تاکە هۆکاری مانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانین لە سووریا. ئەمریکا و ئەوروپا تازە لەوە گەیشتوون کە پلانی ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی ئەوەیە سووریا بگەڕێننەوە دۆخی جارانی و بەتەواوەتی کۆتایی بە هەژموونی ڕۆژئاوا بهێنن لە ناوچەکە. هەر بۆیە ئەمریکا لە ڕێگای هەڕەشەی کشانەوەی لە سووریا، داوا لە هاوپەیمانەکانی دەکات بێنەوە هۆش خۆیان و هاوکاری دارایی ئەمریکا بکەن بۆ سپۆنسەری ئەو شەڕەی بارودۆخەکە ڕاست دەکاتەوە لە بەرژەوەندیی خۆیان. دیارە شەڕی تورکیا و پەیەدە ئەو شەڕە نییە کە باسی دەکەین و بە بەرنامەی داهاتووی ئەمریکای دادەنێین، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین شەڕی دەوڵەتانە بە چەکی ترسناک.

ئێمە تا ڕادەیەک لە هاوپەیمانێتی و پێکەوە کارکردنی ڕووسیا و تورکیا تێدەگەین کە ئامانجیان کەمکردنەوەی هەژموونی ئەمریکایە بەسەر ئەم ناوچەیەدا و مانەوەی ڕووسیا وەک پاشای دابینکردنی گازی سروشتی بۆ ئەوروپا، بە دڵنیاییەوە تورکیاش بە براوەی ئەو هاوپەیمانێتیە دەمێنێتەوە وەک وڵاتێکی ترانزێت بۆ ئەوروپا و جیهان، ئەمە جگە لەوەی کلیلی تێکدانی بارودۆخی ئابووریی ئەوروپای هەر بەدەستەوە دەمێنێتەوە نەک تەنیا لە ڕووی ڕاگرتنی لێشاوی کۆچبەران، بەڵکو لەمەودوا قوفڵی کردنەوە و داخستنی بەشێکی گاز و نەوتی ئەوروپاشی دەکەوێتە دەست بەم ڕێککەوتنە. هەروەها ڕێگا لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لەسەر سنووری لای باشووری دەگرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هاوپەیمانێتی تورکیا و ڕووسیا بۆ کوردستانی باشوور زۆر بە سوودترە لە هاوپەیمانێتی و پێکەوە کارکردنی تورکیا و ئەمریکا و ئەوروپا. چونکە پرسی کورد ئەمڕۆ لێکجیاکراوەتەوە لەناو هەریەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. بەتایبەتی لە سووریا و عێراق. ئەوەش بە پلانێکی شاراوەی ئیقلیمی لە ڕێگای بەکارهێنانی پەکەکە لە ڕۆژئاوا.

ئەوەی ئێمە تێیناگەین و لاواز دەبینرێت و کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی دیار نین جگە لەناو سووریا، هاوپەیمانێتی ڕووسیا و ئێران، ئێران و تورکیایە! کاتێک بەرژەوەندییەکانیان ناگونجێن و بەیەکدا دەدەن، نازانرێت چ جۆرە هاوپەیمانێتییەک دەبەستن؟ گریمان ئامانج و پێکەوەکارکردنی تورکیا و ئێران ڕێگرتنە لەهەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەو ناوچەیەدا. ئەوانیش ئێستا دڵنیا بوون و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە کاتی ئێستادا ناتوانرێت ئەو دەوڵەتە دروست بکرێ لەسەر دەستی ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەی ئەمریکا و ئەوروپا ئامادەنین بۆ هاوکاریکردنی مادی و عەسکەریی ئەم دەوڵەتە تازەیە. چونکە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا ئامادە نابن کار لەگەڵ ئەم دەوڵەتە بکەن، لەم کاتەشدا ئەم دەوڵەتە پێویستی بە پاراستنی ئابووری و سەربازی دەبێت. هەر بۆیە دەبێت بۆ پاراستنی ئەم دەوڵەتە ملیاران دۆلار تەرخان بکەن، ئەوەش شتێکی چاوەڕواننەکراوە لە ترامپ و هاوپەیمانەکانی، هەروەک لەدوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان تەواو ڕوون بووەوە. کەواتە هاوپەیمانێتی تورکیا و ئێران تەنیاو تەنیا پەیوەندی بە سووریاوە هەیە، کاردەکەن بۆ لەناوبردنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا. هاوپەیمانێتی ئێران و ڕووسیاش تا ئەو کاتە درێژەی دەبێت کە ئەمریکا و ئێران پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەبنەوە بە نێوانگیریی ئینگلیزەکان. چونکە پێکدادان لە بەرژەوەندییەکانیان دروست دەبێت، بە تایبەتی لە سووریا و عێراق. بیستوومانە کە ڕووسەکان دەڵێن ئەگەر ئەمریکا شەیتانی گەورە بێت، ئەوە ئێران شایتانە بچوکەکەیە. ڕووسیا لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئێران هەلی بۆ بڕەخسێ، بۆ هاوپەیمانێتی و نزیکبوونەوە لە ئەمریکا هەموو کات ئامادەیە. بەڵام لە کاتی ئێستادا تەنیا تەواوکەری کاری یەکترن لە ژێرەوە.

پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و ئێران ئەو کاتە ڕوودەدات کە کوردستانی باشوور دەبێتە بەشێک لە پرۆژەی ئۆراسیا. ئا لێرەدا جەمسەرە مشەخۆرە نادیارەکە دەردەکەوێتەوە بەناوی جەمسەری بەرژەوەندیخوازی بەریتانیا و ئێران. بیرۆکەی کۆنفیدراڵی بۆ کوردستان تەواو دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران و بەریتانیا دەبێت. سیاسەتی ئێران و بەریتانیا زۆر لێک نزیکە، هەمیشە مشەخۆر بوون و هاتوونەتە سەر حازری و براوەی شەڕ و ناکۆکیەکان بوونە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بەریتانیا هەمان کاری کرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەگەرچی براوە نەبوو، بەڵام دواتر بووە براوەی جەنگەکە و بەم سیاسەتەی دەستی بەسەر عێراق و زۆر ناوچەی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرت، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیش هەروەک دەوڵەتێکی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

بەڵام ئەمجارەیان ئەمەی بۆ ناچێتە سەر، دەبێت ڕاستەوخۆ بەشدار بێت لە سەرکەوتن و شکستەکانی ئەم جەنگە وێرانکەرە کە دەیانەوێ دژی هەژموونی ڕووسیا و پارێزگاریکردن لە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزم هەڵیگیرسێنن.

ئەوەی گرینگە بیزانین، ڕووسیا نایەوێ و حەز ناکات دژایەتی دروستبوونی کیانێک بۆ کورد بکات لە عێراقدا، کە ئەم کیانە کەمتر نەبێت لە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان یان کۆنفیدراڵی. بەڵام لە سووریا ئامادەیە یەکەیەکی فیدراڵی دەستەبەر بکات بۆیان بەو مەرجەی دووربن لە فکرەی ئاپۆچی.

ڕووسیا دەتوانێ تورکیا ڕازی بکات بەوەی کوردستانی باشوور ببێتە ناوچەیەکی کۆنفیدراڵی لەناو پرۆژەی ئۆراسیادا کە ڕووسیا سەرکردایەتی دەکات و تورکیا تەواوکەری دەبێت. لە بەیاننامە و هەڵوێستەکانی ڕووسیادا سەبارەت بە ڕیفراندۆم ئەم بۆچوونە ڕەنگیداوەتەوە. ئەمە جگە لەو پرسەنامەیەی سەرۆکی کۆمپانیای ڕۆسنەفت (کە ئێستا بە جێبەجێکاری بەشێکی بەرنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دادەنرێت)، ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردبوو بەبۆنەی کۆچی دوای براکەی. بە وربوونەوە لەم پرسەنامەیە، زۆر بابەتی گرینگ دەردەکەون. هەر ئەو کاتە سەرۆکی کۆمپانیای ڕۆسنەفت هاوسەفەری فلادیمیر پوتین بوو بۆ کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەی تورکیا.

لە هەمان کاتدا ئەمڕۆ ڕووسیا لە پەیوەندییەکی بەهێزدایە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کەواتە ڕووسیا دەتوانێ ڕۆڵێکی باش بگێڕێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونکە لەگەڵ چارەسەرکردنی پرسەکاندایە بە ڕێگای ئاشتی، بەڵام ئەمریکا بە پێچەوانەوە، ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە بۆچی؟

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دەکرێت زیاتر لەبەر خراپی بارودۆخی ئابووری و کاریگەریی گەمارۆکانی سەر ڕووسیا بێت، ئەمە جگە لەوەی تاوەکو ئێستا هەموو ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی ئەم لایەنانەدان. زیاتر بە پێچەوانەی جەمسەری ئەمریکا و ئەوروپا کە وای دەبینن هێزی سەربازی تاکە چارەسەر و گەڕانەوەی شکۆی مانەوەی لیبراڵیزم و جەمسەرەکەیانە لە ژێر ناوی گەڕانەوەی شکۆ بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

لەوانەیە کوردستان لەناو هاوپەیمانی جەمسەری ئۆڕاسیادا بتوانێ زیاتر سوودمەند بێت، وەک بەدوای کڵاوی بابردووی جەمسەری لیبراڵیزم بکەوێ کە هیچ گەرەنتیەک نادەن بەوەی دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن لە کاتی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە و نەمانی سەروەریی ئەو دەوڵەتانە، هەروەک لەسەردەمی ڕیفراندۆم نەیاندا.

کەواتە کوردستان کەوتووەتە نێوان چوار جەمسەری دژبەیەک و ململانێکار. یەکێکیان ئاشتی لەبەرژەوەندیدایە و بە براوە دێتە دەرەوە لە یارییەکە کە ڕووسیا و هاوپەیمانەکانێتی. دووەمیان تەنیا شەڕ بەرژەوەندی و هەژموونی ڕابردووی بۆ دەگەڕێنێتەوە و دەپارێزێت لەم ناوچەیەدا کە ملیاران دۆلاریان بۆ سەرف کردووە. سێیەمیان مشەخۆرە و چاوەڕێی دەرفەت دەکات و هەرگیز دەوڵەتی کوردی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەک ناگرێتەوە کە بەریتانیا و ئێرانن. چوارەمیان مشەخۆرێکی نەرمونیانی بە بەرنامە و ستراتیژیی درێژخایەنی ئابووری گەورەیە بە ناوی شارستانیەت و دەوڵەتی چین.

ئەوەی لێی دەترسین ڕووبدات شەڕە هایبرتیە ترسناکەکەیە لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن کە دوور نییە ڕووبدات. بە دروستبوونی ئەو شەڕە ئاڵۆز و گەورەیە، هەریەک لە دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پێشوو بە هاوپەیمانەکانیانەوە تەواو لاواز دەبن، هیچ کاریگەریان نامێنێ بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها شتێک نامێنێ بەلایەنی کەمەوە بەناوی سەروەریی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا. ئەوەی براوەی یارییەکە دەبێت ئابووریی چینە. چونکە ئەم وڵاتانە بەم شەڕە وێران دەبن و پێویستیان بە دووبارە بنیاتنانەوە و ئابوورییەکی گەورە دەبێت، ئەوەش تەنیا چین دەتوانێ دەستەبەری بکات، هەم وەک کەلوپەل، هەمیش وەک ئاشتی و ئاسایش بە ئابوورییە پێشکەوتووەکەیەوە. بەرژەوەندی و فراوانخوازی کاریکتەرە جۆراوجۆرەکان کۆتاییان دێت. چین چۆن بەڕێوەدەبردرێت لەلایەن یەک حیزبەوە، بە هەمان شێوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەبردرێت لەلایەن یەک دەوڵەتەوە کە چینە.

زۆر پێویستە کوردستان ئەم یارییە سەربازی و سیاسی و ئابوورییانە لەبەرچاو بگرێت و پلان و بەرنامەی بۆ دابنێ لە ئەگەری ڕوودانی هەر یەکێکیان.

* قوتابی دکتۆرا و مامۆستای زانکۆ لە مۆسکۆ


(فۆتۆ: AFP)

# بەرنامەی ئەتۆمی، تورکیا و ڕووسیا نزیکتر دەکاتەوە

ڕووداو - هەولێر

سەردانەکەی هەفتەی پێشووی سەرۆکی ڕووسیا بۆ تورکیا دەریدەخات دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەند بە خێرایی دەگۆڕێت. دوو ساڵ لەمەوبەر ئەنقەرە و مۆسکۆ بە خوێنی یەکدی تینوو بوون، بەڵام پێشوازییە شاهانەکەی ئەنقەرە لە سەرۆکی ڕووسیا ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی هەردوولا دوژمنایەتییە کۆنەکەیان بەلاوە ناوە.

گەشتەکەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووی فلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، بۆ بەشداری لە لوتکەی سێ قۆڵیی تورکیا، ئێران و ڕووسیا بوو کە بڕیار بوو لەسەر چارەسەری قەیرانی حەوت ساڵەی سووریا بەڕێوەبچێ، بەڵام شاندە گەورەکەی ڕووسیا ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ ئەوەی قەیرانی سووریا تاکە ئامانجی سەردانەکەی پوتین نەبووە.

هەرچەندە فۆکەسی ڕووماڵی میدیاکانی جیهان لەسەر دۆسیەی سووریا بوو، بەڵام هاوکارییەکانی بواری وزە و سەربازی بابەتی زاڵی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکانی نێوان ڕووسیا و تورکیا بوون کە کاریگەری درێژخایەنیان لەسەر هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوا دەبێ.

لە کۆبوونەوەکەی هەفتەی ڕابردوودا سندوقی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی ڕووسیا، ڕێککەوتنێکی وەربەهێنانی هاوبەشی لەگەڵ سندوقی نیشتمانیی وەبەرهێنانی تورکیا واژۆکرد. هەردوو وڵات باسیان لەوەش کرد کە ساڵی 2019 بە ساڵی پەیوەندی کولتووریی ڕووسیا و تورکیا دابنێن.

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەی حکومەتی ئەنقەرە و مۆسکۆ دروستکردنی بنکەی وزەی ئەتۆمیی ئاکویو بوو لە پارێزگای مێرسین کە بودجەیەکی 20 ملیار دۆلاری پێویستە. تورکیا پێیوایە دروستکردنی ئەو بنکە ئەتۆمییە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئاسایشی وزە و ئابووریی تورکیادا دەبێ. پوتین لەبارەی ئەو پرۆژەیە گوتی: "ئەمڕۆ ئێمە شایەتی دانانی بناغەی یەکەم بنکەی پیشەسازیی ئەتۆمی تورکیا دەبین. ئێمە خەریکی دروستکردنی پیشەسازییەکی نوێین لە تورکیا".

گرێبەستی دروستکردنی بنکە ئەتۆمییەکە نوێ نییە، بەڵکو لە ساڵی 2010ەوە واژۆ کراوە. بڕیاریشە یەکەم ڕیاکتۆری بنکە ئەتۆمییەکە لە ساڵی 2023 ئامادە بێت و لە سەتەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا بکرێتەوە. ئەو پرۆژەیە هەندێک دواکەوتووە، بەڵام پوتین بەڵێنی دا پرۆژەکە لەو وادەیەدا تەواو بکرێ. مۆسکۆ پێداویستیی دارایی پرۆژەکە دابین دەکات و دواتریش هەر خۆی چاودێریی کارکردنی دەکات.

هەر لە بابەتی وزەدا، هەردوو وڵات باسیان لە هەنگاوەکانی پرۆژەی بۆڕیی غازی سروشتیی تورکیش ستریم کرد کە پرۆژەیەکی زەبەلاحی ڕووسیا و تورکیایە لە بواری وزەدا. پوتین لە گوتارێکدا لە تورکیاوە جەختی لەوە کردەوە کە پرۆژەکە بەپێی بەرنامە بەرەوپێش دەچێ و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە دروستکردنی بەشی سەر وشکانیی پرۆژەکە دەکرێ. تورکیش ستریم پرۆژەیەکی گواستنەوەی غازی سروشتییە کە بە دەریای ڕەشدا غاز لە ڕووسیاوە بۆ باکووری ڕۆژئاوای تورکیا دەگوازێتەوە. بڕیارە ئەم بۆڕییە شوێنی ساوس ستریم بگرێتەوە.

یەکێک لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە کە ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە نیگەرانییەوە چاودێرییان کردووە، ڕێککەوتنی فرۆشتنی سیستەم و چەکی دژەمووشەکی ئێس 400ی ڕووسیە بە تورکیا. هەردوو وڵات ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کار لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکەن و لەسەر نرخی گرێبەستەکەش ڕێککەوتوون. پێشتر بڕیار بوو ئەو سیستەمە لە 2020 ڕەوانەی تورکیا بکرێ، بەڵام ئێستا کاتەکەی بۆ تەمووزی 2019 پێشخرا.

کۆبوونەوەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و پوتین لەکاتێکدا بوو کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئابڵوقەی سیاسی و دیپلۆماتییان لەسەر ڕووسیا داناوە، دوای ئەوەی ڕووسیا تۆمەتبار کرا بەوەی سێرگێی سکریپاڵ و کچەکەی لە بەریتانیا ژەهراوی کردووە. ڕووسیا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردوونەتەوە. تورکیاش کە دووەم گەورەترین ئەندامی ناتۆیە، ڕەتیکردەوە هیچ ڕێوشوێنێک لەدژی حکومەتی ڕووسیا بگرێتەبەر.

هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر دۆسیەی سکریپاڵ دەکرێ یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە تورکیا و ڕووسیا زیاتر لە یەکدی نزیک دەکەنەوە، بە تایبەتیش کە ڕووسیا بە قۆناغی گۆشەگیریی سیاسی و دیپلۆماتیکدا تێدەپەڕێ.

کۆبوونەوەی لوتکەی سێ قۆڵیی هەفتەی ڕابردووی ئەنقەرە لە کاتێکیشدا بوو کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، داوای لە ئیدارەکەی کردووە بیر لە کشاندنەوەی 2000 چەکداری ئەمریکا لە سووریا بکەنەوە. هەرچەند پێناچێت پێنتاگۆن تاوەکو ئێستا بەو داوایە ڕازی بووبێ، بەڵام ئەگەر ئەو داوایە جێبەجێ بکرێ، ئەوە بە کردەوە سووریا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ڕادەستی سێ وڵاتەکەی بەشدار لە کۆبوونەوەکەی هەفتەی ڕابردوو دەکرێ، چونکە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات کە هەر سێ وڵاتەکە دەتوانن بە شێوازی جیاواز بیقۆزنەوە و وەکو بناغەیەکی نوێ بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نوێ لەناوچەکەدا بەکاری بهێنن.


لەکاتێکدا وڵاتانی ناو پەیمانی ناتۆ بڕیار دەدەن ڕووسیا ئابڵوقە بدەن، ئەردۆغان و پوتین پەیوەندیی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ دەبەنە قۆناغێکی نوێ (فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ کەرکووک

ئێستا لە هەرکات زیاتر کورد پێویستی بەوەیە هەڵسەنگاندنێکی واقیعی بۆ دۆخی کەرکووک بکاتەوە، ئەو مەترسیانەی لەبەردەم کەرکووکدان وەک خۆیان ببینرێن و پێویستیشە کورد چارەسەری بۆیان هەبێت. کەرکووک لە ڕووی سیاسی و ئیداری و ئەمنییەوە لەبەردەم قۆناغێکی تازەدایە کە دڵخوازی کورد نین، بەڵام کورد دەتوانێ بیگۆڕێت بە دۆخێکی باشتر، هەر کوردیش دەتوانێ هۆکار بێت لەوەی ئەم حاڵەتە کاتییە ببێتە واقیعێکی چەسپاو و درێژماوە.

ڕاستە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پێگەی کورد لە کەرکووک لاواز بووە و هیچ ڕۆڵێکی لەبڕیاری ئەو شارەدا نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەو پێگە لاوازەشیدا دەتوانێ نەهێڵێت کەرکووک بەو ئاسانییە وەک پارووەکی چەور لە گەرووی تاڵانچییەکانی بچێتە خوارەوە، وەک چۆن بەدرێژایی حوکمی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، کورد بەهۆی کەرکووکەوە سەرچاوەی ناسەقامگیریی عێراق بووە.

ئەوەی وای کردووە کورد لە دۆخێکی چەقبەستوودا بێت و ئیرادەی هیچ بڕیارێکی نەبێت، ئەوەیە کە شەش مانگە نەیتوانیوە 16ی ئۆکتۆبەر تێپەڕێنێ و هەر لە 16ی ئۆکتۆبەردا دەژی.

ساکارترین بەڵگە بۆ ئەوەی کورد نەیتوانیوە ئەو ڕۆژە تێپەڕێنێ، ئەوەیە کە شەش مانگە نیوەی جوگرافیای کوردستان لەلایەن بەغداوە داگیر کراوەتەوە و هەڕەشەی تورکیا لەسەر نیوەکەی تری ئەو بەشەیە کە لە دەستی کورد ماوە، کەچی پێنج هێزە سەرەکیەکەی کوردستان ئیرادەی ئەوەیان نییە پێکەوە تەنها یەک کۆبوونەوە بکەن. ئەمە جیا لەوەی لەوکاتەشەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهاتی تازە لە ناوچەکە ڕوویانداوە هەموویان پەیوەندیان بە چارەنووسی کورد و خاکەکەیەوە هەیە.

کورد دەبێ ئیرادەی هەبێت و 16ی ئۆکتۆبەر تێپەڕێنێ، تێپەڕاندن مەبەستم لەوە نییە لە بیری بکەین، چونکە لەبیرکردنی حاڵەتی لەو جۆرە، هەمیشە زەمینەی دووبارەکردنەوەی دەڕەخسێنێ. تێپەڕاندن بەو مانایەی 16ی ئۆکتۆبەر لە دوامانەوەبێت نەک لە پێشمانەوە. ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی ئێستا و ئەوانەی لە مەودایەکی دوورتردا دێنە ڕێمان، ئەوەمان لێدەخوازن کە بیکەین بەپێویستی و زادەی چوونە قۆناغێکی ترەوە. ئەوە نەکەین بەردەوام لەناو بازنەیەکی داخراودا دەخولێینەوە، لە چرکەساتەکانی وەک ڕاپەڕینەوە دەستپێدەکەین و لە 16ی ئۆکتۆبەرەکانی مێژووماندا دێینەوە چوارگۆشەی یەکەم.

ئەمڕۆ کەرکووک ئەو خاڵە هەستیارەیە کە ئیرادەی کوردی چ وەک تاک و چ وەک بزاوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت. چونکە کەرکووک هیچکات بە ئەندازەی ئێستا لەبەردەم مەترسیدا نەبووە. ئەوانەی پێیانوایە دۆخی کەرکووک ئاساییە و ئەو مەترسیانەی باس دەکرێن ناڕاستن، ئەوانە یا بەشێکن لە ستراتیجیەتی 16ی ئۆکتۆبەر، یاخود کەسانی بێئاگان و لە مەترسییەکان تێناگەن. هەموو ئەو زوڵم و زۆرانەی لە ڕابردوودا کراون، پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و گۆڕینی دیمۆگرافیا، لەژێر حوکمی مەنتقی هێزدا و بە سەپاندن بوون، کە مەنتقی ئەو هێزە لەق بوو، ڕیسی سیاسەتەکەش بووەوە بە خوری. بەڵام ئێستا مەترسیەکە لەوەدایە لە دۆخێکی جیاواز و لە پەراوێزی دیموکراسی و حوکم و شەرعیەتی یاسا و دەستوورێکی دیموکراسی و بە هەڵبژاردن و ڕێپێدانی کورد دەکرێت.

پێویستە کورد یان بە گەڕانەوەی بۆ کەرکووک کاریگەری لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان هەبێت، یاخود بە نەچوونەوەی، شەرعیەتی ئەوەی ڕوودەدات لەق بکات. بەڵام ئێستا نە ئەوەیە بەهەموو پێگەی جەماوەری و سیاسییەوە گەڕابێتەوە بۆ کەرکووک و نە ئەوەشە گۆڕەپانەکەی جێهێشتبێ، تا ڕەوایی ئەوەی هەبێت ئەو قۆناغە مەترسیدارە وەک دۆخێکی قبوڵکراو پەسەند نەکات. ئێستا کورد لە کەرکووک تەنها بەشی ئەوە قورسایی هەیە کە ببێتە هۆکاری شەرعیەتدان بەو زوڵمەی لێی دەکرێت.

سەرکردایەتی پێنج هێزە سەرەکی و بەشدارەکەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و عێراق، پێکەوە بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بێدەنگی و خۆدوورگرتن لەوەی دەگوزەرێت ئەستۆپاکی بۆ کەس ناکات. پارتی هەڵەیەکی کوشندەی کرد بە تەنها بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد و بەشێک لە هێز و قورسایی کوردی کەمکردەوە. بزووتنەوەی گۆڕانیش بە هەمانشێوە تووشی هەڵە بوون کە ڕێگەیان نەدا هەموو کورد بەیەک لیست لە کەرکووک بچێتە هەڵبژاردنەوە، ڕێگەی دروست بۆ دۆخێکی وەک ئێستا ئەوە بوو یان هەموو کورد پێکەوە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی کەرکووک بکەن، یان پێکەوە بەشدار بن.

یەکێتیش وەک هێزێکی سەرەکی لە کەرکووک بەهۆی بێمتمانەکردنی دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنی ڕابردوو، ئەگەر 16ی ئۆکتۆبەریش ڕووینەدایە، لەبەردەم بێمتمانەییەکی زۆری دەنگدەرانی خۆی بوو، چجای ئەوەی ئێستا بەرپرسیارێتی بەشێکی زۆری ئەم دۆخەشی دەکەوێتە ئەستۆ و ناتوانێ دڵنیایی ئەوە دروست بکات کە نەک هەموو دەنگدەری کورد، بەڵکوو هەموو دەنگدەر و جەماوەرەکەی خۆیشی بەرێتە سەر سندوقی دەنگدان. پرسیار ئەوەیە ئەی کەواتا کورد بۆ بەشداری لەو پرۆسەیەدا دەکات کە ناتوانێ هیچ لە واقیعەکە بگۆڕێت؟

کورد لەڕووی سەربازییەوە لە کەرکووک شکستی خوارد، لەڕووی سیاسییەوە بەهەمان شێوە و لە ئیدارە و لەڕووی ئابووریشەوە شکستی هێناوە، تەنها شتێک بە دەستییەوە مابێت دیوە یاساییەکەیە کە زۆرینەی ئەنجومەن و زۆرینەی نوێنەرانی کەرکووک کوردن. بۆ ئەوەی ئەو ستەم و ستراتیجە ترسناکەی سەر کەرکووک لەڕووی یاساییەوە نەچەسپێت، پێویستە کورد تاوتوێی دوو بژاردە بکات، یان ئەوەتا هەرچی دەنگدەری کورد هەیە ببرێتە بەردەم سندوقی دەنگدان و پارێزگاری لە پێگەی کورد بکرێت کە ئەمەش هیچ دڵنیاییەکی نییە، یان ئەوەتا لەڕێگەی بایکۆتی هەموو خەڵک و حیزبەکانەوە بە ناشەرعیکردنی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک شەڕی مانەوەی خۆی بکات.

"ئێستا کورد لە کەرکووک تەنها بەشی ئەوە قورسایی هەیە کە ببێتە هۆکاری شەرعیەتدان بەو زوڵمەی لێی دەکرێت"

باشترینیان بژاردەی دووەمە، چونکە لە هەرسێ هەڵبژاردنی ڕابردووی کەرکووک 2005، 2010، 2014 سەرباری ئەوەی پێگەی کورد لەڕووی سیاسی و لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە عەرەب و تورکمان زیاتر بوو، بەڵام دەنگی کورد بە هەموو تێبینیەکانەوە لە نێوان 261 هەزار- 266 هەزار و 273 هەزار دەنگ بووە. کە ژمارەی کورسییەکانی کورد زیاتر بوون بەهۆی ڕێژەی کەمی بەشداری لە هەڵبژاردن بووە نەک ئەوەی کورد زۆرینەی دانیشتووان بووبێت. هاوکێشەکانی ئەمجارە تەنها بەوەی کورد پرۆسەکان بەڕێوە نابات زۆر جیاواز دەبن، چجای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری دەنگدەری کورد ناچنەوە بۆ کەرکووک و لە بەرانبەریشدا، ئەمجارە نەک هەر دەنگی عەرەبەکانی کەرکووک بە تەنها، بەڵکوو هەموو ئەو عەرەبانەش کە بەهۆی دۆخی ئەمنی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور لە ساڵانی ڕابردوودا هاتوونەتە کەرکووک، دەنگی هەموو ئەوانەش کە لەشەڕی داعشەوە وەک ئاوارە ڕوویان لە کەرکووک کردووە، خستوویانەتە سەر کەرکووک. بەمەش هاوکێشەکان بەزیانی کورد پێچەوانە دەبنەوە.

ئەوەی بۆ ئەمڕۆ لە هەموو شت پێویستترە، ئەوەیە کورد کارێک بکات ئەو دۆخەی کەرکووک پێچەوانە بکاتەوە کە یەکێک لە ئاسانترین ڕێگاکانی بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکە، نەیارانی کوردیش هەر لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێ واقیعی کەرکووک بۆ ئەبەد بگۆڕن.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# بۆ کەس خۆی لە کورد ناکا بە ساحەب؟!

لە سەروەختی هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر عەفرین، کوردی هەندەران چالاکانە خەریکی خۆپێشاندان بوون. فەلسەفەی زۆربەی خۆپێشاندانەکان، هەوڵێکی بەزۆری ناکامانە بوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شەقامی ڕۆژاوایی و لەوێشەوە، کاریگەریدانان لەسەر هەڵوێستی سیاسیی حکومەتە ڕۆژاواییەکان. لەناو دنیای مەجازی و سۆشیالمیدیاشدا هەوڵێکی هاوشێوە، بەهەمان فەلسەفە و ئاراستە، هەبوو. من بۆخۆم مێژینەیەکی بیست ساڵەی بەشداریم لەو خۆپێشاندانانەی تاراوگەدا هەیە. هەڵبەت ئەوە چەند ساڵێکە بەهۆی هەلومەرجی ژیان، لە دنیای مەجازیدا چالاکترم. لە سەروەختی بەرخۆدانی عەفریندا، منیش وەک زۆر تاکی دیکەی کورد، هەوڵم دا لەیەکێک لە هەژمارە فەیسبووکییەکانمەوە، هیچ نەبێ کاریگەری لەسەر هاوڕێ ڕۆژاواییەکانم دابنێم هەتا بەشکم سۆزیان بجووڵێنم و سەرنجی ئەوان بۆلای ئەو زۆردارییە ڕابکێشم کە بەرامبەر بە گەلی ئێمە دەکرێ. خۆپێشاندانی فراوانی کوردی هەندەران چەندەی خێر بۆ عەفرین دایەوە، هەوڵە فەیسبووکییەکانی منیش هەر ئەوەندە!

هاوڕێ بیانییەکانی من لە فەیسبووکدا خەڵکی وڵاتانێکی جیاجیان، بەڵام زۆربەیان فینلاندین. ڕاستەکەی ڕووی زاری منیش زۆرتر لە فینلاندییەکان بوو. فینلاندییە هاوڕێکانی من، بەهۆی هەلومەرجی ژیانی پیشەییمەوە، یان کارمەندانی دەوڵەتن یان چالاکانی کولتووری و مافی مرۆڤ. بەشێکی بەرچاویشیان کەسانی فێمینیست و ئاکادێمیک. نایشارمەوە، پۆستە فەیسبووکییەکانی من سەبارەت بە زۆردارییەکانی دەوڵەتی تورک و ستەملێکراویی گەلی ئێمە، پێشوازییەکی کەمیان لێکرا، هیچ نەبێ کەمتر لەوەی دڵی من دەیخواست. ئەمەش سەرەڕای قێزەونیی ئەردۆغان و سیاسەتی تورکەکان، بەتایبەتی لای ئەورووپاییەکان. ئەی کەواتە بۆچی "ڕۆژاوای مۆدێرن"، "ڕۆژاوای مرۆڤدۆست"، "ڕۆژاوای یەکسانیخواز"، "ڕۆژاوای دژی تیرۆر"، بەو ئاسانییە خۆی لە ناڵەی بێکەسیی ئێمە و تیرۆریسمی دەوڵەتی تورکیە، گێل دەکا؟! با بڕێک کۆنکرێتتر بدوێین؛ وامان دانا دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان دووڕوو، بەرژەوەندخواز و سەرمایەپەرست بن —کە هەن!-، ئەی هاووڵاتییەکانیان بۆچی لەئاست چاوەڕوانییە سەرەتایی و ئینسانییەکانی ئێمەدا نین؟! گریمان وەحشیەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیان ڕاستەوخۆ هەست پێ نەکردبێ، ئەی خۆ ئەوە چەند ساڵە تیرۆریسم لەسەر شەقامەکانی ڕۆژاوا، زیرەی لە خۆیان هەستاندووە، دەی بۆ لەئاست دەنگی دادخوازانەی گەلێک کە "لەجێی دنیا شەڕی تیرۆریسمی کردووە"، ئاوا بێباک و خەمساردن؟!

نایشارمەوە، زۆرجار بەزەییم بەخۆماندا دێ کە هێمنی شاعیر گوتەنی بە "تاوانی بێهێزی"، هەردەبێ لەدەرگای بێگانان بدەین بەشکم بەزەییان پێماندا بێت. زۆرجاریش ڕقم لە خۆمان دەبێتەوە، چونکە هەست دەکەم، بەبێ ئەوەی خۆمان هەستی پێ بکەین، خەریکی سواڵی بەزەیین، ئەویش پەشێو گوتەنی لە "چاخێکی ویژدان- تۆپیو"دا. هەڵبەت زۆربەی جاران ڕقم لە ڕۆژاواییەکانیش دەبێتەوە، چونکە هەست دەکەم ڕێک لەو کاتانەدا کە ئێمە خەریکین، داماوانە، باس لە ناشیرینیی دوژمنەکانمان دەکەین، ئەوان ئەوە دەکەن بە بەڵگەی ناشیرینبوونی هەموومان! ئاخر بۆ زۆر لە ڕۆژاواییەکان، دواجار ئێمە هەموومان — بەداگیرکەر و داگیرکراوەوە، بە زاڵم و مەزڵوومەوە- کورد گوتەنی؛ سەروبنی کڵاشێکین: مرۆڤەکانی جیهانی سێیەم کە خەریکی یەکترخواردنین! لەم ڕوانگە ڕۆژاواسەنتەرەوە، ئێمە هەموومان خەڵکانێکی دواکەوتووین، کەسان و میللەتانێک کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانمان، دواجار تەواویەتی یەک کولتوور و شارستانیەتی نامۆ بە ڕۆژاوا، دەنوێنینەوە. نیگای ڕۆژاوایی، بەم شێوەیە، تەرووشکمان پێکەوە دەسووتێنێ! خۆ ڕەنگە من ناهەقم نەبووبێ کاتێک خەمساردیی ڕۆژاواییەکان ئۆقرەی لەبەر بڕیم، وتە بەناوبانگەکەی واڵتێر بنیامینم لەسەر دیواری فەیسبووکەکەم، دانا کە دەڵێ: "هەرشارستانیەتێک وەحشیەتی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە". بەو پۆستەشم، ویستم بەناڕاستەوخۆ لە هاوڕێ خەمساردە ڕۆژاواییەکانم بگەیەنم کە سەرباری هەموو بەدبەختییەکانی ئێمە، وەنەبێ ئێوەش لەئێمە باشتر بن!

ڕەنگە ئەو پیشخواردنانەوەی سەرەوە- کە لێرەدا بۆ یەکەمینجارە بەدەنگی بەرز دەیانڵێمەوە- تەنیا بنەمایەکی عاتفییان هەبێ، خۆ دوور نییە بڕێک ڕاستیشیان تێدابێت. بەوەشەوە پێم خۆشە بڕێک دوور لە سۆز و عاتفەش لەو پرسیارە ڕابمێنم کە بۆچی سەرەڕای هەموو هەوڵێکی من، هاوڕێکانم ئەوەندەیان سۆز بەرامبەر بە ستەملێکراویی ئێمە دەرنەبڕی کە من تاسەم بشکێت؟! یان، بۆچی ئەو هەموو خۆپێشاندانانەی کورد، جووڵەیەکی جەماوەریی جددیی لەهیچ کۆمەڵگەیەکی "مرۆڤدۆستی" ڕۆژاوایی دروست نەکرد؟! من بە سێ وەڵامی هەنووکەیی بۆ ئەو پرسیارانە گەیشتووم:

یەکەم: هۆی خەمساردیی ڕۆژاواییەکان بەرامبەر چالاکییەکانی ئێمە، پێم وابێ پێوەندی بە دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە ڕەنگە کولتووری تاکگەرایانەی ڕۆژاوایی زیاتریش پەرەی پێ دابێ. باس لەو ڕاستییە سەلمێندراوەیە کە هەتا قەوارەی کارەساتێک مەزنتربێ، مرۆڤ کەمتر تێیدەگا و سۆزی دەبزوێنێ. گەرمبوونی هەوای زەوی گەورەترین مەترسییە بۆ سەر پاشەڕۆژی ئادەمیزاد، بەڵام ڕەنگە بچووکترین خەمی زۆربەمان بێت! نموونەیەکی سادە: چەند ساڵ پێش ئێستا حکومەتی فینلاند بڕیاری دەرکردنی پیرێژنێکی پەناخوازی میسریی دەرکرد، کە داوای مانەوەی لەو وڵاتە کردبوو. بیروڕای گشتیی فینلاند بۆ بەرگری لەو پیرێژنە وەها خرۆشا؛ خۆپێشاندان ڕێکخرا و کەسایەتیی وەک سەرۆککۆماری وڵات لەسەری هاتە دەنگ. کەچی هەر لەوکاتەدا، سەدان پەنابەری داماوی پاشەڕۆژسووتاو کە وەڵامی نێگەتیڤیان وەرگرتبوو، سەرگەردان و پەرێشان لە کەمپەکانی فینلاندا گینگڵیان دەدا و کەس مێشێکیشی میوان نەبوو! خۆ ڕەنگە دیوێکی دیکەی ئەم دیاردەیە "سیوابوونەوە" بێت. بۆ وێنە ئەوەندە باسی قوربانییەکانی شەڕی سووریا کراوە کە چیتر هەست نابزوێنێ! زۆرجار میدیا نەخشی یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە دەبینێ کە کام پرسە گرینگە و، چی شیاوی سەرنجە. دەمەوێ بڵێم، ڕەنگە قەوارەی کارەساتە نەتەوەییەکانی ئێمەش، کە بەتەبیعەت ڕووداوێکی دەستەجەمعین، لەوە گەورەتر و پاتەوەبووتر بێت کە لە خەیاڵگەی تاکی لەخەمڕەخساوی ڕۆژاواییدا جێی ببێتەوە، هەربۆیە بۆ "ئەویدیی ڕۆژاوایی"، ئاسانترین دژکردەوە لە بەرامبەر کارەساتەکانی ئێمەدا، ئیگنۆرکردنە؛ خۆنەبانکردن و پشتگوێخستن.

پێموابێ دووەمین هۆی ئەوەی کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان بەرامبەر بە کارەساتە سیاسییەکانی ژیانی ئێمە خەمساردن، نەبانبوونی ئەوان لە کۆی پرسی سیاسەت وەک کردەیەکی دەستەجەمعی، بێت. ئەوە ڕاستییەکە کە سیاسەتلێدراوی خەسڵەتێکی زاڵی کۆمەڵگە نادیمۆکراتیکەکانە. بەپێچەوانەشەوە، تەوەلابوون لە سیاسەت، بەمانا نەریتییەکەی، دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگە دیمۆکراتیک و پێشکەوتووەکانە: ئاستی نزمی بەشداریی سیاسی و لووتەلایی لە حیزبایەتیی نەریتی، لە دەرکەوتەکانی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکاندایە. نموونەیەک بێنمەوە: ساڵی پار یەکێک لە مەحبووبترین سیاسییەکانی مێژووی وڵاتی فینلاند (پرێزیدێنت کۆیفیستۆ) کۆچی دوایی کرد. ئەمە ڕووداوێکی سیاسیی زۆر گەورە بوو. لەو ڕۆژەدا من سەیری فەیسبووکم کرد: بەدەگمەن نەبێ فینلاندییەکان ئاماژەیەکی بچووکیشیان بە کۆچی ئەو سیاسەتمەدارە ناودارەیان نەکردبوو، کەچی هەمان ڕووداو ببووە هەواڵی گەرمی فەیسبووکی زۆربەی کوردەکانی فینلاند! دەمەوێ بڵێم، زۆر لە ڕۆژاواییەکان، تەنانەت کۆڵ بە پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی خۆشیانەوە هەڵناگرن، چ بگا بە دادوبێدادیی گەلێکی بێگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی!

بەزەبری دروشمی کوردی کە زەحمەتە خەڵکە ڕۆژاواییەکە سەریشی لێ دەربکا! بەزەیی، لەوانەیە ژێی عاتفەی لایەنی بەرامبەر ببزوێنێ، بەڵام مەرج نییە هانی بدا بۆ بەدەمەوەهاتنێکی کۆنکرێت. زۆرکەس بەزەییان بە ئێمەی هەراسانی سەرشەقامەکاندا دێ، ڕێک وەک چۆن بینەری فیلمێکی سەر شاشەی سینەما، بەدەم خواردنی گەنمەشامییەوە هەستی دەبزوێ و لەوانەیە بشگری، بەڵام لەگەڵ دواییهاتنی فیلمەکە، دوایی بە خەم و هاوسۆزیی ئەویش دێت. دەمەوێ بڵێم، خەباتی سۆزبزوێنەرانەی ئێمە لە ڕۆژاوا، ناتوانێ ببێتە هەوێنی کاردانەوەی ئۆرگانیک لە ڕۆژاواییەکاندا، هەربۆیە بەدەگمەن سوودێکی کۆنکرێتیشی دەبێ.

پێموابێ ئەو سێ فاکتەرەی سەرەوە

"خۆپێشاندانەکانی کورد لە ڕۆژاوا، زۆرتر بۆ خۆئیفادەکردن یان خۆبەتاڵکردنەوەیە لە وزەیەکی نێگەتیڤ کە کارەساتێکی دیاریکراو خوڵقاندوویەتی"

هەر بۆیە خەمی ئێمە ڕەنگە سەرنجی ئەوان ڕانەکێشێ. ڕاشیبکێشێ، ئەوان بۆ دژکردەوەیەکی جددی بەرامبەری، هان نادات.

هەڵبەت ئەگەر بڕێکیش خۆڕەخنەگرانە بدوێین، هۆکارێکی گرینگی دیکەی خەمساردیی ڕۆژاواییەکان، پێوەندی بەخۆمانەوە هەیە: خۆپێشاندانەکانی کورد لە ڕۆژاوا، زۆرتر بۆ خۆئیفادەکردن یان خۆبەتاڵکردنەوەیە لە وزەیەکی نێگەتیڤ کە کارەساتێکی دیاریکراو خوڵقاندوویەتی. کارکردێکی دیکەی خۆپێشاندانەکان، ئاسوودەکردنی ویژدانە بەوەی گۆیا ئەرکی سەرشانمان بەجێگەیاندووە! ستراتیژی خۆپێشاندانی کوردی تاراوگە، لە باشترین حاڵەتدا دروستکردنی بەزەییە لای بەردەنگی ڕۆژاوایی، ئەویش زۆرتر لە هۆکارە گرینگەکانی بێئاکامبوونی ئەو خەباتەیە کە ناوی لێ دەنرێ "خۆپێشاندانی کورد لە ڕۆژاوا". بە کورتییەکەی، ئێمە نامانتوانیوە خۆپێشاندان بکەینە ئامرازێکی کاریگەر بۆ بردنە پێشی ئەجندای سیاسیی گەلەکەمان لە ڕۆژاوا. ئەی چار چییە؟ بێگومان پەیامی ئەم نووسینە دەستبەردانەوە و پاسیڤبوون نییە. ئایدیا و پێشنیار بۆ چاکسازیی بنەڕەتی زۆرن. من لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم؛ تا خوێندنەوەیەکی جددی و مووقڵێشمان بۆ تایبەتمەندییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە ڕۆژاواییە هاوچەرخەکان نەبێ، زەحمەتە هەموو خەبات و خۆپێشاندانەکانی کوردی هەندەران لە کۆمەڵێک هاوارهاواری بێئاکامی سەر شەقامەکانی ڕۆژاوا واوەتر بچێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەو ڕۆژانەی گاڕانیان بە خڕی دەبرد!

## 1

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی بەغدا هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت، بەدەر لە درووشمە بە باقوبریقەکانی قەوارە سیاسییەکان، ئامانج لێی وەرگرتنی ئەو پۆستە سیادییانەیە کە لە بەغدا هەن. سیاسەتی ئێران هەر لە سەرەتای ڕزگارکردنی عێراقەوە تا ئێستا لەسەر بنچینەیەکی نەگۆڕ چووەتە پێش کە ئەویش بریتی بووە لەوەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت بە هەر شێوەیەک بێت، لەدەست شیعە و لەناو شیعەش بەدەست ئەوانەوە بێت کە وەلائی موتڵەقیان بۆ ئێران هەیە. سەرۆکایەتیی کۆماریش لای کورد بێت و سەرباری ئەوەی کە ئەو پۆستە تەشریفاتییە، بەڵام واجیهەی بەغدا، کوردێک بێت نەک عارەبێکی سوننە و ناسنامەی عەرەبیی عێراق تێکبشکێت.

لەماوەی ڕابردوودا و تەنانەت ئەوکاتەی کە تاڵەبانی بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی دانرایەوە، دەرکەوت کە کورد لە بەغدا هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری و یاسادانانی نییە، بە پۆستێکی تەشریفاتییەوە خافڵێنراوە. پێداگیریی کورد لەسەر ئەو پۆستە، پتر لەوەی داوایەکی ستراتیژی بێت، تێرکردنی حەزی زەعامەتی تاڵەبانی بوو (کە هەر لەکاتی نووسینەوەی دەستوورەوە ئەو پۆستەی بۆخۆی دانابوو)، لەلایەکی دیکەشەوە، میکانیزمێک بوو بۆ ڕۆڵگێڕانی هەر دوو سەرکردە (بارزانی و تاڵەبانی)، بەڵام دواتر ئەو پۆستە و ئیمتیازە داراییەکانی بوو بە موڵکی بنەماڵەی تاڵەبانی و پتر وەک سەرچاوەیەکی دارایی سەیر کرا تا پێگەیەکی سیاسی.

هەر بۆیە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، سەرباری هەموو پێشێلکارییە دەستوورییەکان کە بەغدا کردوونی، بۆ یەکجاریش سەرۆکی کۆمار جورئەتی ئەوەی تێدا نەبوو وەک پارێزەری دەستوور دەربکەوێت. تەنانەت ئەو کاتەی کە دادگای دەستووری لەسەر بڕینی بودجەی کوردستان لە قازانجی کورد بڕیاری دا، سەرۆککۆمار نەیتوانی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی هەبێ و لە سەرجەم کێشەکانی نێوان هەولێر بەغدادا، یان بێلایەن بووە یان هیواخواز! تازە بەتازە و دوای ئەوەی چەند مانگێکی دیکە پۆستەکە بەجێدێڵێت، لەسەر یاسای بودجەی 2018 سەرۆکی پەرلەمانی داوەتە دادگا! ئەوانە کردەوەی نمایشین کە خۆیشی دەزانێ هیچ سوودیان نییە و تازە کار لەکار ترازاوە. یەک هەڵوێستی سەرۆککۆمار لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان دەیتوانی زۆر شت بگۆڕێ و ڕێگر بێت لە زۆربەی ئەوماڵوێرانیانەی ڕوویاندا.

# کێ دەبێتە سەرۆککۆمار؟

## 2

بە حوکمی ئەوەی کە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەماوە، ئیتر ئەو دابەشکارییەی لە 12 ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بە پۆستەکانی بەغدا و هەولێر هەبوون، کۆتاییان هاتووە. هەڵوێستی پارتی لەوبارەیەوە ڕوونە و سەرباری ئەوەی کە دەگوترێ پۆستی سەرۆککۆمار لە پشکی کوردە (کە ئەوە وەکو لوبنان بە یاسا و دەستوور ڕێکنەخراوە، تەنها بەرهەمی ڕێککەوتنی سیاسی و خواستی ئێرانییەکان بووە)، بەڵام پارتی ئامادە نییە جارێکی دیکە ئەو پۆستە و هاوکات پۆستی پارێزگاری کەرکووکیش بداتەوە بە یەکێتی نیشتمانی یان پاڵپشت بێت بۆ وەرگرتنیان. هەر بۆیە کاتێک بنەماڵەی تاڵەبانی (جیا لە ئامانجە سەرەکییەکەیان کە پۆستکردنی دکتۆر بەرهەم بوو بۆ بەغدا) پێشنیازی پۆستی سەرۆککۆمارییان بۆ دکتۆر بەرهەم کرد، قەبوڵی نەکرد، چونکە باش دەیزانی ئیتر لە دەسەڵاتی ئەواندا نەماوە ئەو پۆستە ببەخشن!

لە ئێستاوەڕا ناوەندە عەرەبییەکان بە تورکیاشەوە، خوازیاری ئەوەن کە ئەمجارەیان ئەو پۆستە لای عەرەبێکی سوننە بێت و واجیهەی عێراق لە وڵاتێکی شیعەی موالیی ئێرانەوە بگەڕێتەوە بۆ ناسنامە عەرەبیەکەی. لەو ڕێگەیەشەوە بتوانن پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ بەغدا توندوتۆڵتر بکەن و سەرچاوەی زیاتر بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننییە وێرانبووەکان دابین بکەن. هەر بۆیەشە لە ناو عەرەبی سوننە چەندین کەس خوازیاری ئەوەن سەرۆککۆماری داهاتووی عێراق لە پشکی ئەوان بێت.

کورد لە ماوەی ڕابردوودا هیچ خێرێکی ئەوتۆی لەو پۆستە و دەسەڵاتە تەشریفاتییەکانیشی نەبینی، بۆیە پێداگیری لەسەر ئەوەی کە ئەو پۆستە پشکی کوردە، هەڵەیەکی کوشندەیە و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ قۆناغی داهاتوو باشترین بژاردەیە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ ڕۆڵی هەبێ لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان لە بەغدا و، پەرلەمان (کە لەسەر بنچینەی زۆرینە و کەمینە کار دەکات) نەبێتە شوێنی گەلەکۆمە لە کوردستان. هەر وەک چۆن لە چوار ساڵی ڕابردوودا بە دەیان یاسا دەرچوون و بەشێکیان نەک هەر لە دژی کورد بوون، بگرە بە ئاشکرا بۆ سزادان و تەمبێکردنی خەڵکی کوردستان دەرچوون.

وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن کوردەوە، پێگەی کورد لە بەغدا بۆ هەموو جۆرە دانوستانێکی ئایندەیی سەبارەت بە چارەنووسی کورد لە عێراقدا پتەوتر دەکات و کاریگەریی هەولێر لەسەر بڕیاری سیاسی زیاتر دەبێت.

# چاکی مەکە با خراپ نەبێ!

## 3

پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی، مووچە، دەرماڵە کە لە مانگی شوبات لەلایەن حکومەتەوە نێردرایە پەرلەمان و ئەگەر چاوچنۆکی و گیرخواردنی هەندێک پەرلەمانتار نەبووایە لە نێوان (خوا) و (خورمادا)، ئێستا ڕەنگبێ حکومەت لە توانایدابایە بە یەکجاری پاشەکەوتی مووچە هەڵبگرێت، چونکە پتر لە سەت ملیار دینار دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی حکومەت. ئەڵبەتە لەو عەرەفەیەی هەڵبژاردندا، زۆربەی حیزبەکان دڵیان بەو هەنگاوە خۆش نییە. حیزبە گەورەکان لە لایەک دەترسن بە جێبەجێکردنی یاساکە، دەنگدەرەکانیان بتۆرێن و، حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لەوە دەترسن کە حکومەت بەو هەنگاوە ئیتر دەستیان لە پشتەوەڕا ببەستێ و چیدی قەوانی مووچە و بژێویی خەڵکیان بۆ لێ نادرێت. بۆیە پێویستە حکومەت داوا لەپەرلەمان بکات بە خێرایی ئەو یاسایە لە دانیشتنێکی کراوەدا (بۆ ئەوەی مەجالی موزایەدە نەمێنێ) بخاتە بەر گفتوگۆی کۆتایی.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# شەڕ لەگەڵ هەمووان

ئەرگۆمێنتی دۆناڵد ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا ئەوە بوو کە پێویستە خاوەن بەڵێن بێت بەرامبەر دەنگدەرانی، بەتایبەتیش کە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس دەکرێن، هەروەها ترەمپ کاتێک داوای کرد ئامادەکاری بکرێت بۆ کشانەوە لە سووریا، لەوبڕوایەدا بوو کە پێویستە وڵاتانی ناوچەکە ئارامیی سووریا و ناوچەکە بپارێزن، بەتایبەتیش کە داعش تێکشکاوە و پێویست ناکات ئەمریکا پارەی زیاتر لەو شوێنانە خەرج بکات بەڵکو دەبێ ئەوە بخرێتە خزمەت بەهێزبوون و گەورەبوونەوەی ئەمریکا .

دۆناڵد ترەمپ بەوشێوەیە دەیویست دەنگدەرانی لە ئەمریکا و هاوپەیمانە زویربووەکەی (تورکیا) لە ناوچەکەدا ڕازی بکات . لە ڕاستیدا وڵاتانی ناوچەکە ئامادەنین هێز بنێرنە ئەو شوێنانەی لەژێر چاودێریی ئەمریکادان لە سووریا، بەڵام تورکیا زۆر حەزدەکات ئەوە بکات. ئەوکاتیش حەزەکەی بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتداریێتی خۆسەری دیموکراتی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD بەدیدەهات و ڕێگەی ئۆڤاکیۆی (کۆراڤا) لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە. باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا هەفتەی ڕابردوو گوتی : گشتپرسی ئەو ڕاستییەی سەلماند کە دەبێ تورکیا ڕێگەیەکی وشکانیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبێت .

پەیوەندی زۆری سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا ، وەک ئەندامی یەکێک لە دوو دەوڵەتە سەرەکییەکەی یەکێتی ئەوروپا و تاکە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوای بڕیاری دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا ، کە بەپێی هەندێ شرۆڤە نیشانەی ئەوەیە ئەمریکا دەیەوێت فەرەنسا ڕۆڵێکی زیاتری لە سووریادا هەبێت لەکاتی دەرچوونی لە سووریا ، هەروەک چۆن هاتن و چوونە سەرنجڕاکێشەکانی نیکۆلاس هۆپتۆنی باڵیۆزی بەریتانیاش لە ئێران بۆ عێراق ، بە نیشانەی ئەوە لێکدەدرێنەوە کە ئەمریکا دەیەوێت بەریتانیا ڕۆڵێکی زیاتر لە عێراقدا بگێڕێت . وێڕای ئەوەش کە دەگوترێت ئێستا جۆرێک لە گفتوگۆیەکی نهێنی و ناڕاستەوخۆی ئەمریکاش لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ لایەکیان ڕاستییەکەی بسەلمێنن .

بەپێی زانیارییەکان دوای کۆبوونەوە ئەمنی و سەربازییەکانی ئەمدواییەی ئەمریکا ، سەرۆکی ئەمریکا ڕازیبووە هێزەکانی وڵاتەکەی تاوەکو شەش مانگی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا بمێننەوە . لەو ماوەیەدا هەڵبژاردنەکانی عێراقیش دەکرێن ، ئەو هەڵبژاردنانە بۆ دیاریکردنی باری ئاسایش و دواڕۆژی خەڵکی عێراق گرنگن ، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری هەرێمایەتیشیان هەیە ، بەتایبەتی هەندێک هێزی ناوچەیی گرەوی ئەوەیان دەکرد کە لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا عێراق لەژێر هەژموونی ئێران دەربچێت یان هەژموونەکەی لاوازببێت ، بەوشێوەیەش ڕێگەی خێرای وشکانی ئێران بۆ سووریا و لوبنانیش تێکبچێت . هەموو ئەو پێشبینیانە نزیک نین، ئەوەی زیاتر نزیکە دروستبوونەوەی حکومەتێکی هاوشێوەی ئێستایە ، ئەگەر ململانێیە سیاسییەکانی ئێستا و ئەوانەی کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەت لەسایەی زۆرتربوونی چەک و گرووپە چەکدارییەکان لە عێراقدا سەرنەکێشنەوە بۆ دروستبوونەوەی شەڕێکی ناوخۆیی تازەتر لە عێراقدا .

بەوشێوەیەش دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا دەرفەتێکی دیکەی پێدراوەتەوە . چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوەش لە سووریادا دیار نییە ، چونکە باری سووریا نە شۆڕشە و نە شەڕێکی ناوخۆییە ، بەڵکو کێشە و شەڕێکی نێودەوڵەتییە و بەئاسانیش بەلایەکدا ناکەوێت ، بۆیەش لایەنەکانی ناو سووریا زیرەکی دەنوێنن کە تەمەنی خۆیان تاوەکو کاتی یەکلابوونەوە درێژ دەکەنەوە . ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەساڵی 1991 تاوەکو 2003 نموونەیەکی گرنگە ، ئەو هەموو ساڵە ڕەوشی عێراق یەکلایی نەبووەوە و لەکاتی هاتنەسەرکاری دیموکراتەکانیشدا ڕژێمی سەددام لەمانەوە و هاتنەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نزیک دەبووەوە ، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان توانییان ئەو دەسەڵاتدارێتییە بهێڵنەوە . دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە لە ڕۆژئاوای کوردستان پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی دیکە و گۆڕانێکی بنچینەییە لەشێوەی دەسەڵاتدارییەکەی، بەشێوەیەک کە جێگەی پەسەندی زلهێزەکان و مایەی نیگەرانی زۆری دەوروبەریش نەبێت . فۆرموولەی داڕێژراو بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر و دهۆک ، دەکرێت چارەسەری هەرەگونجاو بێت بۆ دەستکردنێکی بەپەلە بەو قۆناخە و پاراستنی هەرێمێکی دەسەڵاتدارێتی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان کە جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان نەبووەتە دروشم و ئامانجی ڕاگەیێندراوی پارتە کوردییەکان ، بۆیەش ئەگەر گرووپەکانی وەک جەیشولئیسلام بتوانن لە غوتەی ڕۆژهەڵات گفتوگۆ لەگەڵ ڕووسیا و سووریا و تورکیا بکەن و جێگەی مانەوەو هێزی خۆیان بدۆزنەوە ، بۆچی پارتە کوردییەکان لەسەر خاکی خۆیان ناتوانن ئەوە بکەن .

قسەی شارەزایەکی ئاگاداری ئەمریکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو لەوبارەوە . ئەو دەیگوت: "ئەمریکا بە کوردەکانی سووریای گوتووە (مەبەستی پارتی یەکێتی دیموکراتی بوو) ئێوە دەبێ پەیوەندیتان هەبێت و گونجاوبن لەگەڵ دەوروبەرتان، لەوانەش هەرێمی کوردستان و تورکیا" .

هەروەها دەیگوت : ئێمە دەزانین کە کوردەکانی سووریا (هەر مەبەستی پارتی یەکێتی دیموکراتی بوو) کۆنە کۆمۆنیستن و بەهۆی ئەو باکگراوەندەیان هەمیشە چاویان لە ڕووسیایە.

ئەو دوو قسەیە شایانی بیرلێکردنەوەی زۆرن بەتایبەتی بۆ پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، تاوەکو دەرفەتەکە بەتەواوی لەدەست نەچووە . چەند جارێک ئەوەم لەکەسانی شارەزا و دانیشتوو لەگەڵ ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بیستووە کە "پێویستە دەسەڵاتدارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی فورات لە سووریا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بارزانی بەهێزبکەن و لەو ڕێگەیەشەوە وابکەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا گونجاوبن" . بەداخەوە گوێ لەوە نەگیرا، هەندێ حیزبی باشووری کوردستانیش بەمەبەستی حیزبییانە هاندەربوون بۆ ئەو گوێنەگرتنە ، لەبەرئەوەش ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان نەبووە خاوەن پشتیوانییەکی سیاسی ناوخۆیی لە ڕۆژئاوای کوردستان و پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ دەوروبەریدا .

ئێستا هەموو هێزەکانی ناوچەکە بە ئاشکرا یان لەژێرەوە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتر ، چونکە هیچ دەوڵەتێک ناکرێ لەشەڕدابێت لەگەڵ هەمووان ، بۆیە کوردیش لەهەموو شوێنێک لەپێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا دەبێ ڕێککەون و پێکەوەکارکردنی ناوخۆیی و گفتوگۆیان لەگەڵ دەوروبەر و هێزەکانی ناوچەکەدا هەبێت .



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# هیچ خیانەتێک لە کورد کراوە؟

لە پاش هێرشی تورکیاوە بۆ سەر عەفرین و دەستگرتنەوەی حکومەتی عێراق بەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا لە ئۆکتۆبەری 2017، بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانم باسی "خیانەتی ئەمریکا لە کورد" دەکەن.

زۆر پرسیاری ئەوە دەکرێ کە بۆچی کورد خیانەتی لێکرایەوە، پاش ئەوەی "لەپێناوی ئەمریکا و جیهاندا شەڕی داعشی کرد".

خەڵک بە جۆرێک قسە دەکەن، وەکو بڵێی دوایین خیانەت لەوەی 1975 دەچێت، کاتێک کیسنجەر دڵنیایی دایە مەلا مستەفا بارزانی بۆئەوەی لە دژی بەغدا ڕاپەڕێ و دواتریش کاتێک شای ئێران لەگەڵ بەغدا پێکهاتەوە و ئەمریکا هاوکارییەکانی خۆی لە کورد گرتەوە.

بەڵام لێکدانەوەی ڕووداوەکانی 1975یش زێدەڕۆییان پێوە دیارە. دوای ئەوەی شای ئێران لێی قەدەغەکردن خاکی ئەوان (بۆ یارمەتیدانی کورد) بەکاربهێنن، ئیدی نە ئەمریکییەکان و نە ئیسرائیلییەکانیش لە پێگەیەکدا نەبوون بەردەوام بن لە هاوکاریکردنی کورد.

ئەوکات لە ئیسرائیل هەندێک دڵگرانیی ڕەوا و ڕاستەقینە بەدی دەکرا، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەوە جێی پرسیارە کە واشنتن ـ ئەگەر ویستباشی شتێک بکا ـ لەو سەردەمەدا دەیتوانی چی بۆ کورد بکات؟ فڕێدانی یارمەتی لە ڕێگەی فڕۆکەوە سوودێکی ئەوتۆی نییە، وەکو چۆن لە کۆبانێ بینیمان ئەو جۆرە هاوکارییانە دەکرێت بکەونە دەستی دوژمن.

هەرچی ڕووداوەکانی ئەم دواییەشە، خوێنەرانی ئەم گۆشەیە پێویستە کۆمەڵێک خاڵ لەبەرچاو بگرن: لە پەیوەندی لەگەڵ گشتپرسییەکەی ئەیلولی ڕابردوو، هەروەها ڕووداوەکانی دواتریش، خوێنەر پێویستە ئەوە بزانێ کە ئەمریکا هیچکات دژایەتی خۆی لەگەڵ هەنگاوی هەولێر بەرەو جیابوونەوە لە عێراق نەشاردەوە. ئیدارەی ئەمریکی بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەوان پشتگیری لەو هەنگاوە ناکەن، وەکو چۆن گوتیشیان دژی چارەسەرکردنی یەکلایەنەی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانن.

بەرپرسانی واشنتن هیچ دەرفەتێکیان لەکیس نەدا بۆ ئەوەی پشتگیریی خۆیان بۆ یەکێتی خاکی عێراق دەرببڕن ـ لە هەموو ڕاگەیەندراوەکانیاندا ئەو ڕستەیە بەدی دەکرا کە "ئێمە پشتگیری لە عێراقێکی بەهێز، یەکگرتوو، دیموکراتیک و فیدراڵ دەکەین".

کاتێک لە مانگی ئۆکتۆبەر، ژەنەراڵ سولەیمانی بەشێک لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی دابڕاند و هەر ئەوانیش ڕێگەیان بۆ بەغدا خۆش کرد کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە وەربگرێتەوە، شتێکی سەیر نەبوو کە واشنتن لە شەڕی دژی بەغدادا پشتگیریی کوردی نەکرد. هەڵبەت تەنانەت ئەگەر ئەمریکا ویستباشی شتێک بکات، ئەستەم بوو کاتی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی یارمەتی هەولێر بدات، چونکە پاشەکشە لەناوچەکان زۆر خێرا بوو.

وەکو ئەوکات ئەم گۆشەنووسە و چاودێرانی دیکەش ئاماژەیان بۆ کردبوو، واشنتن دەیتوانی لەدژی هەوڵەکانی بەغدا لەدژی کورد لێدوانی هەڕەشەئامێزی توندتر ئاراستەی بەغدا بکات، بەڵام ئەو هەنگاوەی ئەمریکا وەها دەردەکەوت کە پشتگیری لە هەوڵەکانی سەربەخۆیی دەکات لەکاتێکدا ئەمریکا تاوەکو ئێستاش دژی ئەو هەوڵەیە، جا هەر هۆکارێکی گومڕاکەرانە لە پشت ئەم بیرکردنەوەیەی ئەمریکاوە بێت، جێی باسی ئێمە نییە. ئەگەر ئەو سیاسەتە ڕاگەیەندراوەی ئەمریکا لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئەستەمە مامەڵەی ئەمریکا بگاتە ئەو ئاستەی ناوی "خیانەت"ی لێ بنرێت.

ڕاستیەکەی دوور نییە ئەمریکییەکان لە کۆبوونەوەی تایبەتدا هۆشدارییان بە بەغدا دابێ هەڵمەتە سەربازییەکانیان بۆ ئەو ناوچانە درێژ نەکەنەوە کە بە شێوەی دەستووری بە ناوچەی هەرێمی کوردستان ناسراون (واتە ئەو ناوچانەی لە کاتی نووسینی دەستووری عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوون). ئەمە بەڵێنێک بووە کە واشنتن هەموو کات بە کوردی داوە و پێدەچێت تاوەکو ئێستا بەڵێنەکەی بردبێتە سەر.

کاتێک باسی داعشیش دەکەین، زەحمەتە بگوترێ کورد لە عێراق و سووریا ئەو شەڕەیان "لە پێناوی ئەمریکا و جیهان" کردووە، بەڵکو شەڕیان بۆ خۆیان کردووە. کاتێک لە حوزەیرانی 2014، داعش مووسڵ و شارە عەرەبییەکانی دیکەی لە ژێر دەسەڵاتی بەغدا دەرکرد، سەرکردەکانی هەولێر مەیلێکی ئەوتۆیان نەبوو لە شەڕی دژی داعشدا یارمەتی بەغدا بدەن، بەڵکو کاتێک هاتنە ناو شەڕەکەوە کە خۆیان لە ئابی 2014دا ڕووبەڕووی کوشتاری داعش بوونەوە.

بۆیەش حاڵەتەکە خۆنەویستییەکی پاڵەوانانە نەبووە (هەرچەند ئازایەتیی کورد لەو شەڕەدا دەرکەوت). کورد لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەندیدار بە خۆیەوە شەڕی داعشی کرد، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەمریکا و بەشی زۆری جیهاندا یەکیگرتەوە.

ڕەوشەکە لە سووریاش بەهەمان شێوە بوو. کوردی سووریا دوای ئەوەی بینییان لە 2011 وە لەلایەن گرووپی جیهادیی جیاجیا و بەتایبەتیش داعشەوە کراونەتە ئامانج، ئیدی بەرژەوەندیی خۆیان لەوەدا دەبینی کە ئەو گرووپانە لەناوبەرن. بۆ یەکجاریش بێت بەرژەوەندییە سەرەکییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یەکی گرت، ئەمریکاش یەکەمجار لە کۆبانێ و دواتر بە شێوەیەکی گشتی هاوکاریی شەڕڤانانی پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە)ی کرد.

ئەم حاڵەتەشیان خۆنەویستیی کوردی سووریا نەبوو. ڕاستە ئەمریکا و جیهان دەبێ سوپاسگوزاری کورد بن کە داعشی تێکشکاند، بەڵام با هەر هیچ نەبێ لەوەیاندا بەرچاومان ڕوون بێ کە هیچ لایەنێک خۆبەخشانە شەڕی بۆ لایەنێکی دیکە نەکردووە.

ئەوجار با سەیری شەڕی عەفرین و هێرشی تورکیا بۆ سەر ئەو ناوچەیە بکەین. عەفرین، بە پێچەوانەی کۆبانێ و جزیر، هیچکات لە زۆنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکادا نەبووە. ئەوە ڕووسەکان بوون کە چاودێریی سنووری ئاسمانیی ئەو ناوچەیەیان دەکرد و هێزی پیادەشیان لەوێ هەبوو. ئەمریکا چی پێدەکرا کاتێک تورکیا گڵۆپی سەوزی لە مۆسکۆ وەرگرتووە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ناوچەکە؟ ئایا ئەمریکا دەبووایە لە ئاسمانی عەفرین شەڕی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا و تورکیای بکردبایە، لە کاتێکدا واشنتن هیچکات بەڵێنی پاراستنی ئەو ناوچەیەی نەداوە؟ نەخێر، خیانەتی عەفرین ئەگەر کرابێت ڕووسەکان کردوویانە.

دوای هەموو ئەمانە، دەگەینە لێدوانەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کە هەفتەی ڕابردوو گوتی "ئەمریکا زۆر بە زوویی سووریا جێدەهێڵێ". ئەم لێدوانە ماوەیەکی کورت دوای پەیوەندیی تەلەفۆنی ترەمپ لەگەڵ (ڕەجەب تەیب) ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا هات.

ئەم ئەگەرە، بە پێچەوانەی ڕووداوەکانی سەرەوە، دەکرێ ناوی خیانەتێکی گەمژانە لە کوردی سووریای لێ بنرێ. ئەمریکا بەڵێنی بە شەڕڤانە ئازاکانی کۆبانێ و جزیر داوە، ئەمە بەڵێنە کە مەعقول نییە ئەمریکا پشتگوێی بخات، بە تایبەتیش مەعقول نییە لەبەر ئیسلامیستەکانی ئەنقەرە و دیکتاتۆرەکەی مۆسکۆ پشتگوێی بخات.

***ڕۆمانۆ، پرۆفیسۆری سیاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆی ویلایەتی میسووری لە ئەمریکا.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# حەدیس ئەیوبی یەکەمی بەریتانیایە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر :ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 488 56 96 - 0750 486 34 12☎
rudaw@rudaw.net











Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ E-mail: info@familymallarbil.com